دۆسیەی هێمن بنەسلاوەیی

# تونێـــڵی مـــەرگ

له گێژاوی حوکمڕانی بارزانیدا هێشتا هێمنم

ئامادەکردنی

هێمن بنەسلاوەیی

2018

## پێشکەش بە:

*بە خانەوادە سەربەرزەکەم، کە هەمیشە کۆڵنەدەرو خۆڕاگرن.

*پێشمەرگە سەربەرزەکانی کوردستان، کە بەدڵ خاکویستن.

*ئەو قەڵەمانەی تینووی قومێک ئازادین

* مامۆستا کارۆخ

* دکتۆر جەعفەر عەلی

*ئەوانەی هاوکارم بوون بۆ چاوهەڵهێنانی ئەم پەرتووکە.

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: تونێڵی مەرگ

بابەت: دیکۆمێنتاری

نوسینی: هێمن بنەسلاوەیی

دیزاین: سۆران عەزیز

تیراژ : 500 دانە

چاپخانە: ئارت پرێنت

ساڵ و شوێنی چاپ: 2018- سلێمانی

-لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(    ) ی ساڵی 2018 ی پێدراوە.

# پێـــــــشەکی

لە خانەوادەیەکی ئارام و ئاسوودە هاتمە دونیاوە، هەستم وایە، کە هەربۆیەش ناونرابم هێمن.

ساڵی ١٩٨٠ لەهەولێر بەنیازی چاوهەڵێنان بەڕووناکی خۆرو دیدەنی ڕۆژگاری تەمەن سکی پیرۆزی دایکم جێهێشت و ڕووم کردە ئەم سەرزەمینەی، کە هیچ ڕۆژێکم بەشیرین حاڵییەوە تێیدا بەڕێ نەکردووە.

زەمەنی لەدایک بوونی من شەڕو کاولکاری بوو لەوڵات و لاوان بۆ مەرگ ناونووس دەکران.

ژیانم دەست پێکرد، هەوڵی هێمنی ئایندەم ئەدرا، لەپێناو ئارامی من و خەڵک و خاک خرامە بەر خوێندن و لەسەر کورسیەکی ڕەق و تەقی خوێندنگا بەرامبەر مامۆستاو تەختە ڕەش، چاوم زەق کردن، دیقەتی فێربوونی ئەو پیت و ژمارانەم دەدا، کە بەتەباشیرێکی تۆزاوی لەسەر لەوحەیەکی ڕەشدا دەنوسران.

هەمیشە ترسی وەشاندنی داری دەستی مامۆستام هەبوو، لەترسی تێگرتنی پارچە تەباشیری تۆزاوی لەپێستی هێمنی دەردەچووم و خێرا خێرا دەستم بەچاوانمەوە دەگرت.

ئەو ڕۆژانە کاتێ لە لەوحەی ڕەشدا پیتەکانمان دەنوسییەوە حاڵی بووم ،کە لەم وڵاتەدا دەبێ ژیان لەناو کیسەیەکی ڕەشدا هەڵگرین و ڕووبکەینە سڕینەوەی ئارامی.

سەرەتای منداڵیم دڵم بەخۆم دەسوتا، چونکە گیرفانەکەم هیچ کات بایی کڕینی دەستەجلێکی بەئارەزووی خۆمی تێدا نەبوو، ئەمما، کە گەیشتمە حاڵی فامکردن دڵم بەباوکە زەحمەتکێشەکەم دەسووتا، ئاخۆ ئەبێ چەند ماندوو بێت بەگەورەکردنی منداڵەکانیەوە.

هەر لەهاوزەمەنی باوکیشمدا هاوزمان و هاودین هەبوون لەفەخفەخەدا دەژیان بەهۆی هاودەستبوون لەگەڵ تێکدەرانی ژیانی سەر ئەم زەمینەی وڵات.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و ڕێزی زۆر بۆ هەموو ئەوانەی لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوی دەرکردنم لە شاری هەولێر لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارتی و بارزانی و بەهۆکاری سیاسی، دڵسۆزانە هاوکار و هاوخەمم بوون. سوپاس بۆ تەواوی ئەو کەسانەی، کە ئەگەر بە تەنها وشەیەك، لێدوانێك، یان هەر هەڵوێستێکی تایبەتی خۆیان بێت، ئیدانەی بکەرانی ڕووداوەکەیان کردو لە پشتی ڕەوایی کەیسەکە وەستانەوە.

ئەم هەڵوێستانەی دژ بە ستەمکاری و کۆی ئەم وەفادارییەی خەڵك بۆ کەیسەکە، جگە لەوەی تا ڕادەیەك لە ڕووی فیزیکی و دەروونی بوونە هەتوانی سارێژی برینەکانم، هەمانکات بوونە بەشێك لە مێژووی کەسایەتی من و بۆ هەرگیز لەبیرناکرێت. بەشبەحاڵی خۆم چەند شانازی بە هەڵوێستەکانم دەرهەق بە ستەمکاری دەسەڵاتی پارتی لە کوردستان دەکەم، هێندەو زیاتریش هەڵوێستی خەڵك لە پشتیوانی لەم کەیسە، بەهەرجۆرێك بووبێ و سەر بەهەر دونیایەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی بووبن، بۆ من جێگەی ڕێز و شانازی گەورەیە. ئەم کتێبە، دۆکیومێنتکردنی ئەو نووسین و وتار و ڕاپۆرت و پۆستانەی فەیسبوك لەخۆدەگرێت، کە ڕۆژانی ڕووداوەکەو دوای ڕووداوەکە، سەبارەت بە خودی کەیسەکەو، ستەمی دەسەڵاتدارانی پارتی نووسراون. واتە لە یەککاتدا هەم ئەرشیفکردنی بابەتێکی دۆکیومێنتارییە، هەم وەفایە بۆ هاوخەمی و پشتیوانی تەواوی ئەو کەسانەی بەشێوازی جیا جیا کەیسەکەیان وەك کەیسی نێوان

ستەملێکرا و و ستەمکار، ئازادی و پەلامارەدرانی ئازادی ئینسان بینی و لە رووی تیۆری و پراکتیکییەوە، بوونە بەشێك لە پشتیوانی لە ئازادی مرۆڤ و رێزگرتن لە جیاوازی و هەمانکات رووتکردنەوەو پیشاندانی ستەمکاران لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا وەك خۆیان.

گومانی تێدانییە، بۆ هەمووومان و بۆ مێژووی میللەتەکەشمان بایەخی خۆی دەبێت، کە ئەگەر کۆی رووداو و کەیسە تایبەت و گشتییەکان، وەك خۆی و راستگۆیانە، ئەرشیف و دۆکیومێنت بکرێن، تا هیچ نەبێت بۆ خۆمان و بۆ دەرەوەی خۆشمان بتوانین رووداوەکان و راستی رووداوەکان، لە چەواشەکاری دەسەڵات و قەڵەم بەدەستانی دەسەڵات، هەروەها لە ونبوونیش بپارێزین، تا لەرێی دۆکیومێنتکردنەوە، هەرچی زیاتر چەتەگەری و بێدادی و نادیموکراسیبوون و ناشیرینییەکانی ئەم دەسەڵاتە حیزبییە کوردییە بە ناسنامەی راستەقینەی خۆیان بە نەوەکانی ئایندەمان ئاشنابکەین.

دووبارە سوپاسگوزاری تەواوی ئەم خەڵکە ئازیزەم، کە لەم کەیسەدا هاوکار و پشتیوانم بوون، لە بەرانبەر ستەمکاری بنەماڵەیی و حیزبیدا، سەنگەری داکۆکی لە ئازادی و ماف مرۆڤیان هەڵبژارد و هێزی زیاتریان بە خەباتی مەدەنی و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەخشی. بۆ من جێگەی شانازییە، کە نە ستەمی دەسەڵاتی پارتی و نە هەوڵە فریودەرانەکانی دیکەی دوای رووداوەکە، نەیانتوانی تووشی خلیسکانم بکەن و لە بەرەی نیشتمانپەروەری و خەباتی مەدەنی و سەنگەری راستکاران دوورم بخەنەوە.

**هەمیشە رێز، هەمیشە سوپاس**

# بەشی یەکەم

# ژیاننامەو بەسەرهات

# ژیان دوای راپەڕین

لەدوای راپەڕین پێم وابوو پێم ناوەتە قۆناغێك، کەچیتر بەتەباشیری تۆزاوی لەسەر تەختەڕەش ژیان نانووسمەوە، ئیتر قۆناغێك دەست پێدەکات لەجیاتی ناوم بنووسریٚ بۆ بەرەی جەنگ و مەرگ ناوەکەم لەتۆماری خوێندنی ئەکادیمی تۆمار دەکرێت و فێری پاراستنی هێمنی ژیانم دەکەن.



پێم وابوو لەپێناو ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریدا تواناکانی گەنجانی وەك من وەبەردەهێنرێن، بەڵام رێك پێچەوانەی خواست و دونیابینی من دەرچوو.

دوای راپەڕین جگە لە خراپتر بوونی دۆخی ژیان. هیچ شتێکی ترم بەدی نەکرد.جەنگ لەسەر سنوورەکان گواسترایەوە بۆ ناو شەقام و کۆڵانەکان، زاڵم و جەردەکان بەزمانی

خۆماڵی دەدوان، لەبری خزمەتی ئیلزامی سەربازی چەکداری بەهەڵبژاردەیی بوو. بوو بە وەسیلەی ژیان. لەجیاتی ئاشتی رق و کینەم فێرکرا، فێرکرام جگە لەتەنها رەنگێگ گشت رەنگەکانی تر وەلا بنێم ، ئایندەیان تاریك و نوتەك کردین و خەونەکانمان مایەپووچ بوون.

لەوساتەدا تەنها پیشەی پێشمەرگایەتیم بەپیرۆز دەزانی و هەنووکەش هەر وا بیر دەکەمەوە، چونکە پێشمەرگە رەمزی نەتەوەییەکی بیٚ خاك و ولاٚتە،بەلاٚم خەونم هەمیشە یەکخستنی ئەوهێزە بووە لەژێر چەتری وەزارەتێکی تۆکمەو دوور لەبۆن و بەرامەی حیزبایەتی واتە هێزێکی نیشتیمانی راهێنراو بێت.

مەخابن ئەوکات واتێگەیەنرابووم، کەبۆ سڕینەوەی هێزی بەرامبەر چەك لەشان بکەم و ناوی خۆم بنێم پێشمەرگە، پێشمەرگەیەك ،کە چەکدارەکەی بەرامبەریشم هەمان نازناوی هەبوو، بەڵام چەکدارەکانی بەرامبەرم خینەتکار بون. ئەو منی بەدوژمن دەزانی و هەوڵی دەدا بمکوژێت. منیش هێرشم بۆ کوشتنی ئەو دەبرد. بەهەمان زمان سووکایەتیمان بەیەکتری دەکرد، هەردوو لامان بێئاگابووین لەوەی، کە ئامێرێکین بەدەستی ئەوانەی درێژەپێدەری هەمان کردارو سیاسەتی ئەو دەسەلاٚتەن، کەولاٚتی کرد بە وێرانەیەکی بەتاڵ لەئاشتی و ئارامی.

من دەمویست هەر هێمن بم بەهێمنی بژیم و بمێنمەوە، بەلاٚم داخی گرانم ئەوە روویندا. منیش وەك هەزاران مرۆڤ خەونم زڕاو ناوە هێمنەکەم لەتۆماری براکوژان تۆمارکرا، کە ئەوکات تەمەنم تەنها 14 ساڵ بوو لەساڵی1994دا چەکی شەڕی ناوخۆم کردە شان و پەڕۆی رەنگ سەوزم لەمل و لولەی تفەنگەکەم بەست و رووەوئەوانەم راگرت، کەرەنگی من نەبوون. وایان لێکردم شانازی بەوە بکەم، کە رقم لەوەرزی پایزیش بێت، چونکە رەنگی گەلاٚی درەخت و گژووگیا لەو وەرزەدا زەرد دەبێت.

چەکدارکرام بێ ئەوەی بگەمە تەمەنی بڕیاردان،ئاخر من 14 ساڵ بووم ئەو ئانە، لەیاسای کامە وڵاتدا هەیە کەسێك لەو تەمەنە ببێتە چەکدار؟



مرۆڤ لەم تەمەنەدا مافی دەنگدان و کارکردنیشی نییە، کەچی عورفی حیزبی دوای ڕاپەڕین منێکی هەرزەکاری چەکدار کردو پاشان نەیارەکانیشی بۆ دیاری کردم.

ئەمە لەهیچ یاسایەکدا جێی نابێتەوە، بۆیە ناویدەنێم گرووپی میلیشیایی لە کوردستان و ئەم گرووپانە بەهەڵگیرساندنی شەڕی نەگریسی ناوخۆ ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانیان پاشخست.

دوای راپەڕین من کرام بەچەکدارێکی نەشارەزا و لەریزی سووپایەکی رێکنەخراو، جگە لەشەڕو بەرەنگاری هیچی ترمان فێرنەدەکرا. هەمیشە وام بیردەکردەوە،گەر ئالآی گرووپەکەی من نەبێت، ئەوا لەسەحرای ژیاندا لەبرساندا دەمرم و ژیانم بەکۆتا دێت.

هەر لەناو گرووپە چەکدارییەکەی ئێمەدا کەسانی راسترەوی ئیسلامی هەبوون و هەمیشە فەتوای فەتح و غەزایان دەدا و پێیان دەوتین، ئەگەر ئێوە بکوژرێن لەجەنگدا ئەوا بێ سێ و دوو شەهیدی لای خوان و رێگای بەهەشتتان گرتۆتە بەر، بەلآم دواتر تێگەیشتم ئەوانەی ئێمە شەڕیان بۆ دەکەین بڕیاردەری دینی نین و سیکۆلارو شیوعین.

لەزۆربەی شەڕەکانی پارێزگای هەولێر بەشداربووم، سەدان گەنجم بینی کەمئەندام وئاوارەو دەربەدەرو بێ لانەو ماڵ بوون، بەڕاستی ئەم گرووپە چەکدارانە ولآتیان کاول کردوخەونی هەزاران گەنج و مرۆڤیان نایە ژێر گۆڕەوە.

لەسەرەتای ساڵی 1997، کە هێشتا تەمەنم 17 ساڵان بوو لەهەڵەبجە برینداركرام و کەوتمە دەست میلیشیایەکی ئیسلامی.دواتر لەساتەوەختی گۆڕینەوەی دیلەکاندا بەدیلێکی ئەوان گۆڕدرامەوەو ئازادکرام.

من وامزانی ئیدی بەئازادی ژیان دەگوزەرێنم، ئەوەبوو جارێکی دیکە چوومە ریزی گرووپە چەکدارەکەی جارانم و هەر لەوساڵەدا لە دۆڵی سماقووڵی لەچیای سوسێ بەبۆردوومانی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بریندار بووم، ئەو فرۆکە نەگریسانەی لەسەر داوای پارتی و بارزانی هاتبوون بۆ لێدانی هێزەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کەواتە میلیشیاکەی بەرامبەرمان، کە هێزی پارتی بوو تەنانەت هێزی دوژمن و داگیرکەرانیشی هێنابووە سەر ئەو نیشتیمانەی گوایە لەدەستی دوژمن رزگارکراوە.

ئیدی لەوساتەوە ئەو تێڕوانینە لای من تۆخ بووەوە،کە دوژمێکی بێگانە بەدوژمنێکی خۆماڵی گۆڕدراو ولات جارێکی تر چووەوە ژێر هەیمەنەی دوژمن و هەتا ئیستاش ئەو هێزە دوژمنایەتی دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەکەن.

ئەمانە جگە لەجەنگ و ماڵوێرانی و کاولکاری دەستیان بەسەر سامان و قووتی خەڵکیشدا گرتووە.ئەو داهاتەی دێتە دەستیان بەشێکی کەمی بۆ خەڵك و چەکدارەکانیان خەرج دەکەن و ڕێژە زۆرەکەشی لەخزمەت ژیان و ڕەفاهیەتی خۆیانەو لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەهەزاران پرۆژەو کۆمپانیایان بنیاتناوەو خێرو بێرەکەشی هەر بۆ خۆیانەو میللەتیش زەقەی چاوی دێت.

لەوساتانەدا گرانی و قات و قڕی تەنگی بەهاولاتیان هەڵچنیبوو، بەجۆرێك دەستخستنی نانی ڕۆژانە زۆر ئەستەم بوو، هەر ئەو فەرماندانە بوون، کە دەستیان گرت بەسەر مومتەلەکاتی حوکم و ماڵ و سامانی گشتی . مەخابن تا هەنووکەش هیچ سزاو لێپرسینەوەیەك لەئارادا نەبووەو نیشە، هەردوو پارت سووپاکەیان ڕەهاکردبوو لە چۆنییەتی خۆژیاندن. گرنگ ئەوەبوو لایان ئەوان زۆرترین زەوی پاوان بکەن و خێروبێرەکەی بخۆن.

زۆرجار ئەو هێزانە،کە جێگایەکیان کۆنترۆڵ دەکرد، ئیدی دەستدەکرا بەتاڵان و درینی ماڵ و موڵکی خەڵکی و هەزاران کەس بەوهۆیەوە سەرگەردان و مایەپووچ بوون.

ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، هەرکەس زیاتر ئازاری خەڵکی بدایەو تاڵانکاری و دەستدرێژکاری بکردایەتە سەر خەڵکی بەفەرماندەو قارەمان ئەژمار دەکرا، کە ئەمە بۆخۆی پێچەوانەی هەموو تێڕوانینێکی بەویژدانانەیە، چونکە چۆن دەبێ کەسانی جەلاد و مافیا ببنە پاڵەوانی نیشتیمانی و لەرووبەری ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب و ڤیدیۆکاندا بە قارەمانی نیشتیمانی ئەژمار بکرێت و تەنانەت خەلاتیش بکرێت.من لێرەدا مەبەستم هەموو

فەرماندەکانی پێشمەرگە نییە، چونکە زۆریان پێشمەرگەی دێرین و دڵسۆزن و ئیستاش هەر بەدڵ و بەگیان خاکی خۆیان خۆشدەوێت.

لەوئان و ساتەدا جاری واهەبوو بەسێ مانگ جارێك پێنج دینار لەگیرفانمدابوو، بەلام بەئاشکرا دەمانبینی فەرماندەکان لەچ رەفاهیەت و نازو نیعمەتێکدا گوزەرانیان دەکرد، ئیستاش لەخۆم دەپرسم باشە من ئەو شتانەم دەزانی ئەی بۆچی هەر بەدوایانەوە بووم؟

باشە ئەوە من کەسێکی هەرزەکارو کەم ئەزموون بووم و فامم نەدەکردەوە, ئەی بۆ ئەوانەی لەمن گەورەتر بوون ئەقڵیان پێی نەدەشکاو ئەو جیاوازی و زوڵمە زۆرەیان قبوڵ دەکرد .

ماقووڵە ئەو کەسەی لەمەیدانی جەنگ شەڕ بکات و قوربانی بدات بەڕسوایی بژی و ئەو فەرماندانەشی لە دووری جەبهەوە ئیعاز ئەدەن های لایڤ بژین؟



# دوای ڕێکەوتنی یەکێتی وپارتی



لەدوای ئاگربەستی هەردوو هێزی دەسەلاتدار، تاڕادەیەك هۆشم هاتەوە بەر، بەلام هێشتا تەواو کامڵ نەبووم.هێشتا بەتەواوی دیدگام بەرامبەر حیزبەکەم نەگۆڕدرا.پێم وابوو لەبەرامبەر خزمەتی چەکداریم پاداشت دەکرێم، بەلام نەك هەر پاداشت نەکرام، بەڵکو بەختەتاباری دۆخەکەش لەقەڵەم دراین و فەرماندەکانیش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون.

دوای کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بەڕووی جیهانی پێشکەوتوو، ئیدی روئیای من بۆ ژیان گۆڕدراو گەیشتمە ئەو باوەڕەی من نەك شایستەی پاداشت نیم، بگرە دەبێت منیش لەپای بەشداریکردن لە جەنگی ناوخۆییدا سزا بدرێم.

هەرچەندە من لەو ئانەدا هەرزەکاربووم و تەمەنی یاسایی چەکداربوونم نەبوو، بەڵام هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی پێویستە بەر لەمن ئەوانەی هەڵگیرسێنەری جەنگ و نەهامەتییەکانن رووبەڕووی توندترین سزابکرێنەوە و دادگایی بکرێن.

بەڵام حەیف هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بووەوەو ئەوەبوو لەدوای ئاگربەست شەڕێکی تر یەخەی گرتین، ئەویش شەڕی هەردوو لایەن بوو بەرامبەر بەخەڵك و سەروەت و سامانی وڵات راگەیەنرا، هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕەش پارتی و بارزانی بوون . ئیدی هەردوو لا رێکەوتن لەسەر دابەشکردنی سەروەت و سامان و خێروبێری وڵات بەسەر یەکتری.

ئەوەبوو ئەو دوو هێزە هێندە لێك نزیکبوونەوەو رێکەوتنی ستراتیژی لەنێوانیان مۆرکرا، تا هەنووکەش ئەو رێکەوتنە کارایەو ئەو دوو هێزە هاوبەش و هاوپەیمانن.

لەدوای رێکەوتن و نەمانی جەنگ لەنێوان یەکێتی و پارتی ژیانی خەڵکی قورس و سەخت بوو، راستە شەڕی چەکداری نەما، ئیدی شەڕی ئێمە بەدوای پەیداکردنی قووتی رۆژانە بوو، کەزۆر بەزەحمەت پەیدا دەکرا. ساڵی 1999 لەتەمەنی هەرزەکاریمدا دەستم کرد بەکارکردن.

سەرەتا بەشاگردی وەستای دیوارو گەچکاری دەستم پێکرد، بووم بەکرێکارێکی زەحمەتکێش و ماندوو، لەبەیانی تا ئێوارەیەکی درەنگ بەدوای پەیداکردنی بژێوی ژیان ڕامدەکرد، لەوساتانەشدا دەستکەوتنی ئیش قورس بوو، بەڵام من گەنجێکی سەرسەخت و چاوقایم بووم و، ئەگەر وانەبوومایە بێ شێو سەرم دەنایەوە.من جگە لەخۆم دەبوو هاوکاری ماڵی باوکیشم بکەم و بۆیە زێتر تێدەکۆشام.

منی شەڕکەری حیزب. بووم بەکرێکارو فەرمەندەکانیشم بوون بەبازرگانی گەورە. زۆرجار بیرۆکەی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی مەدەنی لەهزرمدا چەکەری دەکرد لەدژی ئەوانەی منیان خستبووە مەیدانی جەنگ و خۆشیان لاف و گەزافیان لێدەداو لەسەر حیسابی ئێمە لەنازو نیعمەتدابوون.

بەڵام هەرزوو وازم لەو بیرۆکانە هێناو کەوتمە نێو کارکردن وخۆ پێگەیاندن لەسەر بنەمای ئاشتی کۆمەڵایەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە چاوەڕێی دروستبوونی بەرەیەکی مەدەنی بیٚ چەکم دەکرد، کە لەدژی زوڵم و ناعەدالەتی بجەنگێت.

دەمویست لەناو هێزێکی مەدەنی نوێخواز کاربکەم لەپێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری و پێشخستنی سیستم و شێوەی حوکمڕانی کوردستان. خەونی گەورەم ئەوەبوو، لەناو گرووپێکی مەدەنیدابم کۆمەڵگە هۆشیاربکاتەوە. جارێکی تر نەکەونە تەڵەی ئەو هێزانەی دەست و دیارییان هەر شەڕوماڵوێرانی و برسێتییە.

لەوکاتەی ئەمریکا شەڕی لەدژی عیراق راگەیاند و بڕیاری ناردنی هێزی عەسکەریدا بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت،دڵم بەوەخۆش بوو سیستمی حوکمڕانی لەکوردستانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت و سیستمی خێڵەکی حوکمڕان هەڵدەوەشێت، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕەوشە وەك خۆی مایەوەو ڕاستە تاڕادەیەك بەهۆی هاوکارییە داراییەکانی حکومەتی عیراق بۆ کوردستان. ڕەوشی مووچەو بژێوی خەڵك بەرەو باشتر رۆشت، بەڵام لەوساتانەشدا کوردستان لەوپەڕی گەندەڵیدا گووزەری دەکرد.

ئێمە زۆر بێئاگابووین لە داهات و خەرجی وڵات، چونکە لەسەدا بیست و پێنجی داهات بۆ خەڵکی خەرجدەکراو باقیەکەی تری لووش دەدرا.ساڵی 2005 کاتێك جەنابی مام جەلال بوو بەسەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بەڕاستی زۆر شادومان بووم، تەنها لەبەر ئەوەی کورد زمانێك گەیشتۆتە لوتکەی دەسەلاتی عیراق.ئەم هەستەی من نەتەوەییانەبوو، بەڵام

ئیستادەرك بەو تێفكرینە هەڵەیەم دەكەم، چونكە تێدەگەم ئەم تێڕوانینەم رەتكردنەوەی گەلانی ترە، یاخود بەگەورە دیتنی نەتەوەكەی خۆمە بەرامبەر گشت نەتەوەكانی دیكە.ئیستا پێم وایە لەم وڵاتەدا پێویستمان بەسەرۆكیكە مافی هەموو نەتەوەكان دابین بكات و حكومەتێكی رەنگاوڕەنگ بێتە كایە، كە تەعبیر لەهەموو گەلی عیراق بكات.

# بۆ بووم بەگۆڕانخواز؟

بێ شك گۆڕانخوازبوونم بەر لەدروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان چەکەرەی کردبوو، بەلام لەزهنیەتی خۆم و لەچوارچێوەیەکی مەودا کورت زیاتر بڕی نەدەکرد. پاش دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بەخێرایی پەیوەندیم بەم جولانەوەیەوە کردو وەکو هەڵسوراوێکی سادە وەرگیرام.

گۆڕانخوازبوونم پەیوەندی هەبوو بەم تێگەیشتنەم،کە لەپێشوودا بۆگۆڕانکاری لەحوکم و دژ بە ناعەدالەتی و گەندەلی لەهزرما گەشەی دەکرد.

ئەوکەسەی بزووتنەوەی گۆڕانی دروستکرد، هەر ئەو کەسە ئەوکاتەی ،کەچەکداریکی یەکێتی بووم ئەو کەسی دووەمی پایەی فەرمانداریێتی بوو، بەلام بەشایەدی هەمووان رۆلی مێژوویی ئەم و سیاسەت و کردارەکانی جودا دەبینرا لەوانی تر.تاساتی دروستبوونی گۆڕان ئەو زاتەم نەناسی بوو، جگە لەبیستنی ناوی نەوشیروان مستەفا. لەبارەی ئەوەو وردەکاریم نەدەزانی کاتێك سەرسەختانە بووە ڕکابەری پارتە دەسەلاتدارەکان ئیدی ناسیم و و بڕیارمدابیمە یەکێك لە جەنگاوەرە مەدەنییەکانی ژێر چەتری ئەم بزووتنەوەیە.

هێشتا پێشمەرگە بووم لەیەکێك لەبارەگاکانی یەکێتی لەهەولێرو پاسەوان بووم .من بەو کۆلکە نەخوێندەوارییەوە دەرکم بەو بێسەروبەریەی مەنزومەی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرد،کەچی زۆرێك هەبوون لەئاستی ئەکادیمی بالادا بوون و بەرگرییان




لەمانەوەی ئەم سیستمەناڕێکەی وەزارەت دەکرد.ساڵی2009 کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان خۆی لەلیستێکدا راگەیاند. لەدوو توێی بەرنامەی کارەکانیدا جەختی لەسەر ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکان دەکردەوە، لەپاڵ ئەوەشدا مەسەلەی دابەشکردنی داهات بەدادپەروەری و سەروەری یاساو دابینکردنی ژیانی شایستە و شەرەفمەندانەی هێنایە بەرباس.

ئەم پرەنسیبانە بۆمن نوێبوون،کەحیزبێکی سیاسی وەك وەسیلەی حوکمڕانی لەئەجیندای خۆیدا کۆیان بکاتەوەو بەفیعلی و لەئاستی سەرکردایەتی خۆی ئاڕاستەی جەماوەری ولاَتی بکات، تەواو پێچەوانەی گووتاری سیاسی حیزبەکانی پێش خۆی بوو.

لەهەمووی جوداتر دانانی لیستێکی هەڵبژاردن بوو، کە تەژی بوو لە وزەی گەنج و کەسانی ئەکادیمی, ئەوێ رۆژێ تێگەیشتم ، کەهەموو کەسێ دەتوانێت لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا وەبەرهێنان لەخۆیدا بکات.

ئیدی بووم بەهەڵسوراوێکی سەرسەختی بزووتنەوەی گۆڕان وبۆ پارەو بەرژەوەندی کەسی نەچوومە ناو گۆڕان وەك کەسانی تر لەپارتەکانی تر هەموو هەمیان تەنها پارەو سەروەت دەستکەوتنە.گۆڕانم بۆیە هەڵبژارد،تاکو ئامانجە گشتییەکانی گەل بەدیبهێنێت، تاوەکو خەڵك و خاکی وڵات لەدەست چەپۆکی گەندەڵکارو خاکفرۆشان دەربهێنین.

ئەوەندەی کەسێکی ئاشق بەگۆڕان و نوێبوونەوەی کۆمەڵگابووم نیو هێندە بایەخم نەداوە بەکاری حیزبی لەناو گۆڕاندا.کارەکانی خۆمم لەوەدا چڕ دەکردەوە تا بتوانم تاکەکانی کۆمەڵگا هۆشیار بکەمەوە. بەتایبەت لەشوێنی دەوامەکەمدا،کە چەکداربووم لەکۆمیتەیەکی یەکێتی و ئەوکارەش بۆمن قورس بوو.



ئەو رۆژەی نەوشیروان مستەفام بینی بوو بەوەرچەرخانی فیکرو تێڕوانینم لەبارەی ژیان لەم ولاتەدا.ئەوکات هەستم بەوە کرد،کەسەرکردەیەکی شۆڕشی شاخ هەیە، کە جێگەی ئومێدی خەڵك بێت و کەسێکی دەست پاك بێت.لەم دیدارەی کاك نەوشیروان بەدواوە گوورج و گۆڵتر لەجاران هاتمە نێو ڕیزی خەباتی مەدەنی دژ بە ستەم و گەندەڵکاری. دیتنی ئەم سەرکردەیە لەنزیکەوە هێزو ئومێد بەخش، بەقەد گەورەیی و وردبینی و سیاسەت زانییەکەی سادە بوو، کاتێك لەبەرامبەری دادەنیشتم هەستم بەئەمان وئایندەی گەشی ولات دەکرد، بۆیە بووم بەهەڵسووراوێکی بەهەق گۆڕانخواز، تابەدیهێنانی دوایین ئامانجیش بەڵێنی بەردەوامی لەسەر ئەم ڕێبازە دەدەم، چونکە جگە لەسیاسەتی حەکیم و کرداری باش هیچ شتێکی ترم لێنەدیت و نەبیست. هەمیشە ئومێدیکی زۆرم بەخودی کاك نەوشیروان بوو، بەردەوامیشم لەسەر بیری گۆڕانخوازی.

# سەروەتی من

---

لەئیستادا خاوەنی گەورەترین سەروەتی دونیام ، چونکە جگە لە لەهاوژینێکی سەلارو خۆڕاگر. چوار منداڵی بیرتیژو خاوەن ئیرادەم هەیە، کەبەهۆیانەوە هەناسەی درێژی پڕ لەعیزەت دەدەم.

ڕاستە لەسەرماڵ و حاڵی خۆم دەرکرام، کەبەڕەنجی شان پێکەوەم نابوو، ئیستانەفیکراوم و بەئاوارەیی ژیان دەگووزەرێنم، بەڵام هێشتابێتاقەت و وەڕس نیم، چونکیٚ ئەوانەی هۆکاری دەربەردەری منن لای خەڵك کەسانی بێزراون و منیش هەست بەئارامی و ڕێزی گەڵ دەکەم بەرامبەرم.

من ئێستا زەنگینم، زەنگینتر لەوکاتانەی، کەهەمو شتێکی مادیم هەبوو، بەڵام ئەوکات ئەم خۆڕاگریەم تاقی نەکرابووەوە، کە ئیستا خاوەنیم.

ڕاستە بەخێرو سەدەقەو دەست گیرۆیی ئەوانەی دەوروبەرم دەتوانم بەردەوامی بەژیانم بدەم،تەنانەت هەر بەم هۆکارە مناڵەکانم لەخوێندن بەردەوامن. ئیستا ئارامترم لەوکاتانەی،کەخاوەنی هەموو شتێك بووم، چونکە ئیستا بەرهەمی تێگەیشتنەکانم لەبارەی بنەماڵەی دەسەڵاتدار،کەبەهەرزە منداڵییەوە بۆی دەجەنگام دەچنمەوە.

زۆرن ئەوانەی ،کەخاوەن سەروەت و سامانن، بەتایبەت ئەوانەی لەڕێگای نایاساییەوە ماڵ کۆدەکەنەوە، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی شانازمەندو خۆشەویستی گەلێکی مەزلوومن. هەمیشە وایە مەزلووم لەدەردەکانی مەزلووم تێدەگات. بۆیە واهەست دەکەم من لەناخ و ئازارەکانی

کەسانی زوڵم لێکراو تێدەگەم و کارو تێکۆشانیشم لەپێناو گێڕانەوەی ئیرادەو مافەکانی ئەو کەسانەیە.

هێشتا چۆکم دانەداوە لەبەرامبەر بارو گوزەران و کوێرەوەرییەکانی ژیان.ئەو ژیانەی بەهۆی حوکمی چەوت و بیری بێفەڕی حوکمگێڕانی وڵات سەرتاپای بوو بەزەحمەت و دەردەسەری من، کە تەمەنی جوانیم بوو بەخۆراکی ئەم ئەجیندا خێڵەکی و حیزبییەی ماڵباتی بارزانی. هێندە پەرێشانی نەکردووم بەقەد خەمی ئایندەی رۆڵەکانی ئەم میللەتە ستەم دیدەیە، کە هێشتا منداڵ و هەرزە منداڵ بەچەشنێك فێڵیان لێدەکرێت و هەمان قەوانە سواوەکەی سەردەمی شەڕیان بۆ لێدەدرێتەوە.

لەو ڕۆژەوەی ،کەحاڵی بووم لە حوکمی ئەم حوکمڕانە بیرکۆڵانە هەوڵی زۆرترین سەروەتم داوە،کەهێشتاش بەردەوامم لەسەر هەمان کار، سەروەتێك، کە هیچ شتێك ناگاتە بەرامبەری، ئەویش تێگەیاندنی خەڵکە لەسیاسەت و کرداری چەوتی دەسەڵاتدارانی وڵات.

ئیمڕۆ ئێمەی کورد پێویستمان بەشۆڕشێکی فیکری هەیە، تاوەکو ئەم کەلتوورە دواکەوتووەی درێژەدان بە رژێمی پێشووی عیراق بگۆڕدرێت بەکەلتورێك، کەبناغەی کۆمەڵگایەکی تەندروست بێت ئیدی ئێمەش سوود لەو خێرو بێرە زۆرەی وڵات وەربگرین و بیخەینە خزمەت تاکەکانی کۆمەڵ، نەك مافیاو گەندەڵکاران بیماشنەوەو ئێمەش هەر زەقەی چاومان بێت.

بەبڕوای من هیچ سەروەتێك لەو خەباتە مەدەنییە گەورەتر نییە، کە لەپێناو نیشتیماندا بتوانیت بەردێك بخەیتە سەر بەردێك و شتێك بۆ نەوەکان بونیاد بنێیت، ڕەنگە تەمەنی ئێمە فریای ئەوەش نەکەوێت، خۆ ئەوەش کەم نییە بتوانین گۆمەکە بشڵەقێنین و شتێك پێشکەش بکەین،کە نەوەکانی ئایندە شانازیمان پێوە بکەن.

# ئەتک کردن

--------------------

لە ٢٦/٩/٢٠١٦ چەند خولەکێك بوو لەسلێمانیەوە گەڕابوومەوە ماڵەوە، ئەو ڕۆژە بەمەبەستی گەیاندنی فەرمانی نەقڵکردنم بەگردەکەی گۆڕان، کە بۆشوێنێکی دوور گوازرابوومەوە وەك سزای سیاسی، ئەو فەرمانەی نەقڵ کردنەم لەلایەن کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ کە بەوەکالەت بووبوو بەوەزیری پێشمەرگە دەرکرابوو، ڕۆیشتبووم بۆ گردی زەرگەتە تا پێیان بڵێم، کە بەهەر جۆرێك بێت هەوڵ بدەن بڕیاری گواستنەوەم ڕابگرن، چونکە توانای بەردەوامیم نەبوو لەو شوێنەی، کە وەزارەت بۆی دەستنیشان کردبووم.



هەر ئەو ڕۆژەی کە گەڕامەوە بۆهەولێر، لە ڕقی ئەو فەرمانەی بەسەرمدا سەپێنرابوو بڕیارم دا ئەگەر بەتەنیاش بم بەشداری خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی دواتری بەردەمی (پارکی شانەدەر) بکەم کەبەمەبەستی (ناعەدالەتی پارتی) ڕێکخرابوو، تا بچم و لەمەیدانی عەمەلیدا داوای ماڤی خۆم و تەواوی خەڵکی کوردستان بکەم کە ماوەی 27 ساڵە.هەرچی خراپەکاری هەیە بەرامبەر خەڵك دەکرێت لەسێبەری حوکمی ئەو بنەماڵەیە.

پێشتریش ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن یەکێتیەوە لەکار لادرابووم بەهۆی دەنگدانم بەبزوتنەوەی گۆڕان، لەکارلادانەکەم ماوەی ٥ ساڵی خایاند، سەرەڕای ئەوەش چەندین جار تەقە لە ماڵەکەم کراو تەنانەت لەسەر کاریش دەرکرابووم، ئەوکات وەستای کاشی بووم، چەندجارێك لەکارەکەم دەرکرام بەبیانووی گۆڕانبوونم، واتا کرێکاریشم پێڕەوا نەدەبینرا، لەبەر ئەوە بڕیارمدا بەشداری خۆپیشاندان بکەم.

پۆستێکم کرد لە هەژماری تایبەتی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، نوسیم: سبەینێ لەشاری هەولێر خۆپیشاندانە.

ئەو پۆستەم کرد سەعات شەش، کە چەند خولەکێك بوو گەڕابوومەوە ماڵەوە یەکێ لەهاوڕێکانم، کە کارمەندی ئاسایشی بوو ......... تەلەفۆنی کرد گوتی بەپەلە لەماڵ بڕۆ دەرەوە، مەجالی نەدا هۆکارەکەی لێبپرسم، یەکسەر دایخستەوە، منیش زۆر بە خێرایی جلەکانم لەبەرکرد هەرچەندە نزیکەی پێنج خولەك دەبوو جلەکانم داکەندبوون، لەوکاتە تەلەفۆنم بۆ چەند هاوڕێیەکم کرد و وتم ئاگاداربن نەوەك بێنە سەر ماڵی ئێوەش و دەستگیرتان بکەن، لەزهنی خۆمدا گوتم. ئەوانیش لەمەترسیەکە ئاگادار بکەمەوە.

ویستم بڕۆم، بەڵام پێڕا نەگەیشتم لەماڵ دەرچم لەدەرگا درا، ئامانجی کوڕم دەرگای کردەوە، لەپەنجەرەکەوە دیتم موختاری گەڕەکەکەی خۆمان بوو، لەکوڕەکەم پرسیبووی باوکت لەماڵە؟ ئامانجی کوڕیشم.

گوتبووی: بەڵێ لەماڵە.

موختار هەر ئەوەندەی پرسی و ڕۆیشت .بەوەقتێکی کەم دوای ڕۆیشتنی موختار هێزێکی زۆر بەبەرگی ئاساییش و بەدوو ئۆتۆمۆبێلی سەربازی، یەکسەر هێرشیان کردە سەر ماڵەکەم، سەرەتا منیان دەستگیرکرد و فڕێیاندامە ناو ئۆتۆمۆبێلێك، ئیتر ئاگام لە ماڵەوە نەما.

بە لێدان منیان برد و قسەی زۆر ناشرینیان پێدەگوتم، لەوکاتەی ئەوان خەریکی جنێودان بوون گوتم: تکایە بمکوژن، بەڵام ئەم قسە سووک و ناشرینانەم پێمەڵێن، هەرچۆنێک و هەرچیەکم لێ ئەکەن بیکەن تەنها کەمێك شەخسیەتی ئینسانیم ڕەچاو بکەن.

ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر قسەی نابەجێ و سووك، بۆیە منیش بەهۆی گرژبوونی دەمارەکانم و فشاری دەروونیمەوە هەمان ئەو جنێوانەم بەگەورەکانیان دایەوە.

هەر، کە من دەمم کردەوەو قسەم پێگوتن، سەیارەکەیان وەستاند، منیان هێنایە خوارەوە، بەپۆستاڵ و قۆندەرە کەوتنە سەر سەرم و شەقیان لەسك و پشت و سەرم هەڵدا، ئینجا سەریانخستمەوە ناو سەیارەکەو بەڕێکەوتن، چاویان بەستبووم نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبەن، موددەیەك ڕۆیشتن سەیارەکەیان وەستاند و بەچاو بەستراوی نەمدەزانی ئەو شوێنە کوێیە، لەو کاتەی چاویان کردمەوە بەملاو ئەولای خۆمدا ڕوانیم، ئینجا زانیم بازگەی شێراوەیە نزیك ناحیەی پردێ، کە دوا خاڵی سنوری ئاسایشی پارتی بوو، بردمیان بۆ کابینەی کارمەندانی بازگەکە، لەبازگەکە خستمیانە سەر ئەژنۆ، تەوقاتێکیاندا لەپشتی ملم و سەرم بۆ خوارەوە داگرا، داوای مەکینەیان کرد، سەرەتا وامزانی مەکینەی کارەبا دەڵێن و بەتەمان لە کارەبام بدەن. بۆیە تەزوویەکی ترس لەژان و ئێشی لەکارەبادان جەستەی داگرتم، لەوکاتەدا هیوام بەمردنێکی لەناکاو دەخواست، بەڵام کە دەنگی هات لەگزەکەیەوە زانیم مەکینەی سەرتاشینە، بڕۆکانیان تاشیم و چەند خەتێکیان بەسەرمدا هێناو قژیان تاشیم، دوای ئەمە گوتیان: بڕۆ سنوری یەکێتی و گۆڕان ئیتر تۆ لەم سنورە جێگەو ڕێگەو شوێنی ژیانت نەما، چونکە ئەو سنورە جێگەی کەسانێکی تێدا نابێتەوە، کە ڕەخنە لەسەرۆك بارزانی بگرێت و بەفەرمانی سەرەوە جانازانم مەبەستیان کێی بوو؟

دوای گوتنی ئەو چەند کەلیمەیە بەشەق تێیان هەڵدام و بەڕێیان کردم، ، ژان و ئازاری پشت و کەللە سەرم وڕو گێژیان کردبووم و جلەکانیشم زۆر شێواو بوون.

کەڕۆیشتم و چەند مەترێك لێیان دوورکەوتمەوە دوو لەچەکدارەکان هاتن و لێیان پرسیم:

چەندت پارە پێیە؟

هیچ دەرفەتی وەڵامدانەوەیان پێنەدام و دەستیان خستە ناو گیرفانم و هەندێ پارەیان دەریانهێناو ژمارديان ٨٩ هەزار دیناربوو، بیرمە یەکێکیان گوتی ئەمەش باشەو بەشی شتێك هەر دەکات.

لەم دەشتە بێ پارە مامەوە، هەموو گیانم ئازاری هەبوو، سەرم لەگێژەوە دەچوو، لاکەو لالا دەچووم، لەوکاتەدا تەکسیەك هاتە تەنیشتم و ڕاوەستا، ئەو تەکسیانەی، کە خەڵك لەبازگەکان دەگوازنەوە، سەرەتا ترسام، ترس لەهەموو شتێکی دەوروبەرم، وەك بڵێی هەرچی بۆی دەچم و بۆم دێت دێوەزمەیەو دەیەوێ کۆتاییم پێ بێنێت، شۆفێری تەکسیەکە گوتی: تەکسیت ناوێ؟

گوتم نا نەخێر نامەوێ.

هەستم کرد سەرنجم دەدا، زۆر شێواو بووم.

ئینجا گوتی: فەرموو سەرکەوە کاکە.

منیش بەتەوس و ترس و توڕەییەوە گوتم: نایەم.

کابرا وازی نەهێنا گوتی: پێم بڵێ ئەوە چیت لێقەوماوە؟ بەچی واتلێهاتووە؟

نەمزانی چۆن شەرعی حاڵی خۆمم بۆبکەم، گوتم: نازانم.

کابرا وتی تۆم بینی چییان لێکردی.

ئیتر لەسەیارەکەی دابەزی، هاتە پێشم، گوتی کاکە بۆ کوێ دەڕۆی با بتگەیەنم.

گوتم ئاخر هیچ پارەم پیٚ نییە، بۆیە تکایە تۆ برۆ من خۆم چارەی خۆمەکەم.

زۆر هەوڵیدا تا قایلی کردم لەگەڵی سواری سەیارەکەبم.

وتی پارەم ناوێت، تەنها پێم بڵیٚ چیت لێهاتوە؟

بەشپرزەیی و لەرزی ئازارگرتووەوە گوتم ئاسایش وایلێکردووم.

لەناو سەیارەکەبووم و رێمان بەرەو شاری کەرکوك گرتە بەرو دوای رێزگرتنێکی زۆر لەمن منی برد بۆ بەردەم بنکەی پۆلیسی رەحیماواو لەویٚ پۆلیسێك هاوکاری زۆرکردم و منی گەیاندە بنکەیەکی ئاسایشی یەکێتی، ئەو چرکەیە سەعات 12 ی شەو بوو. بەڕێوەبەری بنکەکە هەر ئەوکاتە گەیشتە ئەویٚ و زۆر دڵسۆزانە منی گەیاندە مەکۆی گۆڕان لەکەرکوك.

کە گەیشتمە مەکۆی کەرکوك هاوڕێیانی مەکۆ پێیان باش بوو ئەو شەوە بچمە ئاسایشی گشتی کەرکوك بۆ سەلامەتی گیانم، بردمیانە ئاسایشی گشتی و لەویٚ ڕێزێکی زۆریان لێگرتم و ژورێکیان پێدام تا بەیانی، پێش ئەوەی بمگێڕنەوە بۆ ئاسایشی گشتی لەمەکۆ خواردنیان بۆ هێنابووم و پەنجا هەزار دیناریشیان پێدام، هەرچەندە سکم ژان و قوڕەی دەکرد لەبرسان، بەڵام هیچم نەخوارد لەتاوی کوڕەکەم لەبەرئەوەی هەر ئەویٚ شەویٚ،کە منیان ڕفاند ئامانجیش دەستگیر کرابوو، ئینجا شتە تایبەتیەکانیماڵەوە وەکو نوسراوو و ئەلبوومی وێنە و دەفتەری یادگاری و زیاتر لە ٤٠٠ هەزاری خاتوز بناری هاوسەرمیان بردبوو، سەرەڕای ئەوەی دووگیان بوو لێشیاندابوو، ماڵی خەزوورانیشم هاوسەرەکەمیان بردبوو بۆ نەخۆشخانە، دوای ئەم لێدانە منداڵی ناوسکی لەبارچوو،کە زۆری نەمابوو چاو بەژیان هەڵبێنێت..

تاکو کاتژمێر یەکی شەویش ئامانجی کوڕم هەر لەدەستی ئاسایشدابوو، دوای ئەوە ئینجا ئازادیان کردبوو.

ماڵـەوەمان شـێوابوو، منداڵـەکانم پەڕاگەنـدە کرابـوون، مـن دەربـەدەرو کوڕەکـەم لەدەسـتی ئاسـایش و ژنەکەشـم لەنەخۆشـخانە، سـێ منداڵەکـەی تریشـم لـەماڵی خزمێکمـان حەشاردرابوون.

شـەوانەش ماڵەکـەم بـەردباران دەکـران، کۆمـەڵێ بـەکرێگیراوی بـەدمۆڕاڵ ئـەوکارەیان پـێ سپێردرابوو، خۆ ئیتر ئێمە لەو ماڵەدا نەمابووین، بەڵام بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵکیتر ئەو کارەیان دەکرد، ئەو حاڵەتە ١٤شەو بەردەوام بوو ، دواجار بەناچاری ماڵەکەمیان لە١٠-١١-٢٠١٦ گواستەوە بۆ شاری سلێمانی.بۆیە دەکرێت سوپاسی بێپایانی خـەڵکی شـاری سلێمانی بکەم بۆئەو پێشوازییە گەرمەی لەئێمەیان کرد، بەتایبـەت کاك ئامانج قائیمقامی پێشووی چەمچەماڵ.

ئەوشەوەی کە لەئاسایشی کەرکوك بووم تابەیانی چاوم نەچوونە خەو لەبەر ئازاری خۆم و خەمی ماڵەوە، کە نەمدەزانی حاڵیان چۆنە، زۆر لەدڵسۆزانیش لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندیان پێوەکردم، سەعات ٨ی بەیانی بەڕێزان مەلا فەرمان و بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی هاتنە لام، دوای چـەند خولـەکێك منیـان بردەوە مـەکۆی کـەرکوك، دوای موودەیـەك قسـەکردن، لەگـەڵ هاوڕێیانی مەکۆ بەڕێکەوتین بۆ شاری سلێمانی، لەوێ پێشوازیم لێکرا و شوێنی مانـەوەیان بۆ دابین کردم، دوای سێ ڕۆژ بەرپرسێکی باڵای پارتی تەلەفونی بۆ کردم، چاك و چۆنی و هەواڵپرسین ئینجا کۆمەڵێك درۆی گەورە، گوتی ٥٠ دەفتـەر و خانوو سـەیارە و هـەر وڵاتێك پێت خۆشە دەتنێرین، بەڵام لە بەرامبەردا تۆ لە ڕاگەیاندن بڵـێ بـەپیلانی بزوتنـەوەی گۆڕان من بـەنیاز بووم ئـاژاوە لەهـەولێر دروسـت بکـەم، هـەر ئـەو کاتـە وەڵـامی خـۆی وەرگـرت و تەلەفونەکەم داخست.

هـەموو ئـەم نەهامەتیانـەش تـەنها بـەهۆی ناڕەزایەتیـەکی مەدەنیانـەو چـەند پۆسـتێکی فەیسبوکەوە بوون.

ئەمەیە حوکمڕانی پارتی، هەرچەند باسی خراپییان بکرێت تەواو نابێت، پارتی وبنەماڵەی بارزانی فێرکراون هەرچی کاری قێزەونە بە بەکرێگیراوەکانیان بکەن دەرحەق بە خەڵکانی، کە لەحوکمی ئەوان ناڕازین. خۆشیانبەکرێگیراوی دوژمنان.

# کارکردن لەسەر کەیسەکەم

---

لە کوردستان لەبەغداش هەوڵی بەیاسایی کردنی کەیسەکەم درا، هەم خۆم و هەمیش دۆست و هەڤاڵانم بەخەم ناساندنی کەیسەکەماندا بۆ ئەوەی وەك کەیسەکانی تری خەڵك بێ دەنگی لێنەکرێت.

دوای نزیکەی ٣ مانگ توانیم سکاڵا تۆماربکەم لەدادگاکانی کوردستان، تاکو ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بێئومێد نەبووم، چونکە دڵنیام بەگۆڕانی حوکم لەداهاتوو ئەنجامی باشی دەبێت.

سکاڵاکەم بردە پەرلەمانی عێراق بەهۆی ئەوەی پەرلەمانی کوردستان هەر بەدەستی پارتی پەکخرابوو، بۆیە هانام بۆ ئەوێ برد، لەپەرلەمانی عێراق ٧٩ پەرلەمانتار واژۆیان کۆکردەوە بۆ بەیاسایی ناساندنی کەیسەکەم، کەچی لەوێش تائێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، چونکە لای هەموان ئاشکرایە ئەم وڵاتە چەند پرۆتۆکۆڵێکی نێوان هێزو حزب و خێڵ و کەسە باڵادەستەکان بەڕێوەی دەبەن نەك قانون و دەستور.

کەیسی ئەم ڕووداوەی من تائێستا تەنها کراوە بەنوسراو و ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، دوای ساڵێك و چەند مانگێك هێشتا هیچ وەڵامێك نەدراوەتەوە.

ناکرێ بڵێم حکومەتی مەرکەزی عێراقیش، وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام خراپی و کەمتەرخەمیەکانیان تەریبن لەگەڵ یەکتری، بۆیە گەلانی ئەم وڵاتە تا ئێستا لەئەمانی قانوندا نین.

لەحکومەتی مەرکەزیشدا هەن ئەوانەی وەکو پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەستیان بەسەر سوڵتەی قانوندا گرتووەو نەفەسیان لەسەربەستی و سەربەخۆیی دەزگاکان بڕیوە.

ئەمانە هەمووی دەبینم و دەزانم وەلێ هیچ کۆڵنادەم و بێ ئومێدنابم. تا کۆتاییش هەوڵ دەدەم بۆ پەلکێشکردنی ئەمانەی خاك و خەڵکیان بەم ڕۆژگارە خراپە گەیاند بۆ بەردەمی دادگایەکی سەربەخۆ.

# بۆچی و لە پێناوچیدا وا ئەکەم؟

---

لە ٢٧ ساڵی ڕابردوو جگە لە خیانەت و دزی و خوێن ڕشتن و تیرۆر و یەکتر سڕینەوە هیچ شتێکی تریان نەکردووە، ژیانی ئێستای خەڵك بەڵگەیەکە لەسەر چەوساندنەوە، ئاخر هیچ سەردەمێك نەبووە دەستەڵات نەوەکانی خۆی ئەوانەی حوکمڕانیان بونیادنا بچەوسێنێتەوەو ئەوەی دوژمن نەیتوانی بیکا ئەوان بیکەن.

من کەسێکی پێشمەرگەو چەکدار بووم ئەگەر مەبەستم تۆڵە بووایە دەمتوانی بە چەك ڕووبەڕوویان ببمەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩وە، کە ئاشنابووم بە بەرنامە و بیری نەوشیروان مستەفا فێربووم، کە نابێ بەچەك ڕووبەڕووی هاونیشتمانیانی خۆم ببمەوە، جگە لەمەش فێربووم، کە چەك بۆ داواکانم بەکار نەهێنم، چونکە هەمیشە بەکارهێنانی چەك نەهامەتی بەدواوەیە. بۆیە بەو شێوازەی، کەئەوان لێی نازانن من هاتمە نێو کۆڕی خەبات، ئەویش خەباتی مەدەنییە.

ئەوان هیچ باکیان بەکوشتنی نەوەکانی ئەم وڵاتەیان نەبووە، هەردەم ویستویانە نەوەی ئێستا و ئایندەش بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکار بهێنن، ئەگەر لەکردارو سیاسەتیشیان ناڕەزاییان دەربڕی ئەوا بەنەهجی ڕاهاتویان بەترس و تۆقاندن و هێزی چەك سەرکوتیان کردوون.

ئەوانەی ئێستای حوکم ئەوەندە دۆگمان تەنانەت ئەو هێزەی ،کە بەدەر لەخۆیانە ناناسن چونکە هیچ کاتێك پێی ئاشنا نەبوون، ئەوەی ئەوان دەستیان پێوەگرتووە هەموو کەسێك

دەیزانیێ وەلیێ هەژاری عەقڵی ئەوان ئاوا دەرەکەوێت، کەجگە لەوەی لەدێر زەمانەوە فێرکراون هیچپیتر نازانن و فێر نەکراون.

یەکێ لەخراپترین عەقڵیەتەکانیان سڕینەوەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکە، سڕینەوەی ئەوانەش کەهاوڕێك نین لەگەڵ سیاسەتەکانیان، کەچی ئێمەی مەدەنی هیچ کاتێ بیرمان بەلای سڕینەوەی ئەواندا نەچووە، هەرچەندە ئەوان زاڵم و ئێمە مزڵومین، بەڵام پێمان وایە سزادانی هەریەکێکمان دەبێ لەدادگاوە بێت، دادگاش ئەوکاتە دادەمەزرێ، کەئەو گرووپەی ئێستای سوڵتە بەلادابکەون و لەجێیگەیدا حوکمڕانیەکی ڕەشید بونیاد بنرێت.

# بەشی دووەم

# چاوپێکەوتن و لێدوانەکان لەمەڕ دۆسیەی هێمن بنەسڵاوەیی

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز شاناز ئیبراهیم ئەحمەد

# لەسەر دۆسیەی هێمن بنەسلاوەیی




شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕوی خۆی لادا ؟

**شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: پێموانیە ئەوە لادانی ماسکی پارتی بێت وەك حیزب ، بەڵکو ڕونتر پیشاندان و دەیان و سەدانجار دوپاتکردنەوەی ئەو بنەمایانەیە، کەپارتی وەك حیزب لەسەری دامەزراوە، کە کاریگەرە بە ئەقڵیەتی خێڵ و بیری پاوانخوازی و خۆسەپێنی بنەماڵەیەك، کە بەدرێژایی مێژوو بێ پەردە بەوجۆرە خۆیان نمایش کردووە ، لەهەر جوگرافیایەکدا باڵادەست بوون وەك هۆکاری مانەوە بەردەوام پیادەیی ئەو جۆرە لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ هاوڵاتی و کۆمەڵگەدا کردووە!..**

کەواتە ئەو ڕەفتارەی پارتی بەرامبەر هێمن بنەسڵاوەیی لادانی ماسك نیە، بەڵكو ڕووی ڕاستی (پارتی دیموكراتی كوردستانە) وەك حیزب و ماڵباتی بارزانی وەك خێڵ و عەشیرەت.

**شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەمجۆرە کارانە ئەکات، یان وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد:** لەوەڵامی پرسیاری یەکەم ئاماژەم پێکرد پارتی وەك حیزب نەشئە لەئەقڵیەتی خێڵەکی بنەماڵەیەك وەردەگرێ، كە مێژووەكەی پڕە لەوجۆرە مامەڵەكردن لەگەڵ هاوڵاتی و كۆمەڵگە ، ڕەنگە لەناو پارتیدا كەسانێك هەبن ئەو ئەقڵیەتە ڕەتبكەنەوە بەڵام ئەو كەسانە لەپەنجەی دەست تێناپەڕێ و ناتوانن تەجاوزی ئەو ئەقڵیەتە بكەن ،كە پارتی بەڕێوەدەبات ، پارتی و بنەماڵەی بارزانی تەواو گرێدراوی یەكتربوون ئەوەی پارتی پەیڕەوی دەكات خواستی بنەماڵەیە ئەوەی خواستی بنەماڵەیە پارتی پەیڕەوی دەكات ، بەوجۆرە .

**شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد:** ـ ئەو پرسیارە دەكرێ بەدووجۆر وەڵام بدرێتەوە لەهەردوو حاڵەتەكەدا بۆی چۆتەسەر:

أـ بەپێوەری واقیعی كۆمەڵگەی كوردی و بارودۆخەكە ئەگەر وەك كاردانەوەی خێرا و هاوشێوە ، نەیارەكانی پارتیش یار و یاوەرانی پارتیان لەدەرەوەی ئەو جوگرافیایەی تێیدا

**باڵادەستە ڕووبەڕووی زەبر و زۆری بکردایەتەوە دەکرا پێش بەوجۆرە مامەڵەیەی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بگیرێ .**

**ب . بەپێوەری حەقیقەت " دەکرا بەوشیارکردنەوەی هاوڵاتی و کۆمەڵگە و بڵندکردنی دەنگە ناڕازیەکان دژ بەو ئەقڵیەتە پێش بەو دەستدرێژیەی پارتی و بنەماڵە بیگرێ ،بەڵام ڕەنگە هەلومەرجەکە بۆ ئەم بژاردەیە لەبارنەبووبێت بۆیە ئەگەر بەپێی واقیعەکە مامەڵەبکرایە وەك سەرەتا ئاماژەم پێکرد بەدڵنیاییەوە بۆیان چۆتەسەر.**

**شاباز محەمەد: هێمن بنەسلاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: پەنابردن بۆ ڕەخنە و ناڕەزایەتی مەدەنیانە لەلایەن هێمن بنەسلاوەیی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە هێمن پێچەوانەی ئەقڵیەتی خێڵ باوەڕی بەو دیموکراسیە هەیە، کەخێڵ و عەشیرەت باوەڕیان پێی نیە ، بەجۆرێکیتر هەوڵدانە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ گۆڕینی واقیعی ئەو دەڤەرەی خێڵ و عەشیرەت تێیدا باڵادەستن بۆ حەقیقەتی ژیان و پەیوەندی ( یاسا و کۆمەڵگە و دەسەڵات ) واتا هەنگاوی سەرەتایە بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و فراوانکردنی بازنەی ناڕەزایەتیەکانە دژ بەو ئەقڵیەتە باڵادەستەی ژێر ڕکێفی بنەماڵەی بارزانی و پارتی.**

**شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسـڵاوەیی چـی لـە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

**شاناز ئیبـراهیم ئەحمـەد:** تیرۆر هـەر تیرۆرە و تـاوانێکی قبولْ نەکراوە ، من ڕەوایـەتی بەهیچ تاوانێك نادەم، بـەڵام تیرۆری جەسـتەیی باشـترە لـە تیرۆری کەسایەتی و فکری بۆ کەسـێك، کـە ئیرادەیـی بـەردەوامی و ڕووبەڕووبوونـەوەی نـەبێت ، خۆشـبەختانە هـێمن بەئیرادەیەکی پۆڵاینەوە بەردەوامە و دەیەوێ ڕووبەڕووی تاوانباران ببێتەوە ، هێمن بێدەنگ بوایە ئـەو ئەقڵیەتـە درێـژەی دەکێشا بۆ دەسـتدرێژکردنی زیـاتر، بـەڵام هـێمن بەردەوامـە و دەیەوێ ئەو دەستە درێژانە ببڕێتەوە ئەمە جێگەی دڵخۆشیە و دەبێ پشتیوانی بکرێ .

**شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئـاودیوکردنی هـێمن بنەسـڵاوەیی بـۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

**شاناز ئیبراهیم ئەحمەد:** دیقەت بدەن ئاغا و دەرەبەگەکان هەمیشـە وابیر دەکەنەوە هـەتا ئـەو شـوێنەی ئـەوان تێیـدا باڵادەسـتن مـوڵکی خۆیانـە و دەتـوانن بـەوجۆرەی خۆیـان لایـان پەسەندە تەواوی سێکتەرەکانی ژیان و کۆمەڵگە ڕێکبخەن و بەجۆرێك وێنای جوگرافیای ژێر دەسـەڵاتی خۆیـان دەکـەن، کـە شایسـتە و بـێ کـەم و کوڕییـە بەپێچـەوانەوە دەرەوەی جوگرافیـای ژێـر دەسـەڵات و هـەژموونی خۆیـان بـە نـامۆ و ناشایسـتە دەبینـن و پێیانوایـە کەسـانێك، کـە لەبازنـەی بیرکردنـەوەکانی ئەوانـدا نـین مـاف ژیانیـان نیـە و پێویسـتە دووربخرێنەوە ئەمەش وەك سزادانێك هەڵدەسەنگێندرێ لەلایەن بنەماڵە و خێڵ و حیزبەوە.

دەرکردنـی هـێمن بنەسـڵاوەیی لـەزۆنی زەرد دووپـاتی دەکاتـەوە پـارتی وەك حیـزب دەسـتیگرتووە بەسـەر تـەواوی سـێکتەرەکانی ژیـان لـەو دەڤـەرە و بنەماڵـەش دەسـتیگرتووە

**بەسەر جومگەکانی پارتیدا و لەکۆشکی ئاغاکانەوە فەرمان بەپارتی دەکریٚ ،کە هێمن و هێمنەکان مافی ژیانیان نیە لەو سنوورە و پێویستە دووربخرێتەوە...**

## شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت، ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: هێزی چەکدار (ئەرك و ماف)ی هەیە پارتی و بنەماڵە ئەرکەکەیان لەپاراستنی خاك و گەلەوە گۆڕیوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵە و سەرکوتکردنی گەل ، مافی خوراوە و ئامادەنین مافی پێبدەن.**

**جارێکیتر دەمەویٚ بڵێم ئەوە ئەقڵیەتی خێڵە ئەوە کاری ئاغا و دەرەبەگە ئەرکت پێدەدا و ئامادەنیە مافەکانیشت دەستەبەر بکات، چونکە پێیوایە هەمووشتێك لەخزمەتی ئەوە و خۆ ئەگەر دەنگ بڵندبکەی بۆ مافەکانت ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە بەسەر هێمن بنەسڵاوەیی هاتووە ..!! مەسەلەی ئەوەی هێمن لەسلکی عەسکەری بووە بیانویەکی نامەنتیقییە خۆ سەردەشت عوسمان لەسلکی عەسکەری نەبوو ؟!**

## شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەم پیشەیە لەئاستی باڵادا نین؟

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: ڕەنگە هۆکارەکان زیاتر لەوە بێت ،کە من و تۆ درکی پێبکەین ، بەڵام پێموایە هۆکاری سەرەکی ئەو پیلانە درێژخایەنە مێژووییەیە، کە خەڵکێکی نزمتر لە**

**ئاغا و دەرەبەگ، بەڵام هەڵگری هەمان ئەقڵیەتی خێڵی کردووەتە فەرماندە و پلە باڵای ئەو هێزانە، کە لەژێر ناوی جیاجیادا لەئێستا و لەڕابردوو لەخزمەت حوکمڕانە خێڵەکی و بنەماڵە و گروپە جیاجیاکاندان.**

**شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بۆ هێمن درێژ کردو سوکایەتیان پێکرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟**

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: بەداخەوە بەوپەڕی قەناعەتەوە دەڵێم ( هیچ )!!..**

**شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

***شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: هێمنەکان زۆر بوون ، ئێستاش زۆرن ،بەڵام هێمن بنەسڵاوەییەکان کەمن، کە بەردەوام و کۆڵنەدەربن ، کۆڵنەدانی هێمن و هێمنەکان گرنتی کۆتایی هێنان بەو ئەقڵیەتەیە، کە هێمنەکان دەکاتە قوربانی.**

**شـــاباز محەمـــەد: ڕاوەدوونـــانی حوکمڕانـــە چـــەوت کردارەکـــان چارەســـەرە یـــان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

**شاناز ئیبـراهیم ئەحمـەد: نا پێموانیە ڕاوەدونـانی حوکمڕانـەکان چارەسـەربێت ، بـەڵکو گــۆڕینی ئەقڵیــەتی خێڵگــەرایی وشــیارکردنەوەی کۆمەڵگــە چارەســـەری ڕیشــەییە ، بــۆ داهاتووش دڵنیامان دەکاتەوە، کە ئەقڵێکی خێڵەکی دیکە نابێتە حکومڕان**

**شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چیە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟**

**شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: پێشتر ئامـاژەم پێکرد ئەوە خاڵی جیاوازی هـێمن بنەسڵاوەیی و نوێنەرەکانی خێڵ و عەشیرەتە، ئەوان باوەڕیان بەدیموکراسی نیە. بۆیە بە دەستدرێژکردن و ســوکایەتیپێکردن وەڵــامی ڕەخنـــەکانی هێمنیـــان دایـــەوە، ســـەرەڕای ئـــەوەش هـــێمن بــەتۆمارکردنی ســـکاڵا و پـــەنابردن بـــۆ دادگـــا جـــارێکیتر ئیســـپاتی کـــرد، کـــە مرۆڤێکـــی دیموکراسیخواز و دژ بەرە لەگەڵ ئەقڵیەتی خێڵ و بنەماڵە.**

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا دڵێر حسێن

# ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر



***شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟**

**مامۆستا دڵێر: ئەوکارە نامرۆڤانەی دەرهەق بە کاك هێمن کرا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هێزێك هەیە سڵ لە هیچ شتێك ناکاتەوە لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی و حیزبیان ئامادەن هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان بخەنە ژێر غەزەبی پۆستاڵی بەڵتەجیەکانیان ، ئەو ڕووداوە سەرجەم ماسکەکانی پارتی دەر خست، کە سەردەمانێکە بەناوی پیرۆزی و پێشمەرگە پۆشیی بوو ، ئەوە ڕوون بۆیەوە، کە پێشمەرگە هیچ بەهایەکی نییە لای پارتی. بەکارهێنانی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە. تەنها بۆ شەرعیەت دانە بەکارە ناشەرعیەکانیان .**

***شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات، یان وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

**مامۆستا دلێر:** ئەو جۆرە کارانە بەهەر ناو بیانویەك بکرێن دەبێت ئیدانە و سەرکۆنە بکرێن ، ئەوکارانە لەگەڵ هیچ پرەنسیپێکی مرۆیی یەکانگیر نییە ، ئەو کارانە لەژێر پاراستنی شەرعیەتدان بەمانەوەی بارزانی وبە پیرۆزکردنی بارزانی دەکرێن، واتا هەردوو لایەنی عەشائیری و حیزبی دەگرێتەوە ، زیاتر عەشائیرییە، چونکە هەژمونی بنەماڵەیی و عەشائیری تەواو زاڵە بەسەر پارتی. هیچ بریارێك بیٚ گەڕانەوە بۆ بنەماڵە لەپارتی نادرێت .

***شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

**مامۆستا دلێر:** ئەو جۆرە گروپانە دەکریٚ پۆلێن بکەین بۆ چەند جۆرێك جۆرێکیان لە ئەزەلەوە بە مرۆڤی لاواز و دەستەمۆ و خۆ بەکەم زان بیٚ مۆڕاڵ و بیٚ ئیرادەی شەخسین بەکارهێنانی ئەو جۆرە مرۆڤانە زۆر ئاسانە ،

جۆرێکی تریان لەهەموو بەها ئەخلاقیەکان داشۆراون ئیفلاسی ئەخلاقیان هەیە هەست بەنەقس دەکەن لەکۆمەڵگا بەهۆی ئەوەی لەژیانی خۆیان تووشی نەکسەیەکی ئەخلاقی و ئینسانی بوونە. پێیان وایە بیٚ دەسەڵات لەکۆمەڵگا شوێنیان نابێتەوە ، بۆیە هەوڵیانداوە ببنە بەشێك لەدامەزراوە و دەزگا ئەمنییەکان تاکو قەرەبووی ئەو نەکسە ئەخلاقیانە بکەنەوە، بەمەش سڵ لەهیچ جۆرە تاوانێك ناکەنەوەو گوێڕایەڵێکی چاکی ئاغاکانیان.

گروپی تر هەن بەجۆرێك بونیان لەدەزگا ئەمنیەکان تەنها بۆ بژێوی ژیانە. ئەوان سەلامەتن و هەمیشە ویژدان ئازاریان دەدات .

بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری سەرەکی زیادبوونی تاوانکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بە بەرنامە داڕێژی دەکرێت. هیچ کەسێك توانای ڕاگرتنی نییە و بۆیان چۆەتە سەر.

تێبینیەکی پێویست. مەبەست لەدەزگا ئەمنییەکان پۆلیس و دەزگاکانی تر نییە ، مەبەستمان ئەو دەزگا حیزبیانەیە بەناوی دەزگایی ئەمنی دروستکراون بۆ خزمەتی حیزبی وبنەماڵەیی جۆرەها تاوان ئەنجام دەدەن .

*شاباز محەمەد: هێمن بنەسڵاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟

ماموستا دلێر: باوەڕ نەبونە بە ڕەخنە، دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم بەشوێن پێی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی دونیا هەنگاو دەنێت ، هەمیشە ترسی لەڕەخنە هەیە. باکی نییە ڕەخنەی بنیاتنەریش بێت ، بۆیە ئەو ڕەخنانە هەرکەسێك بیگرێت ئەوان ڕووبەرووی دەبنەوە ، ترسی ئەساسیان لەوە بووە هێمن بنەسڵاوەیی لەسلکی عەسکەری نەبێتە دەروازەیەك بۆ کردنەوەی دەنگە ناڕازییەکانی نێوەندی عەسکەری .

*شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟

مامۆستا دلێر: تیرۆری جەستەیی بەجۆرێك دەکرێ ببێتە هۆکارێك بۆ کپکرنی دەنگە ناڕازییەکانی نێوەندی عەسکەری و بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ترس و تۆقاندن. بۆیە من بەتیرۆری جەستەی دەزانم لەپاڵ تیرۆری کۆمەڵایەتی و فیکری .

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

**ماموستا دلێر:** ئەو ڕووداوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کوردستان لەژێر هەڕەشەی پاوانخوازی و دوو ئیدارەیی دەرنەچووە، هەمیشە زۆنەکان وەك مەترسی پیشانی نەیارەکانی خۆیان دەدەن ، بەجۆرێك لەدژم بێت هەمان چارەنوستان دەبێت یان چەمکی یان دەستەمۆ بوون یان دەرچوون لێرەیە.

***شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت ؟**

**ماموستا دلێر:** هەموو کەسێك مافی ڕەخنەی هەی،ە بەڵام شێوازەکانی ڕەخنە لە چینێك بۆ چینێکی تر دەگۆڕێت ئەمەش یاسا دیاریی دەکات، بەڵام هیچ ڕەخنەیەك قابیلی ئەوە نییە ئیهانەی کەسایەتی بکرێت و کەسایەتی تێك بشکێندرێت. دەکرێ لەڕێی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر حاڵەتەکان بوەسیتینەوە، نەك بەو شێوازە، کە ببێتە هۆی شکاندنی کەسایەتی .

***شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەم پیشەیە لەئاستی باڵادا نین؟**

**ماموستا دلێر:** سلکی عەسکەریش بەدەر نین لەکۆمەڵگا ، دەکرێ ڕەخنەیان هەبێ و ڕەخنەگر بن ، بەڵام بەداخەوە لەغیابی نەبوونی سوپایەکی یەکگرتو و هێزی یەکگرتو و نیشتمانی هەمیشە سلکی عەسکەری بونەتە قوربانی ململانێی حیزبی و مافیان خوراوە

**لەکۆمەڵگاداو لەپێناو بەرژەوەندی حیزبی بەکاردێن ، دەبنە قوربانی سیاسەتی فەشەلی حیزبی .**

***شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستیان بۆ هێمن درێژ کردو سوکایەتیان پێکرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟**

**مامۆستا دلێر: بەڵتەجی و میلیشا هیچ جیاوازییەکی نییە.کوردی بێت یان هەر قەومیەتێکی تر تاوان هەر تاوانە بەعس بیکات یان دەسەڵاتی کوردی ، ئەوەی ئازار بەخشترە لەژێر ناوی کوردی و پێشمەرگایەتی سوکایەتی بە پێشمەرگە بکرێت ، بۆیە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت.**

***شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**مامۆستا دلێر: ئەبێت ڕووداوەکە بۆ مێژوو بگێڕدرێتەوە، کە شانازیکردن بە پێشمەرگە جگە لەدرۆ و شەرعیەتدان بەخودی خۆیان هیچی تر نییە، چونکە هێمن بنەسڵاوی سمبولی ئەو پێشمەرگانەیە، کەباوەڕی بە تەقدیسکرنی ئەشخاس نەبووەو هەمیشە هەوڵیداوە کەرامەتی هێمنە بوێرەکان پارێزراو بێت.**

***شاباز محەمەد: ڕاوەدوونانی حوکمڕانە چەوت کردارەکان چارەسەرە یان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

***شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چیە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟**

**مامۆستا دلێر:** سکالا تۆمارکردن ئەوەمان بۆ دەردەخات کاک هێمن سەرەڕای بیٚ دادی دادگاکان و سەروەر نەبونی یاسا هەر یاسای پیٚ گرنگترە ، هەوڵدەدات شکۆی یاسای بگێرێتەوە بۆ دادگاکان ئەوڕۆش نەبێت ڕۆژێك ئەبێت شکۆ بۆدادگاکان بگەڕێتەوە ماف مافخوراو بگەڕێتەوە بۆیە هەمووهەوڵێکی مەدەنی لەپێناو سەروەری یاسا و چەسپاندنی مەبدەئی دەستاو دەستی دەسەڵاتە لەڕێگایی ئاشتیانە و سەروەری یاسا

***شاباز محەمەد: بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن کاتیٚ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟**

**مامۆستا دلێر:** لای ئەوان دادگاکان تەنها ئامرازێکە بۆ شەرعاندنی کارە نایاساییەکانیان. هەمیشە دادگاکان دەستەمۆی خۆیانە ، بەردەوام هەوڵیانداوە هەیمەنەی خۆیان لەڕێگای هێزە و بچەسپێن بەسەر نەیارەکانیان بیٚ بوونی ترسیان لە رووبەروبونەوەی یاسایی، چونکە دادگاکان لە لایەن خۆیان ئاراستە دەکرێن

# نیاز عەبدوڵا

## ڕۆژنامەنوس



هێمن بنەسڵاوەیی مرۆڤێك لە یەككاتدا چەند تاوانێكی بەرامبەر ئەنجامدرا، بەڵام قورسترینی لە دەستدانی كۆرپەلەكەی بوو لەو كاتەی تەمەنی تەنیا چەند مانگێك بوو لە سكی دایكی. میلیشیاكانی پارتی دیموكراتی كوردستان پێیان وابوو بە تاشینی پرچ و برۆ و سمێڵی هێمن، ئەو مرۆڤە دەكەن بە ڕەمزی هەتككردن بۆ تەواوی كۆمەڵگا تا لەبەر ترساندن و تۆقاندن دەنگی نەخێر دژ بە ستەمكاری هەڵنەبڕن. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو بوو بە سیمبولی ئازایەتی و جوانی و دەنگی نەخێری ئێمەش. ئەو ڕۆژەی هەڵیانكوتایە سەرماڵیان و بە شەق كێشایان بە سكی هاوژینە سكپڕەكەی، لە مێژا نەبوو ئەوان بیریان لە ماڵێكی ئاوەدان بە دەنگ و پێكەنینی منداڵێك كردبۆوە، بەڵام ئەو شەقوەشێنانەی هاوشێوەی ئەمن و زابت و ئەندامانی موخابەراتی دەزگا ئەمنییەكانی بەعس مامەڵەیان كرد نەیانهێشت ئەو رووحە بێتە ژیان و بوون و ئەویان شەهید كرد. ئەو كاتەی هێمن بنەسڵاوەیی لەگەڵ خێزان و منداڵەكەی شار بەدەركران، ئەوە هەوڵێك بوو بۆ ترساندنی تەواوی ئەو كۆمەڵگایەی تا ئێستاش شانازی بەهێمنەوە دەكات. تۆ بەردەوامبە هێمن، من و سەدانی تر جوانی و دەنگی بەرز و دلێری تۆ بۆ وەستانەوە بە ڕووی ستەم دەبیستین و ئەو دەنگە لە ناخمان نایەتە دەرەوە.

# کارۆخ عوسمان

## رۆژنامە نوس



قسەکردن لەسەر کەیسی هێمن بنەسڵاوەیی وردبوونەوەی دەوێ، دەبێ ئەوە بخەینەڕوو، کە هێمن تاکە کەیس نیە و تاکە مرۆڤی مەزڵومی ئەو وڵاتەش نیە، ڕەنگە نیوەی گەلی ئەم وڵاتە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی یا بەقەد هێمن یاخود لەهێمن زیاتریش مەزڵومی دەستی ئەم حوکمڕانیە بەدکارەی دوای ١٩٩١ بن. خۆ بەر لە ٩١یش هەر ئاوابوو حاڵی ئەوانەی، کە ئامادەی مۆری ناچاری نەبوون.

دوای ڕاپەڕین لەچەشنی کەیسی هێمن بنەسڵاوەیی لەم هەرێمە ئێجگار زۆرن، هێمن بەتەنها ئەتکراو و تاقە خێزانی (دێگەڵە)بڕ نیە، بەڵکو بەکۆمەڵ ئەتکردن و

بەکۆمەڵ ئاودیوکردن و بەکۆمەڵ زیندانیکردن و هەر بەکۆمەڵیش کوشتن، هەموو تەمەن ٣٠ ساڵییەك بیری دێت وەلێ تۆمارێکی بینراو نیە بۆ لێدانەوە، تەنها دەتوانرێت بنوسرێن.

ئەمما ڕوداوی هێمن بنەسڵاوەیی بەتۆماری ڤیدیۆیی هەمووی لەبەر چاوانە، ئەوەی ئینکاری بکات کوێرایی عەقڵی هەیە.

هێمن بنەسڵاوەیی بێ هیچ سوچ و بەهانەیەك دەڵێین ئەتککراو، بەڵام خۆ شایەنی ئەتکردن تەنها حوکمڕانی کوردییە.

ئێستا زانیمان بەنی ئادەمێکی مەزڵوم و بێدەرەتان سەرو بڕۆی تاشرا، کەچی نەبوو بەکۆیلەو تابعی سەرتاشە خێڵەکیەکان، بەڵام لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەندێ کەس لەناوچەی باڵەکایەتی و پشدەر بەبیانووی شیوعی بوون سەروبڕۆیان تاشراو ئەتکران دواتریش بەلینگاوقوچ و پاشەوپاش سواری کەرێ کران و دەگوندان گێڕدران هەر بەفەرمانی بنەماڵەی بارزانی و بەدەستی جەلادە دابەستەکانیان، کەچی ئێستا کوڕو نەوەکانیان لەدواکەوتەو دابەستەکانی بنەماڵەی بارزانین و شانازی بە عەبدایەتی بارزانیەوە دەکەن، ئەوە عەجیب و غەریبە.

ئەوەی گرنگە هێمن لەسەر مەبدەئی یەکەمی سورەو ئامادەی ملکەچکردن نیە بۆیان، پێویستە هێمن نەك وەك ئەتکراو بەڵکە وەکو پیاوی ئیرادە بناسرێت و ناوی بهێنرێت.

هێمن لەسەر چەند پۆستێکی فەیسبوك و قسەکردن لەسەر گەندەڵی و نادادی تێی هەڵدراو سەرو ئەبڕۆی تاشرا، دەربەدەر کرا، منداڵی ناو سکی هاوسەرەکەی کوژرا، نەك لەسەر دزی و تیرۆر، لێرە شتێك دێتە دیتن، دوای ڕاپەڕین زۆرینەی هێمن

ئاسـاکان بـەمجۆرەن وەلـێ شـایەن بەتێهەڵـدان هـەردوو جەمسـەری حزبـە حوکمڕانەکانن.

سـەیرکەن، لەزیندانـەکانی چاکسـازی خـەڵکانێ بەنـدکراون بـەهۆکاری دزیـنی مۆلیـدە، سـەیارە، ترۆمپـا، مریشـك و قـازو قـەل و هەنـدێ شـتیتری کـەم نـرخ کەچـی هـەردوو جەمسـەری ئـەو دوو حـزب و بنەماڵەیـە بـەملیاران دۆلاری ئـەو وڵاتـەیان دزی و بردیانـە دەرەوەی ئـەو وڵاتـە، کـەس نەیـدیت و نەیبیسـت دادوەرێـك نـوکی قەڵەمەکـەی بخاتەگـەڕ بـۆ سـزادانیان، کەچـی زیندانـە چاکسـازیەکان بەئـەمری ئـەم دادوەرانـە پڕکراون لەبەناو تاوانباری دزی.

کەواتـە لێـرەدا خـودی دادوەرو دادگـاش ئـەتکراون تـەنها مـاوە سـەرو گوێلاکیـان بتاشـرێت، ئـەی ئـەتکردن لـەوەزیاتر دەبـێ چـی بێـت، کـە مـرۆۋ بڕیـاری لـێ بسەنرێتەوە.؟

بیرمـە لـەماوەی ڕابـردوو لەیـەکێ لەشارۆچـکەکانی کوردسـتان پیاوێـك بـەهۆی دزیـنی جوانەگایـەك دەسـتگیرکرا، دادوەر فـەرمانی زینـدانیکردن و پێبـژاردنی بـۆ دەرکـرد، دوای ئازادبوونیشـی پیاوەکـە بـەهۆی قسـەڵۆکی بـەعزێ خـەڵك ماڵەکـەی لـەو شارۆچـکەیە بـارکرد، واتـا لەشـەرمان، بـەعزێ خـەڵکی عـەوام نـەفرەتیان لێکـرد گوایـە دزەو دادگـا بڕیـاری دزبـوونی ئـەو پیـاوەی داوە، خـەڵکی واباسـیان دەکـرد وەك کەسـێکی ترسـناك، قـەتعی پەیوەنـدیان دەکـرد، کەچـی هـەر ئـەو خەڵکـە ڕیزیـان دەبەسـت بـۆ گوشـینی دەسـتی بەرپرسـەکانی حـوکمڕانی کوردسـتان، قەڕاپەسـتانەیان بـوو بـۆ دانـانی نۆبـەتی داوەتکردنـی گەندەڵـەکان، بەشـانازی لەتـەکیان دەوەسـتان بـۆ وێنـەگرتن، بەشـانامە پەیوەنـدی خۆیـان و یـەکێ لەبەرپرسـە جـەللادەکانیان

دەگێڕایـــەوە، ڕیشـــوەیان دەداو دەســـتیان پانـــدەکردەوە بۆدیـــداری ئەوانـــەی خەزێنـــەی گشتی گەلیان تاڵان دەکرد.

ئەی ئەوە ئەتکردنی کۆمەڵگە نیە؟

ئـــەتکردنی جڤـــاك لـــەدوای حـــوکمی ئـــەم دوو حزبـــەوە دەســـتی پێکـــرد، کـــە مرۆڤگـــەلێ هاتنـــە وجـــود، کەمامەڵـــە بـــەمۆڵی بـــەنی ئادەمیـــەوە دەکـــەن، هێشـــتا زۆر زۆرن ئەوانـــەی ئـــەتکردنی هـــێمن بنەســـڵاوەیی بەحـــەق دەزانـــن، چـــونکێ خۆیـــان ئـــەتکی ویـــژدان و عەقڵیـــەت و بەشـــەریەتیان کـــراوە بـــەهۆی حـــوکمی بنەماڵـــە داســـەپاوەکان، مـــرۆڤیش، کـــە ویژدانی ئەتککرا ئیتر عەقڵی نەفی دەکات.

لـــەڕووداوی هـــێمن بنەســـڵاوەییدا بەتـــەنها دەســـتی بنەماڵـــەی بـــارزانی هەیـــە، بـــەڵام هەرکەســـێ لـــەوێ بـــەدواوە تەییـــدی ئـــەو بنەماڵەیـــە بکـــات بەشـــێکە لەئـــەتك کـــردن و ئـــەتك کراوی ویژدانیشە.

دەکـــرێ ئەوانـــە ئـــەتك بکـــرێن، کـــە بـــۆ کوشـــتنی نـــەیار خۆیـــان ســـازەدەن ئـــەمما کەســـێ ،کەجەورکێشـــی ســـوڵتەی نـــەیار بێـــت، جگـــە لەنوســـین پەنجـــەی بـــۆهیچ شـــتێکیتر بـــەکار نـــەهێنێ، جگـــە لـــەدەربڕینی نـــاڕەزایی و داواکردنـــی مافـــەکانی زمـــانی بـــۆ هـــیچ شـــتێکیتر نەگێڕێت چۆن دەکرێ بەمجۆرە ئەتك بکرێت یاخود سەرگەردان بکرێت؟

کەســـێ داوای چـــاکەخوازی و حـــوکمێکی دادگـــەرو ڕەشـــید بکـــات، کـــەی شـــایەنی ئـــەو دەربەدەر کردنەیە؟

لەکەیسی هێمن بنەسڵاوەییدا جگە لەخۆی هاوسەرو منداڵەکانی خەسارەت دیدەی دەستی کەمبین و دۆگما بیرو بەدمۆڕاڵە داسەپاوەکانن، خۆ ئەو مرۆڤە تەنێ قژو ئەبرۆی نەتاشراوە، بەڵکە منداڵێکیشی لێکوژراوە، دەربەدەرو ئاوارەش کراوە، تەنانەت لەوەزیفەکەشی دوورخراوەتەوە، ئێستا لەوپەڕی بێ پەروایی ژیان دەباتەسەر، باری لارەو دڵنەواکاری کرداری نییە، خەمخۆری حەقیقیشی نیە، ئەوەی دێتەگۆ تەنها وەك بەهانەی هێرشکردنەسەر حوکمڕانی کوردی مەفای لێ دەبینن، ئەگینا لەکەیسەکەیدا خەمخۆرو خێرخوایەکی ڕاستەقینە نابینم، تاکو لەم زەلکاوە بیشەڵانیە نەفرەتیەو هەژاریە کەم وێنەییە نەجاتی بدەن.

# کوێستان محەمەد ئەندامی جڤاتی گشتی گۆڕان



هێرش کردنە سەر هێمن بنەسڵاوەیی و خێزانەکەی یەکێکە لە کارە دزێو و ناشرینەکانی دەسەڵاتدارانی هەولێر، بە تایبەتی لێدانی ژنێك لەناو ماڵەکەیدا ئەوپەڕی توندوتیژی و بێڕێزییە بەرامبەر بە ژنان ، لە دەستدانی منداڵەکەشی کۆستێکی گەورەیە و ئەوپەڕی ناڕەوایەتیە بەرامبەر ئەو خێزانە ، ڕووڕەشی بۆ بکەرانی ئەو کارە نامرۆڤانەیە.

# گوڵستان خان ئەندامی جڤاتی گشتی گۆڕان



ژن شایستەی ڕێزلێنانە بە تایبەتتر، گەر ئەو ژنە لە کاتی دووگیانیدا بێت پێویستە حکومەت خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بۆ دابین بکات و هەمیشە بەڕێزەوە لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا بە شکۆوە مامەڵەی مرۆیی لەگەڵ بکرێ .هەمیشە ژن دەبێ ئەوەندە بەڕێزەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکرێ ،کە دوور بێت لە هەموو قسەیەکی نەشیاو و دەبێ موراعاتی باری دەروونی و تەندروستی و کەسایەتی بکرێت.

بە داخەوە ئەوەی لەم هەرێمەدا ڕوودەدات دوورە لە هەموو ئاکارێکی مرۆیی، ئەوەی بینیمان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر ئەنجامدرا بەرامبەر کاك هێمن بنەسڵاوەیی و بە تایبەتی بەرامبەر هاوسەر و منداڵەکانی ئاکارێکی زۆر نامرۆڤانە و پڕ لە توندوتیژی بوو، کە لەگەڵ هیچ یاساو ڕێسایەکی ناوخۆیی و جیهانیدا نایەتەوە. پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە لە جیهاندا، چونکە ئەو لێدان و توندوتیژییەی بەرامبەر بەو خانمە کرا بووە هۆی لە دەستدانی کۆرپەڵەی ناوسکی و لەباری چوو، کە بەپێی یاسا وەك کوشتنی مرۆڤێکی ئاسایی وایە بەپێی یاسا و دەستوور هیچ بەهانەیەك

نییە بۆ ئەزیەتدانی خانمێکی دووگیان و لەباربردنی کۆرپەکەی. بۆیە ئەو کارە بە کارێکی قێزەون و نائینسانی دەزانم و ئەنجامدەرانی بە تاوانبار دەزانم و پێویستە رووبەرووی یاسابکرێنەوە و یاسا لەبەرامبەریان جێبەجێ بکرێت.

هەرچەندە مرۆڤ لەم هەرێمەدا لە سایەی حوکمی بنەماڵەکاندا زۆر بێبەهایە و هیچ دڵنیایی و ئارامیەك بۆ ئینسان نییە. بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ دەسەڵات بیروباوەڕت جیاواز بوو. واتە وەك ئەوان بیرت نەکردەوە. بۆیە خێزانی کاك هێمن بووە قوربانی دەستی ستەم و زوڵم و دیکتاتۆریەتی بەڕێوەبردن لە کوردستاندا.

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز پەیکار عوسمان

## نووسەری ئازاد



*شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟

**پەیکار عوسمان:** من بڕوام بەوەنییە پارتی ماسکی هەبێت، ئەگەر پێمانوابێ هەیەتی، ئەوە خەلەل لە چاوی ئێمەدایە نەك لە پارتیدا، من پێموایە پارتی لە هەموو هێزەکان بێ ماسك و یەکڕووترە، ئەو هێزە بە ئاشکراو بە ڕوونیی یەکلابۆتەوە بۆ پرۆژە دۆزەخییەکانی خۆی.

*شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یان وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟

**پەیکار عوسمان:** خێڵ و حیزب لە پارتیدا دوو شتی جیا نین، هەر یەك شتن، پارتی حیزبە وەکو خێڵ، پارتی خێڵە وەکو حیزب.

***شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

**پەیکار عوسمان:** مافیا مافیایی بۆ نەلواوە، مافیا مافیایی خولقاندوە، دەسەڵاتداری ئێمە لەناو دۆخێکا مافیان، کە خۆیان خولقاندویانە، ئەوان تەنیا بەوە تاوانبار نین، کە مافیان، ئەمە دیوە بچوکەکەی وێنەکەیە، ئەوان بەوە موجریمن، کە دۆخی مافیاییان خولقاندو لە شاخەوە هاتنە خوارەوە سیستەمی مافیاگەرییان دروستکرد.

***شاباز محەمەد: هێمن بنەسڵاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

**پەیکار عوسمان:** هێمن چەکداربووە، بەڵام زانیویەتی کە ڕەخنە بەچەك ناگیرێ. ئەمە ئەو هۆشیارییە سادەیەیە، کە زۆرینەو نزیك بە هەمووی ئێمە نیمانە!

ئاخر خەڵکێکی زۆری ئێمە، کە چەکداریش نین، بەڵام بڕوایان بە مەنتقی چەك هەیە بۆ گۆڕانکاریی، لەکاتێکا ئەوەی، کە هەیە چەك بەسەری هێناوین.

***شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

**پەیکار عوسمان:** لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەی بەرامبەر هێمن کرا، ئەنفالە لەسەر مستەوای تاك، بەڵام هێمن خۆی سەری بەرزە بەقەت هەڵەبجە.

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

**پەیکار عوسمان: ڕووداوی سەرتاشینی هێمن لە زۆر ڕەهەندو ڕووەوە قسەی لەسەر ئەکرێ، بەڵام هەموو قسەو ڕەهەندو شتەکان پووچن لە ئاست کەرامەتی ئینسان.**

**دەسکاریکردنی ناوەوەی ئینسان، زۆر توندترە لە دەسکاریکردنی جەستە، ئێمە قژی هێمن ئەبینین، لەگەڵ هەنێ ماناو پێناسەی کۆمەڵگا بۆ حاڵەتە، بەڵام هێمن لە شوێنێکی دراوە تەنیا خۆی ئەزانێ کوێیە، ئێمە هەموو قسە لەسەر هێمن ئەکەین، بەڵام ڕاستترین قسە لای هێمن خۆیەتی، ئەوەش نیە، کە ئەیڵێ، ئەوەیە، کە بۆی ناوترێ.**

***شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت.**

**ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

**پەیکار عوسمان: لە کەیسە سیاسییەکاندا سیناریۆو پاساوەکانی تاوانبار، هەمیشە تاوانی دووەمی ئەون دەرهەق بە قوربانی، موجریمەکانی ناو کەیسی سیاسیی هەمیشە زیاد لە تاوانێك ئەکەن، ئازادیخوازان لە کەیسێکدا هەمیشە زیاد لە تاوانێکیان بەرامبەر ئەکرێ، چونکە خەسم و حەکەم هەر یەکێکن.**

*شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەم پیشەیە لەئاستی باڵادا نین؟

پەیکار عوسمان: دامەزراوەی سەربازی لە ستەمکارییدا دامەزراوەی ئەمنی ستەمکارانە نەك ئەمنی قەومی، بۆیە ئاساییە خوارەوەی پێشمەرگە سەربە خەڵکی ئاسایی بن و سەرەوەی پێشمەرگە سەربە خەڵکی نائاسایی و دێو ودرنج.

*شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بۆ هێمن درێژ کردو سوکایەتیان پێکرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟

پەیکار عوسمان: قسەیەکی باو هەیە ئەڵێ ئیرهاب دینی نییە، ئەمەوێ بڵێم ستەمکارییش قەومی نیە، ستەمکاریی هەر ستەمکارییە غەیرەو خۆماڵیی هیچی لێ ناگۆڕێ، ستەمی کوردو غەیرەکورد هیچ فەرقی نیەو ڕەنگە فەرقەکەی هەر ئەوەبێ، کە هی کوردەکە ناخۆشترە.

ستەم لە ستەمکاریی دەکەین، ئەگەر ئەزمونی بەعس و دەوڵەتانی سەردەست وەکو ستەمکار بناسین و ئەزمونی خۆشمان نەخەینە هەمان پۆلێنەوە.

***شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت، کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**پەیکار عوسمان: ستەمکاران کاری خۆیان بە باشی دەکەن، ئەمە تاکە شتە، کە پێویستە تیایا لاسای ستەمکار بکەینەوەو چاوی لێبکەن، یەعنی ئازادیخوازانیش کاری خۆمان بە باشی بکەین.**

**یەعنی من ڕەنگە نەتوانم شتێك لەو دۆخە بگۆڕم، کە هێمنی تیا ئازار ئەدرێ، بەڵام گرنگە ئازاری هێمن شتێك لەمنا بگۆڕێ.**

***شاباز محەمەد: ڕاوەدوونانی حوکمڕانە چەوت کردارەکان چارەسەرە یان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

**پەیکار عوسمان: چارەسەر هۆشیارییە، بەڵام هۆشیارکردنەوەی ئەو نا، هۆشیارکردنەوەی خۆ.**

**یەعنی کار لەسەر خۆمان بکەین، نەك کار لەسەر یەکتریی، ئێمە هەمیشە کار لەسەر یەکتر ئەکەین و خۆمان بیرئەچێ بۆیە هیچ ناگۆڕین، گۆڕینی ڕاستەقینە خۆگۆڕینە نەك ئەو گۆڕین و دنیا گۆڕین.**

*شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چییە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟

بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن کاتێ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟

پەیکار عوسمان: کاتێ هێمن پەنا بۆ دادگا دەبات، خۆ ئەزانێ دادگا وا لە ژێر پێی هەمان ئەوانەدا، کە سەری ئەویان تاشی، خۆ ئەزانێ سەری یاسا پێش سەری ئەو تاشراوە.

ئەو تەنیا ئەیەوێ شوێنێکی گرنگمان پیشانبدا، شوێنێك، کە دواجار ئەوەی هەیە لەوێوە کۆتایی دێ و ئەوەی نییە لەوێوە دەست پێدەکات.

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز جەزا سەرسپی

# پێشمەرگەی دێرین



*شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هـێمن بنەسـڵاوەییدا پـارتی ماسـکی چـەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟

جـەزا سەرسـپی:لەدۆسـیەکەی هێمنـەوە پارتی ماسکی سـەدەهەمینی لەسـەر ڕوی خـۆی هەڵمالی..

*شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانـە ئـەکات یـا وەکـو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟

جەزا سەرسپی:پارتی سەرەتا وەکە خیلٚ ودواتر وەکو حیزب ئەم کارانە ئەکات

***شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

**جەزا سەرسپی:نەبونی سیستەم و پیادەنەکردنی عەدالەتی ئیجتیماعی ڕیگای بۆ ئاسان کردوون.**

***شاباز محەمەد: هێمن بنەسلاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

**جەزا سەرسپی:رەهەندەکانی پشتەوەی هیمن ڕۆشنبیری و مەبادیئەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە.**

***شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسلاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

**جەزا سەرسپی:ڕوداوەکەی هیمن لە یەك کاتدا تیرۆری فیکریش و جەستەییشە.**

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسلاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

**جەزا سەرسپی:ئاودیوکردنی هیمن. ڕاشکاوانە هەنگاویکی دیکتاتۆریانەو بێمنەت بوونە لە ڕاو کاردانەوەی خەڵك.**

***شاباز محەمەد: پارتی دەلێت؛ هـێمن بنەسـلاوەیی چـونکە لەسـلکی عەسـکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت. ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

**جــەزا سەرســپی:هـەمو کـەس لـە هـەر مەجالێکـدا کـار بکـات بـە شـیوازیکی گونجـاو مافیکی بۆ دیاریکراوە، تا بتوانی تەعبیر لە ڕای خۆی بکات و رەخنە بگرێت.**

***شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئـەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنـەگرانی ئـەم پیشـەیە لەئاسـتی باڵادا نین؟**

**جــەزا سەرســپی:لـە ئاسـتی باڵـادا کـەمتر ڕەخنــەگر پەیـدا ئـەبن و دەرئەکـەون .. چونکە زۆربەیان ئیمتیازی حیزبی و حکومی دەمی کلۆم کردوون.**

***شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بـۆ هـێمن درێـژ کـردو سـوکایەتیان پێکـرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێڕاق؟**

**جەزا سەرسپی:هیچ جیاوازیەك نییە لە نیوانیاندا.**

***شـاباز محەمــەد: چــۆن دەتوانرێــت پــێش بــەم ڕووداوانــە بگیردرێــت، کــە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**جــەزا سەرســپی:بـە ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنیکی بێگـەردو وریاکردنـەوەی زیـاتری خەڵك، تا رادەیەك دەتوانری دەسەلاتی خێڵ ومافیا کەم بکرێتەوە.**

***شاباز محەمەد: ڕاوەدوونانی حوکمڕانە چەوت کردارەکان چارەسەرە، یان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

**جەزا سەرسپی:هەردوکیان.**

***شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چییە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟**

**جەزا سەرسپی:ناچاریە، چونکە یاسا سەروەر نییە.**

***شاباز محەمەد: بە هێزی دەسەڵات کێشەکان یەکلای بکرێنەوە نەک بە هێزی قانون؟**

**جەزا سەرسپی:بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن، کاتێك پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟**

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز

# دکتۆر محەمەد عەلی مامۆستای زانکۆ



***شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی: لەسەردەمی هۆشیاربونەوەی کۆمەڵگاو تەکنەلۆژیای نوێو فراوانبونی دەنگی ناڕەزایی، پارتی نەیتوانیوەو ناتوانێت سیاسەتە ستەمکارانەکەی لەپشت ماسکەکانەوە بشارێتەوە. کەوتنی ماسکەکانی پارتی بێشومارنو لەم کەیسەی کاک هێمینیشدا، ماسکێکی تری پارتی کەوت .**

***شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی: پارتیو بنەماڵەو جمکنو جیاناکرێنەوە. بەواتایەکی تر، پارتی هیچ نیە بەبێ بنەماڵەی بارزانی. ئەفەندیەکانو خاوەن بڕوانامەکانی پارت، ناتوانن بەبێ**

ڕازیکردنی بنەماڵەی بارزانی بەردەوامبن. ئەگەر ئەم چینە خۆیان خێڵەکیش نەبن، ئەوا مومارەسەی عەقڵی خێڵەکی دەکەن لە پارتیدا .

*شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟

**دکتۆر محەمەد عەلی:** ئەم گروپەی دەسەڵات بەبەرنامە و پلان ئەم کارانە دەکەن نەوەك سودفە، بەڵکو بەتەکبیرو نەخشەی جەهەنمیانە ئەم کارانە دەکەن .

*شاباز محەمەد: هێمن بنەسلاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟

**دکتۆر محەمەد عەلی:** پارتیو نوخبەی دەسەڵاتداری پارتیو یەکێتی ئەوەندەی لەوشەو خەباتی مەدەنی دەترسنو نیو ئەوەندە لە چەکو دەسەڵاتی سەربازی ناترسن. لەم ڕاونگەیەوە، وشەکانی کاك هێمن لە چەك و هێزی بازو کاریگەرترە .

*شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسلاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟

**دکتۆر محەمەد عەلی:** ئەم لێدانەی کاك هێمن چەند لێدانێکی کەسیە، ئەوەندەش لێدانێکی کۆمەڵایەتیەو ناردنێکی پەیامێکی سیاسیە بۆ هەمو ئەوانەی تر، کە قسەدەکەن و چالاکن. بەڵام لێکەوتەکانی بەم کارە قێزەونە، بە زیانی پارتیو بەرپرسەکانی کەوتەوە .

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی:** سنورداشکردنی کاک هێمن لە خاڵی پشکنینی پردێ، کەوتنی گەورەترین ماسکی پارتیە لە ڕوی نەتەوەییەوە. پارتی باسی دەوڵەتو سەربەخۆیی دەکات، بەڵام خاڵەکانی پشکنینی پردێ‌و دێگەڵەی موقەدەس کردوە. سنوری دەوڵەتەکەی پارتی، بەپێچەوانەی دەوڵەتەکانی تری دونیا، سنورەکەی بچوك و بچوکتر دەبێتەوە !

***شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت. ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی:** پارتی دەیان‌و سەدان کەسی ناوهێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستی سیاسی‌و حیزبی‌و بنەماڵەیی خۆی، بەڵام ئامۆژگاری لایەنەکانی ترو کەسانی تر دەکات، ئەم کارەنەکەن! ئەگەر کاک هێمن کەمپینی سیاسی بۆ بارزانی‌و پارتی بکردایە، دەستخۆشی لێدەکرا، بەڵام گەر ڕەخنەیان لێبگرێت، لەسلکی عەسکەریەو نابێت قسەبکاتو لێیدەدەن !

***شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەم پیشەیە لەئاستی باڵادا نین؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی:** هۆکار زۆرە بۆ ئەم دیاردەیە، دەکرێت ئەوانە بەرژەوەندیان هەبێت و لەکەسە پلەباڵاکانی پارتی‌و یەکێتی بترسن. کەسانی بەرێزو خاوەن هەڵوێستیشیان تێدایە، بەڵام بەداخەوە کەمن .

***شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بۆ هێمن درێژ کردو سوکایەتیان پێکرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی:** بەڕای من دیکتاتۆری و ستەمکاری، مومارەسەو عەقڵیەتە نەوەك زمان و جوگرافیاو شێوازی پۆشینی جلوبەرگ. لەم ڕاوانگەیەوە، هیچ جیاوازیەك نابینم لە نێوان دیکتاتۆریەتو ستەمکاری کوردیو عەرەبیو فارسیو تورکی .

***شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی:** بەئازایەتی و جورئەتی کەسانی وەك کاك هێمن و میدیای ئازاد و خەباتی مەدەنیو پشتگیری حیزبەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتیو ئازادی قسەکردنو ڕەخنەگرتن. لەناوخۆی پارتی و یەکێتیشدا، دەیان کادرو کەسانی دڵسۆزو ئازادیخواز هەیە، دەشێ ئەوانیش بێنە قسەو بەرگری لە ئازادیخوازان بکات .

***شاباز محەمەد: ڕاوەدوونانی حوکمڕانە چەوت کردارەکان چارەسەرە یان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

**دکتۆر محەمەد عەلی:** بێگومان وشیاری تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی زۆر زیاترو پێشکەوتوترە لە وشیاری نوخبەی دەسەڵاتدارانی کوردی. بۆیە دەکرێ ئەم وشیاریە زیاترو بەهێزتربکرێت بەرامبەر بەنوخبەی پارتیو یەکێتی .

***شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چیە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟**

**دکتۆر محەمـەد عـەلی: سەرەڕای چالاکنەبونی دەسـەڵاتی دادوەری هـەرێمی کوردستان، بـەڵام دەبـێ ئـازادیخوازانو خـەڵکانی مـەدەنی هەمیشـە پشـتگیری لـە سـەروەری یاسـاو دەسەڵاتی دادوەری بکـەن. سکاڵا تۆمارکردنی کاك هـێمن، دەرخـەری ئەو ڕاستیەیە پارتی بـاوەڕی بـە عەقڵیـەتی جەنگەڵـەو کـاك هێمنـیش بـاوەڕی بەدەسـەڵاتی مەدەنیـە. ئـەم ململانێیەش، ڕەگو ریشەیەکی مێژوویی قوڵی هەیە .**

***شاباز محەمەد: بۆچی پارتی و سەرانی دەسـتەڵاتدارێتی هـەرێم پـەنا بـۆ دادگـا نابەن کاتێ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟**

**دکتـۆر محەمـەد عـەلی:وەك لـەوەڵامی پێشـوتردا ئامـاژەم پێـدا، پـارتیو نوخبـەی دەسەڵاتدارانی هەرێم، نوێنەرایەتی عەقڵیـەتی جەنگـەڵ دەکـات نـەوەك دەسـەڵاتی مـەدەنی. عەقڵیەتی جەنگەڵیش، باوەڕی بەدادگاو سەروەری یاسا نیەو مەدەنی نیە .**

# هەنگاو هاشم - ڕۆژنامەنووس



تاوانی هێمن بنەسڵاوە تەنها ئەوەبوو، کە وەکو ئەو دەسەڵاتدارە بێگوێ و بێهەستانە نەبوو ،کە بێ باك بێت لە ئازار و ناڕەحەتیەکانی هاوڵاتیانی، بۆیە داوای باشکردنی ژیانی خۆی وەکو پێشمەرگەیەك و سەرجەم پێشمەرگە هاوکارەکانی و کۆمەڵگەی کرد، بەڵام بەشێوازێکی بەڵتەجیانە و ترسۆناکانە پەلاماری هێمن دراو جارێکی دیکە سوکایەتی بە یاسا و دیموکراسی و ڕادەربڕین کرا، زەبر و زەنگ، کەلەلایەن سەرجەم ئەو ڕژێمانەی خراپ مامەڵەیان کردوە لەگەڵ هاوڵاتیانیان، زەبرو زەنگ نەیتوانیوە بیان بیانهێڵیتەوە لەدەسەڵات.

هێمن بنەسڵاوە ژیان و بژێوی خۆی لەپێناو کۆمەڵگەکەی خستە مەترسییەوە، بۆیە هێمن بنەسڵاوە یەکێکە لە ڕەمزەکانی بەگژداچونەوەی ستەم و نادادپەروەری.

# شێروان ئەمین شێروانی / سەرنوسەری گوڤاری باشور. بەرپرسی رێکخراوی تێکوشان بو هۆشیاری کلتوری و میدیایی



*پارتی بەو کردەوە نا شارستانیەی بەرامبەر کاك هێمن بنەسلاوەیی ئەنجامیدا، هەموو ئەو وێستگە نائەخلاقیەکانی ئەو حزبە بەرامبەر بە نەیارەکانی خۆی ساخکردەوە، لە تیرۆرکردنی خەڵك لە سەر بیروڕای جیاواز هەتاوەکو زیندانیکردنی سەدان کەس لە سجنەکانی رایات و خەلان لە سەردەمی مەلا مستەفادا.

زور هەڵەیە ئێمە وا تێبگەین ،کە ئەم چەشنە رەفتارانە تازەن لە پارتی، لە مێژوودا هەمیشە خراپتری کردووە.

دیاربوو ئەوەی بەر امبەر ئەو هەڤاڵە کرا، راستە لە میتۆد جیاوازتر بوو لە پەلاماردانەکانیتر وەلێ ئاخرەکەشی نەبوو.

پارتی کە لاواز دەبێ پەلاماردەدات، کردەی لەو چەشنەی کاکە هێمن ئەنجام دەدات.

* پارتی حزب نییە بە دیدی من، گردبوونەوەیەکی خێڵەکییە لە ناو پێستی حیزبدا.

بۆیە ناتوانین هەمیشە پارتی وەك نیمچە دامەزراوەیی حزبی لەو بەرەبابە جیابکەینەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین ،کە لە ناو بنەماڵەی بارزانیشدا بە بێ مەسعود بارزانی بڕیار نادرێ و تەنها ئەوو کوڕەکەی بڕیاردەرن و ئەوانیتر وەکو شارگردن لای ئەوان.

* پێکهاتەی دەستەلات لە هەرێمی کوردستانی باشور دابەشە لە نێوان دوو بنەماڵە، بە رێککەوتن. وەك چۆن داهات دابەش دەبێت بەسەر ئەو دوو بنەماڵەیە واش دەزگای ئەمنی و توقاندن و تیرۆر دابەش دەبێت لە نێوانیان و ئامادەن هەموو شتێك ئەنجام بدەن لە پێناو مانەوەی خۆیان و درێژکردنەوەی تەمەنی خۆیان لە سەر پشتی ئەم میللەتە.

* ناتوانین پارتی لە پێوانەی یاسادا هەڵسەنگێنێن، چونکە لە بنەچەدا پێکهاتەی پارتی، کە میراتگەرایە دەستەلاّت لە باوکەکانەوە بو کوڕو نەوەکان دەگوازێتەوە لە گەڵ بنەماکانی دیموکراسی و یاسا ناکۆکە و پێکدادانی هەیە. لە پەراوێزی ئەوەی، کە حاکم و یاسا و دادگاکانیش بوونەتە بەشێك لە ئەجندای ئەو بنەماڵەیە.

خوم بە بەڵگەوە سەلماندم، کە برازایەکی مەسعود بارزانی زیندانی تایبەت بە خۆی هەیە و بە بێ فیلتەری دادگا خەڵکی زیندانی دەکات، بەلاّم هەڕەشەیان لە شاهێدەکانم کرد و دادگا بێ لایەن نەبوو لە کەیسەکەم بۆیە سزادرام.

ئەوە نمونەی رێکارەکانی دادی و پرسی یاساییە لە مەملەکەتی پارتی.

# فەرمان ڕەشاد - رۆژنامەنووس



ئەو ڕەخنانەی، کە هێمن بنەسڵاوەیی وەك پێشمەرگەیەك گرتی لە دۆخی سیاسی و ژیانی هاوڵاتیانی هەرێم بەگشتی و پێشمەرگە بەتایبەتی گوزارشتی لە بۆچونی زۆرینەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکرد، کە ئەوان لەبەر هەر هۆکارێك بێت ناتوانن قسەی ناخی خۆیان بکەن، ئەوەی لەپشتی ئەو هەڵوێستە بوو ئەو هەموو گەندەڵییەی دەسەڵات بوو، ئەو سوکایەتی و دزیەی، کە رۆژانە لە قووتی خەڵك دەکرا، ئەو سوکایەتیەی، کە بەردەوام بەرامبەر پێشمەرگە دەکرا، بەڵام ئەو دەسەڵاتە پێشمەرگەیەکی دەوێت، کە بێدەنگ بیّ و تەنانەت لەسەر مافەکانی خۆشی قسە نەکات، چی ویست لێی بکات و قبوڵی بکات، بۆیە ناتوانن تەحەمولی هەڵوێستی پێشمەرگەیەك بکەن پێیان دەڵیّ نا، ئەو هەڵوێستەی هێمن هەڵوێستێکی تەواو مەدەنی بوو بەرامبەر دەسەڵاتێکی نامەدەنی، حکومەت دەبوو پێی خۆش بێت، کە گەنجێکی پێشمەرگە جیا لەسەردەمی ناوخۆ، کە هەموو ململانێکان بە شەڕ و کوشتن یەکلابوەتەوە ئێستا خەڵك پەنا بۆ رێگای مەدەنی دەبات.

بۆیە ئەو جۆرە مامەڵە نائینسانی و نامەدەنیە دەریدەخات ئەو دەسەڵاتە چەندە دواکەوتوە.

ئەو کاردانەوە جەماوەری و گەورەیە بەرامبەر ئەو سوکایەتیەی، کە بەرامبەر هێمن کرا .ئەو ڕاستییەی دەرخست، کە داواکاریەکانی ئەو داواکاری زۆرینەی خەڵکە، بۆیەش خەڵك خۆی لەو کەیسە کردە خاوەن و بەچەندین شێوە پاڵپشتیان لە هێمن کرد.

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز بەشدار عوسمان - رۆژنامەنووس



**※شاباز محەمەد: هێمن بنەسلاویی سەربازێکی ئەم وڵاتە بووە کەسێکی چەکدار بووە، بەڵام وەکو کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووە بەبێ بەکارهێنانی چەک رەهەندەکانی پشت ئەم هەڵویستەی هێمن چین ؟**

**بەشدار عوسمان : سەرکوت و تیرۆرو سڕینەوە و تەسفیەکردنی کەسانی ناڕازی و موخالفینی سیاسی یەکێك لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی دەسەڵاتی کوردی بووە لەدوای ڕاپەڕینەوە ، دەستیان لە وەحشیانەترین کارێك نەپاراستوە بەرامبەر خەڵکانێك، کە ناڕازین بە دەسەڵاتی چەتەگەرێتی ئەو دەسەلأتە،خەڵکانێك، کە پێشووتر خۆیان و خێزانەکانیان قوربانی زۆریان داوە لەسەر دەستی رژێمی بەعس و چاوەڕوان بوون بگەن بە ئازادی و بەشێك لە خواست و ویستەکانیان ،بەڵام سەریان داوە لە بەرد و لەگەڵ دەسەڵاتێکی**

هاوشێوەی بەعس ڕووبەڕوو بووین،کاتێکیش نارەزایەتی دەردەبڕن و تەسلیمی ئەو مۆتۆسفیرە نابن، کە ئەوان دورستیان کردوە دەکەونە بەر شەق و گوولڵەی چەك بەدەستەکانیان ،لەولاشەوە لاف دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی بە خەڵك دەفرۆشنەوە.

ئەگەر چاوێك لە مێژووی تەنها دوو دەیەی حکومڕانیان بخشێنیتەوە ئاسان تێدەگەیت، کە گەرای چ ستەمکارییەکیان لەم کۆمەڵگا داناوە و ئەو کۆمەڵگایەیان نقومی چ بێمافی و دز و تەخشان و پەشخانێکی سەروەت و سامانێك کردوە. بەسەر چەند بنەماڵیەکی دەست ڕۆیشتوی،منالّ و دەست و پێوەندەکانیان لە ژیانێکی شاهانە و لەوپەڕی ڕەفاهیەتدا دەژین، بەشی هەرە زۆری خەڵکیش لە نانی بەیانی منالّەکانی دڵنیا نییە و لەنێو کەلاوەکاندا شەو و رۆژ دەکاتەوە و ناچار دەبیّ لە مارکێتەکان دەست بۆ قوتوی شیری منالّەکانی بەریّ، تا لە برسان نەمریّ ..! لەکۆمەڵگایەکی بەمجۆرە نایەکساندا دەنگی ناڕەزایەتی لە لوتکەدایە و ئەوانیش سڵیان لە هیچ کار و کردەوەیەك نەکردۆتەوە بۆ خامۆشکردنەوەی ئەو دەنگە دڵێرانە خۆشبەختانە سەرکەوتوونەبوین.

ئێوە سەیرکەن لەسەر چەند وتارێکی رەخنەیی تەنز ئامێز گوولّەیان نا بە دەمی گەنج و رۆژنامەنوسەکان ،هیستریایان گەیشتە ترۆپك ،کاتێك گەنجێکی وەکو هێمن لە گەڕەکێکی هەژارنشینەوە لێیان هەڵدەستێتەوە و دەڵێ پارەی دزراوی خەڵك بگەڕێننەوە ..! بۆیە دەیانەوێت لەڕێگای هێمنەوە پەیام بدەنە گەنجان و دەست بۆ ئیهانە و سووکایەتی ( بە بیرکردنەوەی خۆیان ) و شار بەدەرکردنی دەکەن ،وەکو سەردەشت عوسمان دەڵێ ( بەدبەختی ئەو دەسەڵاتە ئەوەیە ، باکی بە مردنی نەوەکانی خۆی نیە ).

### شاباز محەمەد:لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە ؟

**بەشدار عوسمان** : کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی هۆشیار و مۆدێرنە ،هەموو ئەو ڕێگایانەی دەسەڵاتی کوردی ناویەتی بۆ ناشیرینکردن یان کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤە ناڕازییەکان یەك زەڕە لە سۆز و خۆشەویستی و جوانی مرۆڤەکانی کەمنەکردۆتەوە ، ئێوە سەیرکەن کەم نەبوون ئەوانەی کەیسی قانونی و کۆمەڵایەتیان بۆ دورستکرا بۆ لێدانیان و شکاندنی شکۆی کۆمەڵایەتی و سیاسین ،بەڵام جوانتر بوون لە پیشووتر، چونکە خەڵکی هۆشیاری کوردستان ئامارژەکانی پشتەوەی ئەو جۆرە کارە ڕیسواییەی ئەوان دەخوێنێتەوە . هێمن بنەسلاوی یەکێکە لەو مرۆڤە جوانانەی کۆمەڵگای کوردی میهرەبانانە باوەشی بۆ کردەوە و پێیانگوت ئەگەر لەماڵەکەی خۆت دەرکرای، بەڵام لەماڵی هەمووماں میوان نیت و خانەخوێت!..

پێموانیە دەسەڵاتێك، کە پایەکانی زۆر لەوە لەرزۆکترن، کە ئێمە دەیبینین ،سەرەڕای ئەو هێزە ماددیەی لەبەردەستایە بتوانێت لە ناشیرینکردنی کەسانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز سەرکەوتوو بێ.

**شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسلاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت. ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن ؟**

**بەشدار عوسمان** : لەهەموو دنیا دادگا و دەسەڵاتی قەزائی هێزی راستکردنەوەی کۆمەڵگایە لەپۆخڵەواتەکان ،لەهەر شوێنیك نادادی و دزی و ستەم هەبوو دادگا و داواکاری گشتی لەریگای پۆلیس و هێزە سەربازییەکان هەوڵدەدەن کۆمەڵگا لەنێو ئەو وەزعیەتە نا سروشتیە دەربهێنن ، ئەوەی هێمن کردویەتی بچوکترین کار و ئەرکێکە لەئاست ئەو هەموو دزی و گەندەڵی و نا دادی و ستەمەی، کە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگایە دەکرێت،وەکو پۆلیس و وەکو هاوڵاتیەك هەوڵیداوە بچوکترین ئەرکی ئەخلاقی و یاسایی خۆی جێبەجێ بکات.

ئەوە پارتی و یەکێتی بوون لەماوەی ٢٧ ساڵدا هێزە ئەمنی و سەربازییەکانیان خستە خزمەتی دەسەلآتە لێوان و لێو لە ستەم و ناعەدالەتیەکەیان و پاراستنی خێلّ و بنەماڵەکانیان کردە واجبی سەرەکی ئەو هێزانە ،بەمەش گەورەترین ئیهانە و سووکایەتیان بە هێزی سەربازی کرد، خەون و خولیای هەزاران گەنجیان لەگۆڕنا، کە بە ئومێدی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بیّ چین و چەوسانەوە روویان لەم سلکانە کردبوو .

دادگا و دەسەڵاتی قەزائیان کرد بە یەکێك لە هەرە دەسەڵاتە پاسیڤەکان،لە تەکیە و خانەقا و دیوەخانەکانیان بڕیار لەسەر دەسەڵاتی دادوەرە بەڕیزەکان دراوە و بێدەسەڵات کراون و تەنانەت بچوکترین کەیس عادیلانە یەکلانەکراونەتەوە و ماف بۆ مافخوراو نەگەڕاوەتەوە . یەکێك لەم تاوانە گەورانەی، کە رۆژێك دەبێت سەرانی ئەو دەسەڵاتەی لەسەر دادگایی بکرێت ،بەکارهێنانی هێزی سەربازی و دادگاکان بووە بۆ ستەمی زیاتر ، دزین و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی زیاتر.

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز هەڵمەت محەمەد

# ئەندامی ژوری توێژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان



***شاباز محەمەد :چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕوداوانە بگیرێت، کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**لە ڕاستدا هێمن یەکەم قوربانی دەستی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە نییە، لە پێش ئەو کەسانی دیکە هەبوون بوونەتە قوربانی ئیدی لە هەڕەشەوە بگرە تا لێدان و ڕاودونان و تەنانەت کوشتنیش، لە دوای کەیسی هێمن بنەسڵاوەیی دەیان کەسی دیکەی چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەو تێهەڵدان تۆمارکراون، کار وابڕوات ئەم مامەڵەیە بەردەوامی دەبێت.**

**پرسیارە جدییەکە ئەوەیە چ هێزێك ڕێگە بەم پێشلکارییانەی دەسەڵات دەهێنێت لە هەرێمی کوردستاندا؟ چارەسەرکردنی ئەم عەقڵیەتەش بە تەنها هۆکارێك ناکرێت بەڵکو دەبێت:**

**1-پێش هەموو شتێك دەبێت گۆڕانکاری لە عەقڵییەتی حکومڕانی پارتی و ئەو هێزانە ڕووبدات، کە وەکو ئەو بیر دەکەنەوە.**

2–سەروەری یاسا بناغەی حکومڕانییەکی تەندروستە، بۆیە پێویستە باڵایی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنرێت و هەمووان لەبەردەمیدا یەکسان بین، ئیدی چ هاوڵاتی بێت یا دەسەڵاتداران، لە حاڵەتێکی لەمجۆرە کەیسەدا ئەگەر هێمن تاوانباربێت دەسەڵات دەبێت بەیاسا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، خۆ ئەگەر پێچەوانەکەشی ڕاست بێت ئەوا ماڤی هێمنەکان نابێت بفەوتێت.

3–لەم کەیسانەدا پەرەسەندنی دیموکراسی لەم نیشتمانەدا ڕێگە خۆشدەکات بۆ:

أ.پانتایی ئازادی ڕادەربڕین، ئاسایی کردنەوەی رەخنەو رەخنەگرتن.

ب.رێگرتن لە گرتن و کوشتن و تێهەڵدان لە دەرەوەی یاسا.

ت.داماڵینی حیزب لە هێزی چەکدار و دەمامکدار، بۆ ئەوەی بە قازانجی حیزب دەستوەرنەدات لە کۆمەڵگەدا.

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز کارزان کەریم

## نوسەرو رۆژنامەنووس – هەولێر



**شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟**

**کارزان کەریم: پارتی لە کارە قێزەوەنەکان هەمیشە پێشەنگ بووە. بۆیە من وایدەبینم، ئەمە یەکەم کار و دوا کاری نابێت لە پێناو مانەوەی لە دەسەڵات ساڵی ٢٠١٥ و ساڵی ٢٠١٦ زوترین روداوی قیزەوەن لەسەر دەستی پارتی رویانداوە لە سووتاندنی ریشی ماموستای ئاینی. لە لادانی مامۆستا و ڕاونانی رۆژنامەنوس و لەکەدارکردنی بیشمەرکە ،کە سەرۆکی حیزبەکە دەڵێ من پێشمەرگەم.**

**شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەمجۆرە کارانە دەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

**کارزان کەریم:** من پێم وایە ئەمە نەریتی خێڵە، چونکە پارتی خۆی خێڵەکییە. سەیری مێژوو بکە بۆنموونە کارەساتی (هەکاری)، کەخودی بارزانی خۆی لە پشت جێبەجێکردنی بووە بۆیە حیزبەکەشی هەڵگری هەمان نەریتی خێڵەکییە.

**شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

**کارزان کەریم:** بەشیکی بۆیان چۆتەسەر بەشێکیشی بەڵێ ئەم عەقڵیەتە لە ناخیاندا وجودی هەیە .

**شاباز محەمەد: هێمن بنەسڵاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

**کارزان کەریم:** پارتی هەمیشە لە هێزی مەدەنی و رەخنە ترساوە، بۆیە ئەمکارە قێزەونانە دەکات پێیی وایە سەلامەت دەردەچێت، بەلاّم پەتی زوڵم کورتە.

**شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

**کارزان کەریم:** من پێم وایە هیچی کەمتر نییە.

شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئـاودیوکردنی هـێمن بنەسـڵاوەیی بـۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟

کارزان کەریم: **وایدەخۆێنمەوە هیشتا پارتی باوەڕی بە دوو ئیدارەیی هەیە.**

شاباز محەمەد: پارتی دەڵێـت؛ هـێمن بنەسـڵاوەیی، چـونکە لەسـلکی عەسـکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت؟

ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟

کارزان کەریم: **ئەمە جگە لە چەواشەکاری هیچی تر نییە، جونکە دوای تەواوبوونی ئەرکی یاسایی خۆی کەسێکی مەدەنی ئاساییە.**

شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگـەو مەینـەتی ئـەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنـەگرانی ئـەم پیشـەیە لەئاسـتی باڵادا نین؟

کارزان کەریم: **هیشتا بەعەقڵی شاخ حوکمڕانی دەکەن بۆیە تێناگەن.**

شاباز محەمەد: ئەوانـەی دەسـتی بـۆ هـێمن درێـژ کـردو سـوکایەتیان پێکـرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟

کارزان کەریم: **من هیچی کەمتر نابینم**

شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت، کە (هـێمن)ەکـانی تێدا ئەتک دەکرێت؟

کارزان کەریم: **بەسەروەربوونی یاسا و رێگرتن لە دەستی حیزب لە حوکمڕانی و داماڵینی حیزب لە هێزی چەکدار.**

شـاباز محەمـەد: ڕاوەدوونـانی حوکمڕانـە چـەوت کردارەکـان چارەسـەرە یـان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟

کارزان کەریم: **کاریکی هەڵەیە و مێژوو رەحمی پێناکات وەك ٣١ی ئاب.**

شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چییە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟

کارزان کەریم: **کارێکی باشە**

شاباز محەمەد: بۆچی پارتی و سـەرانی دەسـتەڵاتدارێتی هـەرێم پـەنا بـۆ دادگـا نابەن کاتێ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟

کارزان کەریم: **چونکە پێیان وایە هێشتا حوکمی خێڵەکی باوە.**

# مامۆستا ئاشتی حەمەعەلی

## ئەندامی ئەنجومەنی پێشتری پاریزگای سلیمانی



بونیادی ئەمجۆرە حیزبانە لەسەر بنچینەی خێڵ و بنەماڵە دامەزراون .پەیڕەوو پرۆگرام و شێوازی کارکردنیان سەرجەمی بۆ هێشتەوەو خزمەتی بنەماڵەکانیانە.

ماف هاوڵاتیبوون و پاراستنی کەسێتی و شکۆی هاونیشتمانیان، تا ئەو شوێنەیە، کە خزمەت بەبەرژەوەندی حزب واتە بنەماڵە ی دەست ڕۆیشتوو دەکات. هەر بۆیە نەیاری حزب واتە نەیاری بنەماڵە.

لێرەدا، کە باس لە پارتی دیموکراتی کردستان دەکرێت لە قاعیدەوە بۆ سەری سەرەوە واتە بنەماڵەی بارزانی. پارتی بوون واتە گوێ ڕایەڵی بۆ فەرمان و ئاماژەکانی بنەماڵە...

کاتێک (هێمن بنەسڵاوەیی) دەبێتە نەیاری پارتی و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەیەکی ڕکابەری پارتی،،زۆر خێڵەکیانە و بە ئاشکرا دوور لە ئادابی حزب و درووشمە جوانەکانیان تۆڵەی لێدەکرێتەوە .

بۆ ئازاردانی زیاتری ناخی ئەم هەڵسوڕاوەی گۆڕان هاوسەری کاک هێمن و منداڵەکانی بە شێوازێکی ناشرین و نائینسانی ئازار دەدرێن، خۆدەزگاکانی حزب لەوە دڵنیان، کە خاتوو (بنار) هیچ تاوانێکی نییەو هەڵسوڕاوی گۆڕانیش نییە، بەڵام لەم ڕێیەوە دەیانەوێ سەرجەم نەیارە ناوخۆییەکانیان چاوترسێن بکەن.

ئەم هەڵسوکەوتانە بەمجۆرە حیزبانە نامۆ نییەو ساڵانێکە جێبەجێی دەکەن ، واتە تۆڵە کردنەوە لە ڕێگای کەسوکارەوە ،،

بەداخەوە، کە بۆ ئەم سەردەمەی کە حکومەتی هەرێم هەیەو پەرلەمان و دادگاکان و دامەزراوە......... ڕەفتارێکی ناشرین و نابەجێیە و تەنیا لەو دەسەڵاتانە دەوەشێتەوە ،،

لێرەدا شکۆو کەسێتی (هێمن و هاوژینەکەی) نەشکاوە، بەڵکو شکست خواردنی ئەو حکومەت و پارتەیە، کە خۆی بە پێشرەو و حوکمڕانی ئەبەدی وڵات دەزانێت.

ئەو کاتەی پاڵ بە ژنێکی دووگیانەوە دەنێن و منداڵەکەی لەباردەبەن ،ڕووی ڕاستیان نیشانی کۆمەڵگا دەدەن، کە ئەوان پارێزەری خەڵك نین، بەڵکو پارێزەرو پاسەوانی بەرژەوەندی بنەماڵەن.

دڵنیام ئەمە برینێکی ساڕێژ نەبووی ناخی هێمن و هاوەڵەکانیەتی بەهەمان شێوە ئێمەشی نیگەران کردوە، کەلەم سەردەمەدا کەسانێك حوکمی ئەم بەشەی کوردستان دەکەن لەڕێی یاساکانی دیوەخانەوە خەونی میللەتێکیان لەباربرد.

بۆ ڕزگاربون لە ژێردەستەیی و ڕامالینی یاساکانی خێڵ و جێگرتنەوەیان بە دامەزراوەی یاسایی و پاراستنی کەرامەت و شکوی تاکەکانی کۆمەڵگا ،،بێدەنگ نەبونە لە ئاست ئەم پێشێلکاریە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاو عەقڵی حزب، چونکە چیتر ئەم مۆدێلەی حوکمڕانی بۆ ئەم سەردەمە گونجاو نیبەو زۆریش درەنگ کەوتوین لە گۆڕینیان..

# مەسعود عبدالخالق



ئەوەی بەرامبەر هیمن بنەسلاوەیی کراوە لەگەل زۆربەی مادەکانی (جاڕنامەی ماف مرۆڤ)دژە ،بەتایبەتی مادەی (5) ،لەهەندێ دۆخ دەگاتە تاوان دژی مرۆڤایەتی ،بۆیە ئەوانەی ئەو تاوانەیان کردوە دادگاکانی نیودەوڵەتی و محەلی دەیان گریتەوە ، لەلایەکی تریش ناوبراو پیشمەرگە بووە و رۆژانەش باس لەسەروەری پیشمەرگە کراوە لەلایەن سەرکردایەتی ئەو حزبە، کەچی نوقە نەبوو بەرامبەر ئەو تاوانە ، لەهەموی ترسناکتر بۆچی ئەو جۆرە پەروەردەیە بۆ بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی کوردستان بگاتە ئەو ڕادەیەی لەسەر رەخنەو هەڵسەنگاندنیك ئاوا لەپیشمەرگە بکریت ،ڕیشی مەلا بسوتێنریت ، بە شەق لەمامۆستای قوتابخانە بدریت ...، لەکۆتاییدا ئەوەی سەرکەوتوە ریبازی کاکە هیمنەو کۆتایش بۆ ئەودەستەو تاقمە ستەمکارو فاسدانە.

# دکتۆر ڕەعد مامۆستای زانکۆ



ئەوەی لەگەڵ هێمن بنەسلاوەیی کراوە نەك تەنها پێچەوانەی جاڕنامەی ماڤی مرۆڤ ویاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان وعێراقە، بەڵکو پێچەوانەی رێسا وعورفە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیە.

سزادانی هێمن بە ئەشکەنجەی جەستەیی وسوکایەتی پێکردن ونانڕین ودەرکردنی لە زێدی باوك وباپیرانی نیشانەی بەهێزی حزبی دەسەڵات نییە لە هەولێری پایتەخت، بەڵکو بەڵگەی کپکردنی بیروڕای ئازاد و ئیفلاسی سیاسی ولاوازی پێگەی جەماوەری حزبی دەسەڵاتدارە لە هەولێر.

ئەم جۆرە رەفتارانە تەنها لە مێژووی حزبە فاشیەکانی جیهان خوێندراوەتەوە وهەڵسوکەوتی حزبی بەعسی عێراقمان بەبیر دەهێنێتەوە کاتێك پیلانی پاکتاوی نەژادی وسیاسیان پەیڕەو دەکرد.

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز هەوار جەمال سابیر

## مامۆستای زانکۆ



### ❋ سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چییە لە زهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی ؟

دادگاکان داهێنانێکی شارستانین، کە مرۆڤایەتی دوای مێژوییەکی دورودرێژ لە دڕندەیی و ژیانی دواکەوتوی گۆمەڵکە سەرەتاییەکان پەنایان بۆ بردووە، لە ئێستادا دادگاکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە جیهاندا بۆ بەدیهینانی جۆرێك لە دادپەروەری لە نێوان مرۆۆ و لایەنە جیاجیاکانی ململانێ و کێشەکاندا، واتە دادگاکان بەشێکی گرنگن لە شارستانیەت و ڕۆشنبیری هەر ژینگەو کۆمەڵگەیەك بەپێی ڕۆشنبیری و ئاستی پێشەکەوتنیان، لە هەر شوێنێکی ئەم گێتیەدا دەتوانین پێگەو کاریگەریی دادگاکان وەك ئاماژەیەك و پێوەرێکی بەهێزی ئاستی ڕۆشنبیری تاك و کۆمەڵگەکان چاولێبکەین. بۆیە تاکی ڕۆشنبیر ئەو تاکەیە

کە هەمیشە پێداگیرە لەسەر ئەوەی، کە مافەکانی لە ڕێگەی دادگاوە بەدەستبهێنێت وەك دەستگایەکی بێلایەن لە کێشەکان.

ئاشکرایە ئامانج لە بوون و کارکردنی دادگاکان بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەروەرکردنی یاسایەکی دادپەروەرە، کە بە یەکسانی بەرگری لە هەموان بکات.

دیارە پەنابردنی پێشمەرگەی سەربەرز کاك (هێمن بنەسڵاوەیی) بۆ دادگاکان سەرباری ئەو گومانە زۆرانەی، کە لە سەر بێلایەنی دادگاکانی کوردستان هەیە بە هۆی دەستێوەردانی دەسەڵات لە بە ڕامیاریکردنیان، بەڵگەیەکی زۆر بەهێزو ڕونە لەسەر ئاستبەرزی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری ئەم سەربازە بەڕێزەی کوردستان، کە هەمیشە وەك نیشتیمانپەروەرێکی ڕاستەقینە لە خەمی ئەوەدایە نیشتیمانەکەی ببێتە خاوەن یاساو دادگای سەربەخۆو دادپەروەر، هەرچەند ئەم سەربازە بەڕێزە پێشمەرگەیەکی هۆشیارەو خاوەن خامەیەو بێئاگا نییە لە و بێسەرو بەریانەی، کەلەم نیشتیمانەدا دەگوزەرێن، بەڵام سەرباری ئەوانەش ئەو هێشتا سورە لەسەر خۆشەویستی نیشتیمانەکەی، سورە لەسەر گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ یاساو دادگاکان، سورە لەسەر دەستگرتن بە بەهاکانی ڕەوشتەوە، من دەستخۆشی لێدەکەم و بە نمونەی پێشمەرگەی نیشتیمانپەروەرو سەربەرزو ڕاستەقینەی دەبینم .

## پاریزەرو نووسەر سۆران محەمەد



* بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن کاتێک پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟

وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە ... ئاشکرا و ڕوونە لای هەموان، کە هێز و حیزبە دژە دیموکراتیەکان ئەوانەی باوەڕیان بە یاسا و سەرەوەریەکانی یاسا نییە و ڕەخنەگرتن و وەدەرخستنی کار و کردەوە ناڕێك و خێچەکانیان دەیخەنە بازنەی ناوزڕاندن و بوختان پێکردنەوە ... تەنانەت ئەوەی لە زمانی هاوڵاتیانیان دێتە دەرەوە ، خۆ ئەگەر بە شێوازی تەنز ئامێز بێت یاخود پەردەهەڵماڵین بێت لەسەر خراپی فەرمانڕەوایەتیان . هەر هەموو ئەمانە دەخەنە خانەی مەترسیەوە لەسەر ئایندەی فەرمانڕەوایەتیان و لەقکردن و بنکۆڵ کردنی ڕیشە و ڕەگی دەسەڵاتی داکوتراویان . هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر کاتێك لەڕێگای ڕەخنەگرتنەوە خەڵکی و تاکەکانی کۆمەڵگا هۆشیار بوەوە و هۆشەنگی هاتە ناو ئاوەزەیانەوە ، ئەوا وردە وردە کۆمەڵگا بەرەو پێش دەچێت و بیر لە لابردن و گۆڕینی

ئەو دەسەڵاتە گەندە و نارێکە دەکاتەوە، کە بوونی هەیە و هەژمونی خۆی سەپاندوە بەسەر تەواوی کۆمەڵگاکەدا ئەمە بەڕویەکدا ، بەڕویەکی تردا کاتێك دەسەڵاتێك پێی وابێت بوختانی پێکراوە یان لەکەدارکراوە پەنا نابەتە بەر دادگا بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم بابەتە گومان لەوەدا نییە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە. دەتوانم بیکەم بە دوو بەشەوە:

یەکەم : دەسەڵات خۆی باش دەزانێت، کە دادگا و بڕیاری دادگا ئەمجۆرە خەڵکانەی، کە ڕەخنە یان ناشرینیەکانی دەسەڵات دەردەخەن بەمرێگایە بێدەنگ نابن و هاواریان لە بێ دادیان کپ ناکرێت بەتایبەتی ڕێکاری دادگا ماوەیەکی زۆری دەوێت . ئەگەر چی دادگاکان ئەمڕۆکە لەسایەی فەرمانڕەوایە حیزبیە دەسەڵاتدارەکانەوە بەتەواوەتی بە حیزبی کراون و ڕەنگی داداگاکان ڕەنگی حیزبەکانیان لێینیشتووە و لە جیاتی ڕەنگ و بۆی دادپەردوەری بەمەش دەسەڵاتی دادوەری ئیفلیج کراوە بە دەست حیزبەوە تەنانەت بەرپرسان بە هەواو ئارەزوی خۆیان دەیهێنن و دەیبەن . هەروەکو وتم لە پێشتر باسم لێوە کرد، کە ڕێکاری دادگا و لێکۆڵینەوە ماوەیەکی درێژ خایانە و پێویستی بە کاتی زۆرە ، بەڵام ئەوەی دەسەڵات دەیەوێت ئەوەیە لە کەمترین کاتدا زۆرترین کاریگەریتی بەجێبهێڵێت. ئەوەش جێگای باسە دەسەڵات دەیەوێت لە ڕێگای هەڵکوتانە سەر هاوڵاتیان و تۆقاندنیانەوە ترس و دڵەڕاوکێ لە ناخی تەواوی خەڵکی دروست بکات و هەرگیز لە ناپەسەندی کردەکانیان ڕەخنە لە دەسەڵات و چۆنێتی فەرمانڕەوایەتیەکەیان نەگرن.

# ئامینە شێخ محەمەد -هەڵسوڕاوی گۆڕان



کاك هـێمن وەك پێشـمەرگەیەك سزای سیاسـی درا لەسـەر بیروبـاوەڕی سیاسـی ئێمـەی نیگـەران کـرد، چـونکە پێشـمەرگە نـاوێکی پـیرۆزی هـەڵگرتووە ناکرێـت هـەڵگری ئەم نـاوە پـیرۆزە سـزا بـدرێت لەسـەر بیروبـاوەڕی کەسـی، چونکە پـارێزەری وڵاتـە. دواتر بیسـتم دەسـەڵاتی هـەولێر سـەر و بڕۆیـان تاشـیووە و سـوکایەتیەکی زۆریـان بە کـاك هێمن کردووەو ئاودیوی سنوری کەرکوکیان کردوە و کوڕەکەیان ڕفاندووە لەڕاستیدا زۆر نیگەران بووم بەڵام کاتێك بیستم لە خێزانەکەی دراوە و منداڵەکەی لەبارچووە خەمی کاك هێمنم بیرچوویەوە.

من زیاتر قسەم لەسەر بناری خێزانیەتی چۆن ژنێك، کە دووگیانە و چاوەڕێیە کۆرپەیـەك بـە ژیان بناسێنێت سووکایەتی پێدەکرێت. چۆن منداڵێك هێشتا چاوی بە ژیان هەڵنەهێناوە لەناودەبرێت لەسەر ئەوەی باوکی بیروباوەڕی لە بیروباوەڕی دەسەڵات جیاوازە. چ تاوانێکی هەیە .

خودای گەورە ئەوەندە ڕێزی لە ژن بەتایبەت لە دایك گرتووە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە ئەم دەسەڵاتە بەبێ گوێدانە ئەوەی، کە خودا ڕێزی لە ئافرەت گرتووە هیچ یاسایەکی دونیاش نییە، کە ڕێگە بدات لە دایکێکی دوگیان بدرێت بەڵام پەلاماری ئەم خاتونەیاندا و منداڵەکەیان لە سکیدا کوشت. لە هەموو دونیا مافی ژن و منداڵ دەسەڵات و حکومەت دەستەبەری دەکات و دەیپارێزێت، تاکو ژیان بەردەوام بێت و مرۆڤایەتی گەشە بکات، بەڵام لە وڵاتی ئێمە دەبێت خۆمان ژن و منداڵ لەدەسەڵات بپارێزین.

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کاك هێمن گەیشتە شاری سلێمانی ئێمە وەکو خێزانەکەمان سەردانمان کرد و دوای ماوەیەك خێزانەکەشی زێدی خۆیان بەجێهێشت و گەشتنە شاری سلێمانی من پەرۆش بووم بۆ پێشمەرگەیەك، کە سوکایەتی پێکراوەو بڕیارمدا یەکەم کەس بم پێشوازیان لێبکەم کاتێك چوومە پێشوازیان چیم بینی خێزانێکی ئاوارە و ڕەشو ڕووت ،کە پێکهاتبون لە دایك و باوکێك و چوار منداڵ سێ کوڕ و کچێك.

منداڵەکان وەکو فریادڕەسێك لە غەریبی ببینن هاتنە لام و بە چاوی پڕفرمێسکەوە باوەشم پێدا کردن بۆمن دیمەنێکی لەبیرنەکراو بوو پرسیارم کرد کوا دایکتان وتیان هیلاکە و لە جێگادا کەوتووە منداڵەکان بردیانم بۆ لای دایکیان بینیم ژنێك لەناو بەتانیەك ڕاکشاوە و سڵاوم کرد زۆر بەبێهێزی وەڵامی دامەوە بەهۆی لەبارچوونی کۆرپەکەی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. یاخوا کەس ئەو دیمەنە نەبینێت، کە مرۆڤ لە زێدی خۆی ئاوارە بێت ئەوکاتە هەموومان گریاین و فەرمووم لێ ردن ئەو شەوە بچینەوە ماڵی ئێمە تاکو ئیسراحەت بکەن

تا لەژیان مابم ئەو دیمەنانە لەیادناکەم.

# کەمال رەئوف



هێمن بنەسڵاوایی پێشمەرگەیەکی کوردستان بوو، لەسەر رەخنەیەك سوکایەتی نەك بەخۆی بگرە بەخێزانەکەشی کرا، زۆرجار ئەمانبیست دەیانووت، کاك مەسعود بارزانی قبوڵی ناکات غەڵەت بەرامبەر پێشمەرگە بکرێت، بەڵام بۆ ئەم سووکایەتییە نەمان بینی چ لێپرسینەوەیەك کرا، گرفتەکە هەر لەوەدا نییە بەشێوازی تۆڵەکردنەوەو عورق ئەتککردن مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەی هێمن کرا، گرفتەکە زیاتر ئەوەیە، ئەوەی بەسەر هێمن هات لەبندەستی حکومەت و لەناوچەی نفوزی پارتی نەیەکەم کەیسە و نەدواین کەیسیش دەبێت، چونکە ئەوە وەك شێوازی شکاندن و تیرۆرکردن کراوەتە ئامرازێك بۆ لێدان لەنەیاران....

بەهۆی ئەوەی هێمن سەربە هێزی پێشمەرگەیە. دەبوو لایەنی پەیوەندیدار، کە پارتییە، لەبری پەلاماردان و سووکایەتیکردن، داوای یاسایی تۆماربکردایە خۆبەدڵنیاییەوە هەموومان دەزانین ئەگەر کەیسەکە بەقازانجی هێمنیش بوایە دەیانتوانی بەقازانجی خۆیان بیشکێننەوە، بەڵام ئەوانەی هەڵیانکوتایە سەر هێمن مەبەستیان سزادانی هێمن نەبووە

بەتەنیا، بەڵکو لەرێگەی هێمنەوە ویستیان ترس و تۆقاندن دروست بکەن لەدڵی هەموو ئەوانەی بەماڤی خۆیانی دەزانن ڕەخنە بگرن، بۆیە پەلاماردانی هێمن. وەك ئەوە وایە بکەر بیەوێت بەبەردێك چەند چۆلەکەیەك بکوژێت، کە بێئاگا لەوەی ئەو غەدرەی لەهێمن و خانەوادەی کرا بووە مایەی تورەبوونی زیاتری خەڵك و هێمنی رەخنەگری لەدانەیەکەوە کردە سەدان هێمنی تورەی رەخنەگر.

لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دۆڕاو ئەوەیە، کە دەیەوێت بە هێز ئیرادەی خۆی فەرز بکات، دۆڕاو ئەوەیە، کە دەیەوێت کەرامەتی خەڵك بشکێنێت و ئیرادەو خواستی خەڵك بەگرنگ نازانێت، پێشتر هێمن پێشمەرگەیەك بوو لەکاتی دەستبەتاڵ بوونیدا کرێکاری ئەکرد، لەحکومەتی هەرێم لەدەسەلاتی کوردییدا ئاوارە بووە چەند جارێك نانبراو کراوە، لەشوێنێك دەژیا چەند شوێنی ژیان نەبووە و لەخزمەتگوزاریی بێبەش بووە، باشە ئەگەر کەسێکی وەك هێمن هەقی دەردەدڵکرنی نەدرێتی هەقی ئەوەی پێنەدرێت رەخنە بگرێت ئەی دەبێت چی بکات؟ بۆیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێمن نەك شکێنرا، بەڵکو وەك مەزلۆم دەرکەوت و خەڵکیش بەسروشتی خۆی لەگەڵ مەزلومەو دژی زاڵم و ستەمکارە...

# شۆڕش ئەمین

## چالاکوانی مەدەنی



سەرتاشین و لێدان کاری ڕژێمە دکتاتۆری و تۆتالیتارییەکانە ئەمەی لەگەڵ کاک هێمن کراوە، ئەوەشی تێپەڕاندووە و ئیهانەی کەسێتی کەسێکیان کردووە، کە تەنها ڕەخنەی گرتووە، ئەوەی بەرگەی ڕەخنە نەگرێت و بەوشێوەیە وەڵامی رەخنە بداتەوە، دەبێت بەهیچ شێوەیەك پاشگری دیموکراسی هەڵنەگرێت و هەرگیز پڕوپاگەندەی دیموکراسی نەکەن. جگە لەوەی دەرکردنی هاوڵاتیان لە جێگای نیشتەجێی خۆیان بۆ شارێکی دیکە، کە ئەوان بە شاری ئیمارەتەکەی خۆیانی نازانن، ئەوە قوڵکردنەوەی زیاتری دوو ئیدارەییە. لەبەر ئەوە نابێت ئیدیعای ئەوە بکەن، کە ئەوان سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمێکن. چونکە ئەوان خۆیان بە کردەوە ئەوەیان سەلماندووە، کە ئێرە هەرێمێك نییە، بەڵکو لە دوای شەڕی ناوخۆوە دوو ئیمارەتی بارزانی و تاڵەبانییە.

گریمان ئەو بەهانەیە لە جێی خۆیدایە، کە کاک هێمن سەرباز بوەو سەربازیش نابێت ڕەخنە بگرێت، بەڵام کاک هێمن بەرامبەر ئەو تاوانە دەبێت کێ لێی بپرسێتەوە، ئایا ئەوە

**لێپرسینەوەیە، کە سەرو بڕۆی بتاشیت و لە ئیمارەتی بارزانی دەری بکەیت بۆ ئیمارەتی تاڵەبانی، یاخود ئەگەر ئەوان خۆیان بڕوایان بەو دەزگایانە هەبوایە، کە خۆیان دایان مەزراندووەو خۆشیان تائێستا سەرپەرشتی دەکەن، هەر خودی خۆشیانە باوەڕیان بەو دەزگایانە نییەو لەسەرو دەزگاکانی خۆیانەوە بڕیاری سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست دەسەپێنن بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا. لەبەر ئەوە لەم رووداوە نەشیاو و نامرۆڤانەیەی بەرامبەر کاک هێمن کردویانە ئەوە دەسەلمێنن، کە بەهیچ شێوەیەك ئەم دەسەڵاتە بڕوای بە هیچ دامودەزگایەك نییە لە هەرێمی کوردستان، تەنها بڕوای بەهێزی حیزبی خۆی هەیە.**

**زۆربەی هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بڕوایان بە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات هەیە لە رێی سندوقەکانی دەنگدانەوە، لەبەرئەوە تەنها بە لێسەندنەوەی ئەم دەسەڵاتە لەم دوو حیزبە دەتوانرێت بەر بەم روداوانە بگیرێت، ئەگەرنا هەموو شیوازەکانی فشاری مەدەنیانە گیراوەتەبەر، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دوو حیزبە بڕوایان تەنها بەهێز هەیە نەتوانراوە گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانین بکرێت.**

**دەسەڵات پەنا بۆ دادگا نابات بۆ یەکلاییی کردنەوەی کێشەکان، لەبەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بڕوای بە دەزگا شەرعییەکان نییەو تەنها بڕوای بەو هێزە چەکداری حیزبی هەیە، کە تەنها بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتیانی ناڕازی هەرێمی کوردستان بەکاریان دەهینن، چونکە ئەم دەسەڵاتە بە هیچ شیوەیەك وڵاتەکانی ئیقلیمی و دوژمنەکانی گەلی کورد بە خەتەر نازانن لەسەر خۆیان، ئەوەی بەخەتەری دەزانن لەسەر دەسەڵاتەکانیان تەنها هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە ئەم دەزگایانەی وەك دادگاو پەرلەمان و ئەوانی دیکە ئەمان بەکارتۆنی دایاننناوە. بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشت بۆ ئیدیعاکردنیان بۆ سەروەری یاساو دیموکراسی و ...هتد. تەنها دەسەلاتە نایەوێ ئەم دەزگایانە بە کاری حەقیقی خۆی هەڵسێت.**

# گفتووگۆ لەگەڵ بەڕێز زەنگین ئەبوبەکر عەلی توێژەر لە بواری ژمێریاریدا



*شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟

**زەنگین ئەبوبەکر عەلی: لەراستیدا لەکەیسی کاك هیمن بەداخەوە دەسەلات مامەڵەیەکی تەواو پیچەوانەی هەموو پێوەریکی ئینسانی ئەنجامدا، کە ئەمە دەچێتە چوارچێوەی تاوانکاری گەورە بەرامبەر بەکەرامەتی مرۆڤ. بۆیە ئەمە هۆکاریکی تر بوو بۆ دەرخستنی ڕووی راستەقینەی دەسەڵاتی کوردی.**

*شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟

**زەنگین ئەبوبەکر عەلی: ئەم کارە کاری هێزێکی نادیموکرات و نامەدەنییە، بۆیە دەچێتە چوارچێوەی هێزە خۆسەپێنەکان، لەهەمان کاتدا قبولْ نەکردنی رەئی جیاوازە.**

*شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟

زەنگین ئەبوبەکر عەلی: ئەمە هێزێکە لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەم مامەڵەی بۆ دەچێتە سەر، بەلاّم ماوەکەی کورتەو زۆر نابات کۆتایی پێدێت.

*شاباز محەمەد: هێمن بنەسڵاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟

زەنگین ئەبوبەکر عەلی: سەلمێنەری ئەوەیە کەباوەری بەکاری مەدەنی و دوور لەهەموو جۆرێکی توندوتیژی هەیە. بۆیە دەبێت رێك پێچەوانەی ئەو مامەڵەیە بێت، کەدەسەلات دەیکات، کەپەنابردنە بەچەك، چونکە ئەوەی ئەو ماوەیەکی کورتە، بەلاّم ئەویتر سەرکەوتنی کۆتایی وەردەگریت.

*شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟

زەنگین ئەبوبەکر عەلی: لەڕووی کومەلاّیەتیەوە ئەمە تیرۆری کەرامەتی مروڤە.

*شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟

زەنگین ئەبوبەکر عەلی: قبوڵنەکردنی بۆچوونی جیاواز و سەلمێنەری دەسەلاتی توتالیتارە.

***شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت. ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

**زەنگین ئەبوبەکر عەلی: ئەمە بەهانەیەکی بێمانایە، چونکە ئەگەر وایە با لەڕێی دادگاوە ئەو کارەیان بکردایە.**

***شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**زەنگین ئەبوبەکر عەلی: بەردەوام بوون بەکاری مەدەنی و فشار دروستکردن لەهەموو کەناڵێکی دوور لەتوندوتیژی.**

***شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چیە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟**

**زەنگین ئەبوبەکر عەلی: باوەڕبوونە بەسەروەوی یاسا، لەلایەن کاک هێمن پێچەوانەی هێزەکەی بەرامبەری.**

***شاباز محەمەد: بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن کاتێ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟**

**زەنگین ئەبوبەکر عەلی: دەرخەری ئەوەیە ئەو هێزە باوەڕی بەسەروەری یاساو دادگا نییە.**

# هەڵشۆ ئەندامی دەستەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی



***شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟**

***لە دۆسیەی هێمن بنەسڵاوەیدا پارتی ماسکی هەزارەیەمینی فڕێداو جارێکیتر ئەوەی، کە پارتی لە پێناویدا دروست بوو وەك خۆی جێبەجێی کرد ، پارتی لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ ئەوە دروست بوە، کە کاری قێزەون و نەشیاو بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگاو خاك و ئاڵاو سەروەریەکانی کۆمەڵگا بکات ، هەموو کاتیش ئەو کارە قیزەون و نەشیاوانەی وەك خۆی ئەنجامداوە بێ زیادو کەم.**

***شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

***پارتی وەك بنەماڵەیەك ئەم کارانە دەکات و دواتر لە ژێر ناوی حیزبدا بەرگ دەکات بە بەریدا. ئەم کارە قێزەونانەی، کە پارتی ئەنجامی دەدەن لە سەدا نەوەدی دەشکێتەوە بەسەر**

بنەماڵەی بەرزانیدا. لە بنەماڵەی بەرزانیشدا پشکی هەرە زۆری ئەم تاوانانە بەر ماڵباتی مەسعود بارزانی دەکەوێت ، بە واتایەکی تر تەواوی حیزبی پارتی و بنەماڵەی بارزانی تاوانبارن، بەڵام بەشی هەرە زۆری تاوانەکە بۆ بنەماڵەی بەرزانی و لەو بنەماڵەیەشدا بۆ ماڵباتی مەسعود دەبێت.

***شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

*گروپی دەسەڵات لە بونیادا وان و خۆیان بۆ ئەوە دروستبوون، کە کاری لەو شێوەیە بکەن ، بەڵام نەبونی هۆشیاری تاك و نەبوونی بەرەنگاربونەوەو ڕێگری کردن لە پارتی و لە بنەماڵەی بەرزانی وایکردوە، کە هەموو تاوانەکانیان بۆ بچێتە سەر.

***شاباز محەمەد: هێمن بنەسلاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

*هۆکاری ئەو کارە نەشیاو دور لە مرۆڤانەیەی، کە بەرامبەر هێمن کراوە ئەوەیە، کە پارتی و بنەماڵەی بەرزانی هەرگیز نەیانویستووەو نایانەوێت گوێیان لە ئاوازێك بێت، کە ئەوان پێیان خۆش نییە و هەرگیز ناشیانەوێت گوێیان لە قسەیەك بێت، کە بە دڵی ئەوان نیە ، بۆیە کاتێك ئاوازێکی جیاواز یان قسەیەك، کە بەدڵی ئەوان نییە دەکەوێتە بەر گوێیان هەر زوو هەوڵی لەناوبردنی ئەو دەنگ و ئاوازانە دەدەن بەمەبەستی ترسانی کەسانی ترو زیاتر نەبونی ئەو قسەو دەنگ و ئاوازانە بۆ ئەوەی جێپێی خۆیان قایم بکەن و تەمەنی خۆیان درێژتر بکەنەوە.

***شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

*بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەندێکی کوردی ، کە جام دەڵێت بشکێم نەك بزڕێم. لێرەوە وەڵامێکی تەواومان دەست دەکەوێت، کە کوشتنی جەستە ئازارو سوێکەی کەمترە لە کوشتنی شکۆو کەرامەت و کەسایەتی ، کوشتنی جەسەدی یەك جارەو تەواو دەبێت، بەڵام کوشتنی هەست و نەست و کەسایەتی لە مردنێکی بەردەوامدا دەژی ، خۆشبەختانە لە دوای ڕوودانی ئەو کارە نەشیاوەی، کە بەرامبەر بە کاکە هێمن کراو دەرکرا لە شاری هەولێرو تەشریفی هێنایە سلێمانی بەو پەری ڕێزەوە پێشوازی لێکراو بەوپەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا، کە ئەمەش تا ڕادەیەك ئێش و ئازارو خەمەکانی کەمتر کردەوە.

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

*جگە لە نەشیاوی ناشرینی ئەو کارەی بەرامبەر هێمن بنەسڵاوەیی کرا. پارتی و بنەماڵەی بەرزانی دەیانەوێت ئەوە بدەن بە گوێی هەر تاکێکی کوردا، کە لە سنوری دێگەڵە بەودیودا موڵکی بنەماڵەی بەرزانی و حیزبەکەیەتی ئەو خەڵکانەی تێیدان وەکو میوانێك یان ڕێبوارێك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. نابێت شتێکی جیاواز لەوەی ئێمە دەمانەوێت و دەیڵێین نە بکرێت نە بوترێت کێش وەها کارێك بکات جیاواز لەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوا تیرۆر دەکرێت جا ئیتر تیرۆری جەسەدی بێت یان تیرۆری ڕۆحی ئامانجیش لەوە ترساندنی خەڵکی ژێر دەستی ناوچەی پارتییە.

**٭شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت. ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

*بۆ هەر کارێکی نەشیاویان پارتی و بنەماڵەی بەرزانی هەزاران درۆو هەزاران تۆمەت دروست دەکەن ، ئەو کارەی، کە پارتی بەرامبەر هێمن بنەسڵاوەیی کردی ڕاستی قسەکانی وەڵامی پێشووم بەدەر دەخەن، کە پارتی خاك و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەزانێت هێزە عەسکەرێکانیشی بە پارێزەرو خزمەتکاری پارتەکەی و بنەماڵەی بارزانی دەزانێت، واتە گەر جارێك خەڵکی مەدەنی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە موڵکی خۆی و بە خزمەتکاری خۆیان بزانێت لە بەرامبەردا دەیان جار هێزە ئەمنی و عەسکەرێکان بە خزمەتکارو پارێزەری پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەزانێ ، بۆیە گەر جارێك ڕەخنەگرتن بۆ کەسی مەدەنی قبوڵ نەکراوبێت دەیان جار بۆ هێزە ئەمنی و عەسکەرییەکان قبوڵ نەکراوە.

# چۆمان محەمەد

## پارێزە ری دۆسیە کە و ئە ندامی ژووری یاسایی بزووتنە وە ی گۆران



***شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسلاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر رووی خۆی لادا؟**

**چۆمان رەشید:** پارتی هە میشە بیٚ ماسك رە فتاری کردوە،حە قیقەتی خۆیان دیسانەوە دەرخست.

***شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

**چۆمان رەشید:** ئامانجی پیرۆزو گرنگی پارتی پاراستنی بنە ماڵە و خێڵی بارزانیە لەچوارچێوەی حیزبیدا دایدەپۆشن،بۆیە بە رووکەش لە ڕوی حیزبیەوە ئە نجامی دەدەن بە هاوکاری دە زگا ئە منیەکان، کە خزمەتی حیزب دەکەن.

***شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

**چۆمان ڕەشید:** هە رگیز ناکرێت هیچ مرۆڤیک لە بونیادی خۆیدا هێندە شـە ڕەنگیـز بێـت ،بـەڵكو بۆیان چۆتە سە ر بە هۆی بوونی دە زگای داپڵۆسێنەرو ئامرازی ترساندن و بڵاوکردنەوەی تـرس لـە کۆمەڵگادا.

***شاباز محەمەد: هێمن بنەسڵاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بـەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نـەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

**چۆمان ڕەشید:** هە لوێستە کە بۆ ڕێگریکردن و کپکردنی دە نگـی جیـاواز و بیـروڕای جیـاواز و نارە زایی دە رنەبڕین بووە لە نێو هە ولێری پایتە خت ،خۆپیشـاندان مۆتهەکـە ی دە سـەڵاتی پـارتی بووە. بۆیە کارهکە ی هێمن بنەسڵاوە یی راستە سروشتێکی شارستانی هە بووە ،بـە لاَم راسـتە وخـۆ پەیوەندی بەو ترسەی پارتی هەبووە بۆ خۆپیشاندان و ئازادی رادە ربڕین..

***شاباز محەمەد:لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چـی لـە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

**چۆمان ڕەشید:** بگرە زیاترە لە تیـرۆری جـە سـتەیی ،چـونکە ئـە مـە هەوڵدانـە بـۆ پیشـاندانی تێکشکاندنی بەهاو شکۆی مرۆڤ ،

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسـڵاوەیی بـۆ زۆنی سەوز چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

**چۆمان رەشید:** خویندنەوەی راستییەکی تاڵی سەلمێنراوە ،کە سنووری جوگرافیای پارتی سنورێکی زیندانە بۆ ئازادی و مافی رادەربڕین ،خۆبە خاوە ن زانینی هەموو کۆمەڵگاو بیرکردنەوەیانە.

***شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت؛ هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت.**

**ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

**چۆمان رەشید:** ئە م بەهانەیە لە رووی یاساییشەوە هیچ ئەرزشیکی نییە،بۆ مەگەر پێشمەرگە مرۆڤ نییە ؟نارە زایی و رە خنە لە چوارچێوە ی مە دە نی و شارستانی بۆ مافی خۆمان هە رگیز بە تاوان ئەژمارناکریت. هیچ بە هانە و پاساوێک نییە بۆ ئەم کارە قێزەونە.

***شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەم پیشەیە لەئاستی باڵادا نین؟**

**چۆمان رەشید:** لە م سلکەدا زۆرترین کەسانی حیزبییان تێخزاندوە ،دامەزراندن لە م سلکە دا بە هۆی حیزبیبوون بووە بەبێ پێوە ری بڕوانامە و دەرچووی کۆلێژی عەسکەری ،تە مە ن بە هەند وەرنەگیراوە ،ئە مانە وایکردبوو، کە فشاری حیزبی ،ترسی سزای سیاسی و عەسکری بدرێتە پاڵیان ،بۆیە بەرفراوان نەبووە و نەگەیشتۆتە ئاستی باڵا.

***شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بۆ هێمن درێژ کردو سوکایەتیان پێکرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟**

**چۆمان رەشید:** هیچ جیاوازییەکیان نییە، چونکە هەرووکیان هاوبە شن لەوە ی ئە مانە دامەزراوە ی حوکومی نیشتیمانی نین ،بە ڵکو خزمە تکاری سە رسە ختی حیزب و فە رمانی ئە وانن،بێ هیچ پێودانگو سنورێک بۆ مافی مرۆڤ هێرش دەکەنە سەر تاکەکان.

***شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت کە (هێمن)ەکانی تێدا ئەتک دەکرێت؟**

**چۆمان رەشید:** هە نگاوی گە ورە ی دە وێت ،لە نمونەی سە رومری یاسا ،سزادانی تاوانباران،داماڵینی چە ک و هێز لە حیزب، هە ڵوێست و پەرچە کرداری کۆمە ڵگا و ئیدانەکردنی.

***شاباز محەمەد: ڕاوەدوونانی حوکمڕانە چەوت کردارەکان چارەسەرە یان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

**چۆمان رەشید:** هۆشیارکردنە وە ی تاکی کۆمە ڵگای کوردی،ئاشناکردنیان بە ماف و ئازادییەکانیان باشترین ئامرازی سەردەم و شارستانییە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ڕێی سندوقی دە نگدان، دروستکردنی فشاری مەدەنی و دەنگی نارازی.

***شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چیە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟**

**چۆمان رەشید:** سکالا تۆمارکردن لای هێمن لە گە ڵ ئە وە ی متمانە ی تە واوی بە دادگا نییە و بە حیزبی کراون،دەرخە ری ئە وە یە هێمن هە میشە ڕێگای شارستانی گرتووە ،تا پرسەکە ببێتە

کەیسێکی یاسایی، بوونی دۆسیەکە لە دادگا باشترە لە نەبوونی ،ئە مانە دە مێنێتە وەو و دەبێتە دیکۆمێنت بۆ قۆناغی داهاتوو و گۆرانکاری سیاسی ،پێشبینی سزادانی تاوانباران دەکرێت.

***شاباز محەمەد: بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن کاتێ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟**

**چۆمان رەشید:** لای پارتی لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە هە موو دامەزراوە حکومیەکان بە دادگاشەوە ئامرازی حیزبین،دەیان کە سی حیزبیان تێخزاندوە،بۆیە ئە وان لە و قۆناغە ی هێمندا پێویستیان بە پەرچەکرداری خێرا و هێز هە بوو، تاوە کو ترس بڵاوبکەنەوە و ئامانجی سیاسی و حیزبییان بپێکن.

# فایەق مستەفا

## پەرلەمانتاری کوردستان



***شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟**

***فایەق مستەفا: بۆ هەر کەسێك، کەبەچاوێکی واقع بینانەوە پارتی ببینێت ماسکێك بەڕوی ئەو حیزب یان خێڵ و بنەماڵەیەوە نەماوە. تا زنجیرەی ماسکەکەی لەو کردە دژە ئازادی و دیموکراسیەدا دیاری بکەین.**

*شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟

*فایەق مستەفا: پارتی و بنەماڵەگەرایی و مینتاڵیتیەتی خێڵ دوانەیەکی لەیەك جیا نەکراوەن، پارتی واتە ماشێنی بەرژەوەندیەکانی ئەو بنەماڵەیە.

*شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟

*فایەق مستەفا: ئەگەر لەتیرۆری جەستەیی زیاتر نەبێت کەمتر نیە.

*شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێدەخوێندرێتەوە؟

*فایەق مستەفا: ئەوە ڕوون و ئاشکرایە لەکەیسەکەی هێمن بنەسڵاوەیی و پێشتریش لەچەند کەیسێکی تردا ئەوەیان پیشانداوە، کەئەو سنورە سنوری قەڵەمڕەوی ئەوانە و ئەوەی بەمێشکی ئەوان بیر نەکاتەوە و بەزمانی ئەوان قسە نەکات و بەچاوی ئەوان نەبینێت مافی ژیان کردنی نییە لەو سنورە ،بەڵام تاڕادەیەکی زۆر بەچەندین دەلیل لەو ڕووەوە شکستیان هێناوە و تیایدا سەرکەوتوونەبوون.

*شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەم پیشەیە لەئاستی باڵادا نین؟

*فایەق مستەفا: زۆرینەی ئەوانەی لەئاستی باڵادان زیاتر پارێزەری بەرژەوەندیەکانی خۆیانن بەنرخی چاوو دەم داخستن لەئاست ڕاستییەکان.

*شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بۆ هێمن درێژ کردو سوکایەتیان پێکرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟

*فایەق مستەفا: زوڵم و ستەم و هێرش بۆ سەر کەرامەت و ئازادی مرۆۋ لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت و سەر بەهەر نەتەوە و دین و نەژادیک بێت هیچ جیاوازیەکی نیە.

# سەباح عەلی قارەمان

## ڕۆژنامەنوس



لەسەرەتای دروستبونی پارتییەوە و دواتر دروستبونی یەکێتی دوو عەقڵێتی ناشرین بە ناوی جەلالی و مەلای سەر هەڵدەدات، ئەم دوو عەقڵێتە هەر کەسێك وەك ئەوان بیری نەکردبێتەوە، گەر تیرۆری جەسەتیان نەکردبێت تیرۆری روحیان کردووە، بۆ ڕەوایەتیدان بەو تیرۆرە تۆمەتی ئامادەکراویان هەبووە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵکەکەیان بکەن ،کە ئەو تیرۆرە حەق بووە، بەو شێوەیە خەڵکیان لە خشتە بردوە و چەواشەیان کردوون، ئەوەی پارتی بەرانبەر هێمن کردی تیرۆرێکی روحی بوو، بۆ پاساودانەوەی ئەم تیرۆرەش هەستان بە دروستکردنی تۆمەت، بۆ ئەوەی قەناعەت لای خەڵك دروستکەن، کە ئەم عەقڵێتە لای خەڵکی هۆشیار بەسەرچووە و ڕیسواکراوە، تەنها گەمژەکان باوەڕی پێدەهێنن، دەبێت کۆمەڵگای کوردی خۆی لەم دوو عەقڵێتە دەرباز بکات ، کە بۆ دروستبوونی داڕزینی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە پشتیوانی کراون.

مرۆڤ، کە پێشینەیان دەخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، ئەم کارە قێزەونانەی دیکەن، چاوەڕوانکراون، هەرگیز چاوەڕێی کاری شیاویان لێناکرێت.

# تێکۆشەر حسێن حەمەد ئەمین

## چالاکوان و بەرپرسی میدیا و ڕۆژنامەنوس



***شاباز محەمەد: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا پارتی ماسکی چەندەمینی لەسەر ڕووی خۆی لادا؟**

**تێکۆشەر حسێن: لە دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەییدا لەدۆسیەی تاکەکەسی و تایبەتیەوە هاتەدەر و بە جۆرێك بە پێشێلکاری گشتی و لاقەکردنی ماف مرۆڤ دادەنرێت، جگە لەوەش وایکرد ئەو ماسکە دابماڵێت، کە هەمیشە پارتی لەڕێی سەرۆکەکەیەوە بانگەشەی بۆ سەروەری پێشمەرگە دەکرد و هەمیشە قەوانی قەڵغانی گەورەیی و شکۆی پێشمەرگەی لێدەدایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم کەیسە پارتی بەتەواوی ڕووی ئەو ماسکە ساختەیەی لە خۆی داماڵی، کە وەك شەرعیەتی شۆڕشگێری هەمیشە پێی دەفرۆشتینەوە.**

***شاباز محەمەد: پێتان وایە پارتی وەکو حزب ئەم جۆرە کارانە ئەکات یا وەکو بنەماڵەیەکی خێڵگەرایی؟**

**تێکۆشەر حسێن: کۆی گشتی ئەو ڕەفتارانەی، کە پارتی دەیکات دەرهەق بە دیموکراسیەت دوانەی لێک جیاوە نەبوون، چونکە هەموومان دەیزانین هیچ فەرمانێك دەرناچێت بەبێ بنەماڵە، هیچ فەرمانێکیش جێبەجێ ناکرێت لەلایەن پارتی یەوە کە ok بنەماڵەی پێوە نەبێت، چونکە پارتەکە تەواو مەرکەزییە، مەرکەزیش قوتبەکەی هەر بنەماڵەیە.**

***شاباز محەمەد: ئایا ئەو گروپەی دەستەڵات لەبونیادی خۆیاندا ئاوان یان بۆیان چۆتەسەر؟**

**تێکۆشەر حسێن: مەرج نیە هەر شتێك، کە کردیان دژ بە بنەماکانی ماڤی دیموکراسیەت و مرۆڤ و ئازادی ڕۆژنامەگەری، مانای ئەوە بدات، کە بۆیان دەچێتەسەر، ڕاستە بە درێژایی مێژووی پارتی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دەزگایەکی گەورەی موخابەراتیەوە هێناویانە، بەڵام بە مروری زەمەن هەموو شتێك کۆتایی دێت، چونکە مێژووی دکتاتۆرەکان سەلماندویەتی.**

***شاباز محەمەد: هێمن بنەسڵاوەیی سەربازێکی ئەم وڵاتەیەو چەکداربووە، بەڵام وەک کەسێکی مەدەنی ڕەخنەی گرتووەو پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک نەبردووە، ڕەهەندەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی هێمن چین؟**

**تێکۆشەر حسێن: ڕاستە، ئەمە ئەوپەری هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی، چونکە ئەوان وەك گروپێکی مافیایی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن بۆ بێدەنگ کردن.**

***شاباز محەمەد: لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕووداوەکەی هێمن بنەسڵاوەیی چی لە تیرۆری جەستەیی کەمترە؟**

**تێکۆشەر حسێن: بەڵێ تیرۆر دوانی هەیە، تێرۆرێکیان جەستەییە، ئەوەی تریشیان مەعنەویە، کە شەڕی سایکۆلۆژیەتی ئینسان دەکەن، پەنا بۆ ئەوە دەبەن هەوڵبەن ڕووشکێن و ئەتکی مرۆڤایەتی بکەن، هیچ نەبێ بتوانن بێحورمەتی بە کەرامەتی مرۆڤ بکەن، تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە ترس بڵاوبکەنەوەو ئیرادە تێك بشکێنن، تەنها لە پێناو بێدەنگ کردن، بەڵێ بەڕای خۆم هاوتای تیرۆری جەستەییشە.**

***شاباز محەمەد: جگە لەسەرتاشین و لێدان، ئاودیوکردنی هێمن بنەسڵاوەیی بۆ زۆنی سەوز چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

**تێکۆشەر حسێن: زۆر ڕووی خراپی هەیە، مەسەلەن تەئکید کردنەوە زەمەنی دوو ئیدارەیی و سەلماندنی، نانەوەی پشێوی شارچێتی، ئامانجیشیان واتا هەرکەسێك لەگەڵ ڕەئی عام پارتەکەی ئێمە نەبێ، ئەوا ئەبێ ئاودیوی سنورەکەی ئەولابێ.**

***شاباز محەمەد: پارتی دەڵێت: هێمن بنەسڵاوەیی چونکە لەسلکی عەسکەری بووە بۆیە بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت.**

**ئەم مەهانەیەی پارتی چۆن دەبینن؟**

**تێکۆشەر حسێن: بەپێی ماددەکانی یاسای سزادانی عێراقی لە یاساکانی ٢٢٩ . ٣٠ـ ٣١ . ٣٢ هتد هاتووە هەر فەرمانبەرێکی حکومەت بۆی هەیە لە دادگا سکاڵا بکات لە پێناو سەندنەوەی مافەکانی،**

واتا هەرچۆنێك بێ چ بەیاسای سەبازی بێ یا مەدەنی لەهەردوو حاڵەتدا هەموو کەسێك ماڧ خۆیەتی ڕەخنە بگرێ و قانونیش پارێزبەندی بۆ دەکات.

*شاباز محەمەد: ئەوانەی لەسلکی عەسکەرین بەشێکن لەکۆمەڵگەو مەینەتی ئـەم شێوە حوکمڕانیە دەچێژن. بۆچی زۆرینەی ڕەخنـەگرانی ئـەم پیشـەیە لەئاسـتی باڵادا نین؟

تێکۆشەر حسێن: لە هەموو سێکتەرەکان بە سلکی سەربازیشەوە قوربانی دەسەڵاتن، بەڵام کەم تا زۆر ڕێژەی ئاڕاستەی ڕەخنەگرتن نسبییە، دەکرێت لە ئاستی باڵا کەمتربێ، چونکە هەریەکەیان بەجۆرێك کپکراون.

*شاباز محەمەد: ئەوانەی دەستی بـۆ هـێمن درێـژ کـردو سـوکایەتیان پێکـرد، چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق؟

تێکۆشـەر حسـێن: لـە ڕووی دەزگـای موخابەراتیـەوە بـە ئەنجامـدانی عەمەلیـەکان هـیچ جیاوازیەك نیە، جۆری کەیسەکانیش بۆمان دەیسەلمێنێ، کە چیاوازیان نیە، بەپێی هـەموو پێوەرەکان لە هەندێ کەیسدا خراپتریشە،

*شاباز محەمەد: چۆن دەتوانرێت پێش بەم ڕووداوانە بگیردرێت کە (هێمن)ەکـانی تێدا ئەتک دەکرێت؟

تێکۆشـــەر حســـێن: ئـەرکی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـە لـە تـەواوی ئـەو ڕووداوانـە ئاگاداربکرێنــەوە، ڕێپێگــرتنی بنــەڕەتی ڕەگ و ریشــەییش نــەمانی ئـەو دەســەڵاتە عەسکەرتاریەتەیە.

*شاباز محەمەد: ڕاوەدوونانی حوکمڕانە چەوت کردارەکان چارەسەرە یان وشیارکردنەوەی تاکی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟

تێکۆشەر حسێن: گرنگترین کارێك کە بکرێ پێویست بە ئاوڕدانەوە نەکات لێی، بڵاوکردنەوە هۆشیارییە، لەتەواوی کایەکانی کۆمەڵگە.

*شاباز محەمەد: سکاڵا تۆمارکردن دەرخەری چیە لەزهنیەتی هێمن بنەسڵاوەیی؟

تێکۆشەر حسێن: دەکرێت زیاتر پەیوەست بێ بەخۆیەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین هێشتا ئومێدی هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمانە ڕاپێچی دادگایەکی عادیلانە بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن، مانای هەوڵدان و تێکۆشان دێت، مانای ئەوە دێت بێدەنگ نابین، تا دوا ئامانج، پشوودرێژییە....

*شاباز محەمەد: بۆچی پارتی و سەرانی دەستەڵاتدارێتی هەرێم پەنا بۆ دادگا نابەن کاتێ پێیانوایە تەشهیریان پێکراوە؟

تێکۆشەر حسێن: بۆ ئەوەی نەوعێك لە تێشکان و بێ ئیرادەکردنی خەڵك بڵاوبێتەوە، واتا خەڵك بەمجۆرە بیربکاتەوە، دادگاش خۆیانن و هەرشتێك خۆیان بیانەوێ دەیکەن بێئەوەی لە یاسا ترسیان هەبێ، بێئەوەی داواکاری گشتی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ کەیسەکان بکاتەوە، لە بنەڕەتیشدا هەر وایە، بەڵام شەڕی دەروونی خەڵکی بەشمەینەت دەکەن، لە هەموو شتێ لێبونەتەوە، دەیانەوێت لە ناخیشەوە خەڵك تێبشکێنن.

# ئیسماعیل تاڵەبانی




## زووڵم و ستەم

کە چاوێک ئەم هە موو زووڵم و تاوانە پێناسە نەکات.

ئەشکەنجەو ئازارو زیندان کۆیلایەتی پەسەند بکات.

کە چاوێک ڕە مزی یە کسانی و دادپەروەری پێ نەبینی.

نامەوێت هێندەی تنۆکێک حاشا لە تیشک و لە تینی.

ئەم هە موو ناڵەو شیوەنە، کەچی هاوارێک نابیستێ.

گریان ئەکەوێتە بەر گووێی نایجووڵێنێت سۆزێک هە ستێ.

لەبری ئاڵای ئازادی کەلەپچە ئەدا لە دە ستێ.

نەبوونی چاکترە لە بوون، تا دێر وەخت بێتە نەستیێ.

زمانێک نە توانیێ هە رگیز جوانی وشەی بدرکێنیێ.

لە نێو جەستەی مێژوویەکدا متمانەی خۆی بدۆڕێنیێ.

سەری سەودای لە نێوانی بوون و نەبوون بشێوێنیێ.

ئەویشم نەویست با نەبێت نامەوێت هیچیان بمێنیێ....

پێشکەشە بە کاکە هێمن بەنیسلاوەی و تەواوی ئەو مرۆڤانەی کە چەوسێنراونەتەوە لەم هەرێمەی ئێمەدا.

# بەشی سێیەم

# وتارو هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر دۆسیەی هێمن بنەسڵاوەیی




## کەلتوری پارتی لەهەر شوێنێک ئامادەیی هەبێت، ئەو ئامادەبوونەش لەهەر فۆرمێکدا بێت، ئەوە بێگومان کەلتورێکە ئەتککردنو کۆیلایەتی بەقووڵایی شوناسی ئەو حیزبەوە گرێدەدات

*********************************************

رۆژی ٢٧ی ئەیلول لەسلێمانیو گەلێك ناوچەی تری كوردستان خۆپیشاندان دژی بەدۆزەخكردنی كوردستانو برسیكردنی خەڵك بەڕێوەچوو، چەند كاتژمێرێك بەر لەو خۆپیشاندانە پارتی جارێكی تر شوناسی خۆی بۆ ڕای گشتیی جیهانو كوردستان ئاشكراكرد، ئەم جارەیان چەتەكان لەفۆرمی جەللادێكی بێڕەوشتدا سەرو برۆی گەنجێكی هەولێرییان تاشی، بێئەوەی هەست بە گەورەیی ئەو تاوانەیان بكەن، لەڕاستیدا ئەوەی ئەم كارەی كردووە نە كارمەندی دەزگای ئاسایشەو نە سیخوڕێكی پاراستنە، بێگومان ئەنجامدەری ئەم تاوانە جگە لەمەسعود بارزانیی سەرۆكی پارتی، هیچ كەسێكی تر نییە، چونكە ئەو ڕێبەری ڕاستەقینەی ئەتككردنی مرۆڤی كوردە، ئەو مامۆستایەكی ناشیرینی قوتابخانەی دەمكوتكردنو بێدەنگكردنی كەسانی ئازادیخوازە، ئەوان دژی هەموو ئەو كەسانە دەوەستنەوە كە ئارەزوومەندی ژیانێكی شكۆمەندانەنو بەدوای وڵاتێكی ئارامو میهرەبانیدا دەگەڕێن.

گومان لەوەدا نەبووە كە دەزگای پاراستنی پارتی تاكە دەزگایە كە زۆرترین نا ئارامیو تۆقاندنی بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی خۆی لەناو كۆمەڵگای كوردیدا بڵاوكردووەتەوە، بۆ ئەمەش سڵی لەبەكارهێنای هیچ جۆرە میكانیزمێكی نامرۆڤانە نەكردووەتەوە.

هێمن بنەسڵاوەیی، وەك هەزاران گەنجی تری هەولێر، گەنجێكی پر لەمیهرەبانیو لێوانلێو لەخەونی جوان بۆ دونیایەكی باش، هەوڵیداوەو قسەیكردووە، وەك ئەوەی هەولێری بەزەبری چەك بێدەنگكراو، شارێكی ئارام بێتو چەتەكان ئاگایان لەكوشتوبڕو ئەتككردن نەبێت، تاكە هەڵەی هێمنو هاورێكانی ئەوەیە كە نازانن ئەو حیزبەی حوكمڕانی هەولێرە حیزبێكی شەڕانگێزەو تەنیا بەخوێنو ئەتككردنو خیانەت ئاسوودە دەبێتو دەتوانێت پێبكەنێت، چونكە مێژووی ئەو حیزبە ئەوەی سەلماندووە پارتی بەجۆرێك نەخۆشەو ڕقی لەژیانەو تووشی

ڕقبوونەوە لەمرۆڤـو خۆشییەکانی ژیان بووە، هەر بە ئازاردانو ئەتککردنی مرۆڤ جارجار دەتوانێت ئاهێکی درۆزنانە هەڵبکێشێت .

دەبێـت پیـاوە شـەڕەنگێزەکانی پـارتی فێـری ئەوە بکـرێن؛ ئەوان مـرۆڤە گرنگەکـانی ئەم کۆمەڵگایە نـینو لەباشـترین حاڵەتدا وەك جەللادێکـی ترسـنۆك وێنـادەکرێنو ئەوانەشـی دەبنە قوربـانیی دەسـتیان، دەبـنە پـاڵەوانو هێمـای بەگژداچـوونەوەی زاڵـمو سـتەمکاران، دەپرسم ئەوانەی پارتی تیرۆریکردن، یان زیندانیکردوون، یان سوکایەتیی پێکردوون شەرەفمەندترن یان چەتەکان؟ بێگومان هەمیشە قوربانییەکانی دەستی دیکتاتۆر مرۆڤی ڕێزلێگیـراوو خـاوەن شکۆی ناو کۆمەڵگان.
ئەوەی بەرانـبەر بە (هـێمن) کـرا، لەیـادگەی هەر تـاکێکی کۆمەڵگـای کـوردیـدا ڕێـك وێـنەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەتککراوەکان دیارن کە جگە لەچەتەکانی پارتی هیچ کەسێکی تر نییە، لێرە بەدواوە هێمن بنەسلاوەیی دەبێتە یەکێك لەدیارترین ئەو سیمبولانەی کە دیکتاتۆرێتیی پـارتیو زوڵمەکەی دەسەلمێنن‌و خۆشی وەك شۆڕشگێرێکی تاقانە لەشارێکی داگیرکراودا دەمێنێتەوە.

**ئەحمەد میرە**

http://lvinpress.com/N/drejaWtar.aspx?NusarID=22&Jmare=1779

# بۆ هێمن بنەسلاوەیی

**********************************

27/09/2016



ئەوانەی برۆو سەری تۆیان تاشی ، دەمێکە شەرەف و کەرامەتیان تاشراوە ، دەستبردن بۆ بڕۆ و سەری تۆ ، دەستبردنە بۆ کەرامەتی هەموو هاونیشتمانیەکی ئەم وڵاتە ، دەستدرێژکردنە بۆ سەر ئازادی و ئازادی بیرو ڕا، ئەوانەی ئەو کارەیان کرد دەمێکە خودا ڕووی ڕەش کردون ، دەمێکە خوا لە هەموو بەهاو ئاکارێك دایشۆریون ، ئەوان لە ڕێگەی ئەو کارە ناشرینەوە پەیامی بێئاکاری خۆیان بۆ هەموو لایەك نارد ، بەر لە هەر کەس بۆ :

-1
کونوسولگەریەکانی هەولێر ، بە تایبەت ئەمەریکی و بەریتانیەکان ئەگەر کونوسڵگەریەکانی

هەولێر بە تایبەت ئەمەریکی و بەریتانیەکان لەمە بێدەنگ بن ، ئەوە سوکایەتی بە خوێنی ئەو

هەزاران سەربازە ئەمریکی و بەریتانیە دەکەن کە لە 2003 بە دواوە لە عێراق خوێنیان ڕژا ، ئەوان لە پێناوی ئازادی مرۆڤا خوێنیان ڕژا نەك بۆ ئەوەی سوکایەتی بە مرۆڤ بکرێت ، شەرمەزاریەکی گەورەیە بێدەنگبوونی ئەوان .

-2

بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەر بزوتنەوەی نەتوانێ داکۆکی لە هەڵسوڕاوەکانی خۆی بکات ، ئەگەر

نەتوانێ لە سەر هێمن بێدە دەنگ ، ئیدی کەس هیچ ئومێدێکی بەو بزوتنەوەیە نامێنێ ، ئەوەی بەرانبەر هێمن کراوە بەرانبەر خودی نەوشیروان مستەفا کراوە ، بەرانبەر یەك بەیەکی سەرکردە دیارەکانی ئەو بزوتنەوەیە کراوە ، ئەمە چەندەمین جارە کە سوکایەتی بە هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان دەکرێت و ئەوانیش کەڕەی شەربەتن ، گریمان لە سلێمانی بڕۆی پارتیەك وای لێکرابا چی ڕوویدەدا .

-3

یەکێتی نیشتمانی و ئەوانی تر ئەو کارە زەنگێکە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، ئەو حزبەی

دەریایەك خوێنی داو ئێستا ئاشەکەی خوا دەیگێڕێ ، ئەو حزبەی دەمێکە ئاگای لە ئەندامەکانی نەماوە ، ئەو کارە ناشرینە دەرهەق بە یەکێتی و هەموو ئەو حزبانە کراوە کەباسی ئازادی و مافی مرۆڤ دەکەن ، دەرهەق بە کاری حزبایەتی و ڕێکخراوەیی کراوە بە گشتی.

-4

پارلەمانتارانی گۆڕان و هەموو ئەوانی تر

ئەگەر کەمۆکەیەك ئازایەتیتان تیایە ، ئەگەر هێشتا خۆتان بە نوێنەری هێمن و هاونیشتمانیەکانی ئەم وڵاتە دەزانن، لانی کەم با ئەو ناشرینیە بتانجوڵێنێت .

-5

پارتی دیموکرات ئەو کارە ناشرینە لە پێشی پێشەوە، دەرهەق بە پارتی کراوە ، ئەوە لێدانە لە پارتی ، لێدانە لە سەرۆکی پارتی و جێگرەکەی ، لێدانە لە ماڵباتی بارزانی ، هەر نا لە بەر ئەوەی ئەو کارە هی سەردەمی دەرەبەگایەتیەو لیپە لە ناشرینی .

-6

هێمن بنە سڵاوەیی هەر ئەوەندە دەڵێم تۆ سەربەرزیت و ئەوانەی ئەوەیان کرد سەرشۆڕو بـــــــــــــــــــێکەرامەت .

## لەنیف فانیح فەرەج

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=70157&fb_comment_id=1214203321955363_1214471901928505#f1bc329f768680c




# شاربەدەرکردنی هێمن بنەسڵاوەیی

✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻

**ڕێبین عومەر**

زۆرێك لە سەر كەیسی هێمن بنەسڵاوەی دەنگیان هەڵبڕی و هاتنە گۆ ، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەوەی مایەی شەرمە لایەنە سیاسییەكان لەسەر ئەم شار بەدەركردنە تەنیا چەند هەڵوێستێكی شەخسیان هەبووە واتە هەندێك بە تویتێك یان پۆستێكی نێو سۆسیال میدیا و هەندێكیش بەگرتنی سێلفییەك لە گەڵ بنە سڵاوەی هەڵوێستی خۆیان دەربڕی ، دەبوو سەرجەم لایەنە سیاسییەكان لەسە شكاندن شكۆی مرۆڤێكی كورد و پێشمەرگەیەك هەڵوێستیان هەبوایە و فشاریان لەسەر ئەو لایەنە سیاسییەی كوردستان بكردایە كە ئێستا هەموو قاچی كورسیەكانی دەسەڵاتیان لەلای خۆیان مۆنۆپۆلكردووە و وەك حاكم و سالاری ئەم وڵاتە دەردەكەون .

هەر بێدەنگی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان وایكردووە كە پارتی لە ناوچەیەك و لە زۆنێكی دیاری كراو ، زیندانێكی گەورە دروست بكا و فەلسەفەی كۆیلایەتی بەتەواوی بنەماكانی بچەسپێنێت بە تایبەت وەك "خاوەن ئەو باڵندانە سەیری كۆمەڵ بكات كە وەختی كردنەوەی قەفەسیش باڵندەكان ناچار بن بگەڕێنەوە نەبا لەو دیوو قەفەسەكان لەبرساندا بمرن " ئەم ئایدیاییە بۆ كۆیلایەتی بەباشی كاری لەسەر كراوە و شامێكی شەریف و بێدەنگ بەزەبری سەرتاشین و كوشتن و دیپۆرتكردنەوە و سەدان و هەزاران چیرۆكی تراژیدی دروستكردووە .

ئێستا کە هێمن بنەسلاوەی و ماڵباتەکەی بەکۆمەڵێك گوێنی پڕکراو لەجل و قاپ و قاچاخ لە زێدی خۆی بەزۆرەملــی دەرکـراو بەرەو سلێمانی هـاتووە ، بەڵام جەوهەری ئەم چیـرۆکە لەوەدایە کە ئاخۆ هێمنەکانی تر لەوێ دەبێت هەموویان سەریان بتاشرێ و بە ناو چیرۆکی هەیئەی فەلاقەکردن و دەستدرێژی کردن و ئەتکردن تێپەڕن و لەو دوویو پردێ و دێگەڵەوە باس لەو زیندانە بکەن کە سەدان و هەزاران خەڵکی مەزلۆمی کوردستانی کۆتوو بەند کردووە .

https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=71204



# مانا قوڵەکانی پشت سوکایەتی بەهێمن بنەسڵاوەیی

## ئیبراهیم عەباس

ڕۆژی ٢٧ ئەیلولی ٢٠١٦، کە بۆ خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە کوردستان دانرابوو، بەر لەوەی کاتژمێر بگاتە یەکەم چرکەی ڕۆژو کاتی خۆپیشاندانەکە، لەنیوەشەودا هێزێکی ئاسایشی پارتی، بە فەرمانی بنەماڵەی بارزانی ئەگاتە ماڵی هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرگەو هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان و بەعس ئاسا دەستگیری ئەکەن.
هەر ئەوەندەشنا ئەکەونە لێدان لە خۆی و کوڕە ١٦ ساڵیەکەی، ئەوەش بەکەم ئەزانن ئەکەونە لێدانی هاوسەری کە لەم ساتەدا دووگیانەو لێدانەکە ئەبێتە هۆی لەباربردنی منداڵەکە و شەکەت کەوتنی ئەو خاتوونە کە تەنها لەبەر ئەوەی هاوسەری هێمن بنەسڵاوەییە.
ئەم کارانە لای دەزگا ئەمنی و هێزە چەکدارەکانی پارتی، هەمیشەین و نهێنی مانەوەی ئەو حزبە بەشێکی زۆری پەوەستە بەم دڕندییە کە بەرامبەر ڕکابەرو تەنانەت بەرامبەر کەسانی ناوخودی حزبەکەی خۆشیان بەکاری ئەهێنن، بەڵام نیوەشەوی ئەو شەوە هێزەکەی پارتی کە زیاتر لە سێ سەیارەی پڕ لە چەکدار بوون، کارێک ئەکەن هیچ دوژمنێک هیچ جورئەتی ئەنجامدانی نەبووە!.
قوڵبەستکردنی هێمن بۆ ئەوە نابێت بیخەنە زیندان بەڵکو لە بنەسڵاوەوە بە دەستبەسترای ئەبرێتە ئەودیو پردێ لە نزیک کەرکوک و بۆ سوکایەتی کردن بە هەموو ئەوانەی بەتەمابوون خۆپیشاندان بکەن و بۆ ترساندنی گۆڕانخوازان لە چەند لاوە سەری ئەتاشرێت و بەشەکەی تر ئەمێنێتەوە، بەوەش وازی لێناهێنن پارەکەمەکەی گیرفانی ئەدزن و لەو دیو سنوری زۆنی

زەرد فڕێ ئەدەن!.نەخێر بەوەش وازناهێنن. وێنەی ئەگرن و لە شۆسیال میدیای بنەماڵەی بارزانی بڵاوی ئەکەنەوە.

سەرلەبەیانەکەی کە خەڵک چاوەروانی خۆپیشاندانی سەرتاسەری ئەکرد، هەواڵی لێدان و سوکایەتی هێمن بووە شۆکێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان و هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی ١٧ ی شوباتی ٢٠١١، خۆپیشاندان زۆنی زەردی نەگرتەوەو پارتی بەزەبری هێز توانی رێگری لە خۆپیشاندان بکات.

چیرۆکی هێمن لەوە ترسناکتر بوو، پارتی لە سۆشیال میدیای خۆی وەکو ئەتکردن باسی بکات، چونکە کاتێک ئەگاتە سنووری یەکێتی زوڵمەکە بە هێندە گەورە بینرا سۆزی هەموو خەڵکی کوردستان کەوتە سەر هێمن و خانەوادەکەی، سۆزی خەڵک بەوە زیاتر وروژا کاتێک ماڵە سادەکەی هێمن چەند رۆژ دواتر گەیشتە سلێمانی.

لێرەوە پارتی و بنەماڵەی بارزانی کەوتنە بەرگری کردن لە خۆیان نەیان ئەزانی چۆن و بەچ سیناریۆیەک تاوانەکەیان داپۆشن، چونکە ئەوەی ئەوان کردیان بۆ دژایەتی بزوتنەوەی گۆڕان و خودی کاک نەوشیروان مستەفا بوو، بەڵام هێمن بنەسڵاوییان بۆ ئەمە هەڵبژارد، چونکە پۆستەکانی فەیسبووکی هێمن لای ماڵی بارزانی جێگای نارەحەتییەکی قووڵ بوون، بەڵام کاتێک مەزلومیەتی هێمن گەیشتە ویژدانی خەڵک و تەنانەت دەرەوەی کوردستان، ماهیەتی بنەماڵەی بارزانی بەتایبەت ماهییەتی شەخسی مەسعود بارزانی دەرخست، بەجۆرێک دەرکەوت کە چەندە مەترسین بۆ سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی.

ئەم رووداوە ناوازە، رامان ئەکێشێت بۆ ئەوەی بەوردی بچینە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە، کە بۆچی ماڵی بارزانی ئەم کارەیان کرد؟! رەگ و ریشە ئەم کارە قێزەونە کە سەرتاشینە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووەو مەبەستە کە چییە؟ بۆچی ماڵی بارزانی بەهێزی چەکدار ئەم کارەیان کرد؟!

شاربەدەرکردن و سەرتاشین و برۆ تاشین و کۆمەڵە سوکایەتییەکی تر، رەگیان لە کولتووری خێڵ و قەبیلەو عەشیرەتدایەو دوورە لە رەفتاری هەر کەسێکی هوشیارو بەحەیاو بەئەدەب. بەڵکو لەهەر گوندو ئاواییەک و لەناو هەر عەشیرەتێک ئەمە روویدابێت، لەمەودای دووردا کەسەکە پێ نەشکاوە، بەڵکو بکەرەکان بە نەفرەت و تورەیی خەڵک کەوتوون و هەر عەشیرەت و خێڵ و قەبیلەیەک گەر کارێکی وایان کردبێت سەرئەنجام بەر نەفرەتی خودا و مێژوو کەوتوون و ریسوا بوون.

بەڵام ئەی بۆچی ماڵی بارزانی ئەم کارەیان کرد؟ لەکاتێکدا ئەم کولتورە لە ناوخودی بارزانییەکاندا نییە و جگلە لە کورانی مەلا مستەفاو نەوەکانی، بارزانییەکان هێندە بەریزن مرۆڤ شەرمیان لێدەکات و هەرگیز چاویان لە سوکایەتی بەکەس نییە، ئەوە پارتیش وەکو حزب لەم جۆرە رەفتارانە دوورە.
راستی ئەم بابەتە ئەوەیە مەسعود بارزانی و کورانی ئیدریس بارزانی، ستراتیژیەتێکیان دارشتووە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان، هەر بۆیە هەر پرسێک ببێتە هۆی مەترسی بۆ لاوازکردنیان، بەهەموو جۆرێک و بە هەموو شێوازێک بەرنامە بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانە ئەدەن، بەڵام ناتوانن ئەو هەموو خەڵکە بکوژن بۆیە پەنا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی و شکۆمەندی کەسەکان ئەبەن.

هێمن بنەسڵاوەیی لە پۆستەکانی ئەو هێڵە سورەی بەزاندووە کە بنەماڵە کێشاویەتی، هەر بۆیە مەتبەخی سیاسی مەسعود، نێچیرڤان، سیداد، مەسرور، بڕیاری تیرۆرکردنی کەسایەتی هێمنیان داوە، بەڵام هێندە خراپ بەسەریاندا شکایەوە، شکۆی ئەم بنەماڵە هێندە شکا، سەرئەنجام لای خەڵکی پارتی سۆز بۆ هێمن بنەسڵاوەیی دروست بوو، لەکاتێکدا پێشووتر کە ماڵی بارزانی، حوسێن ئاغای سورچیان تێرۆرکرد، خەڵکی پارتی لەترسان نەیانوێرا، لە ژێرلێویشەوە نارەزاییەک دەرببڕن، بەڵام زوڵمی سەر هێمن ئەو تەوقەی شکاندو واقیعەتی بنەماڵەی بە خەڵکی پارتی ناساند، ئەمەش بووە هۆکارێک کە قورسایی ئەم بنەماڵە لای خەڵکی پارتی کەم ببێتەوە.

کارێکی ژیرانە کە هێمن کرد سکاڵا بوو لەسەر خودی مەسعود بارزانی و رێکارە یاساییەکانیش لە سێلمانی و بەغدا خراپ نین، لە کاتێکدا لەسایەی خێڵگەری ماڵی بارزانی و ئەوانەی لاسایان ئەکەنەوە شکۆیەک بۆ یاسا نەماوە، بەڵام پەنا بردن بۆ یاسا لە جێگای خۆیدایەو ئەم کەیسە بەنەمری ئەهێڵێتەوە.

16/4/2018

هەولێر

http://ibrahim-abbas.blogspot.com/2018/04/blog-post_16.html




# کەباب ... پشکۆ ناکام

*******************************

من کاکە هێمن بنەسڵاوەیی ناناسم و پێویستم بەوە نیە بچمە بنج و بناوانی تایافەکەی تا بیناسم ، ئەوەنە ئەزانم کە بە من ئاشنایە، چونکە هەر کەسێک چەوسایەوە و ئازادی لێ زەوت کرا لە بەرەی منە و ئازارەکانمان یەکە، پارتی و بنەماڵەی تاجی ئاش بەتاڵ لەسەرکراو وا ئەزانێت بە سەر تاشینی کەسێک ، ئیتر مێژووە ڕەش و رابردوو لێڵ و سجل ئەعمالی زەردهەڵگەڕاویان لە زهنیەتی خەڵک دەرئەچێ و هەموو دەستەوسان دائەنیشین و ئەڵێین : ماشائەڵا لە وەجهی نورانی بنەماڵە وسەرانی ! پارتی بە حسابی خۆی ئیهانەی کەسێکی کردووە کە وەک ئەو بیر ناکاتەوە ، بەڵام گەر پارتی و بنەماڵە سەیرێکی ئاوێنە بکەن ئەزانن کە ئەوە ئەوانن زیاتر لە حەفتا ساڵە بە وجودیان ئیهانەی خۆیان ئەکەن و هەموو ڕۆژێکی عومریان ئیهانە و سوکایەتیەکی تازەیە بە خۆیان و حاشیە و قەزەمەکانی دەور و پشتیان ، گەر کۆمەڵانی خەڵک لە ئاش بەتاڵا سەر و بڕۆی بنەماڵە و موریدەکانی بتاشیایە وەک سزایەک بۆ مەزاد کردنی خوێن و فرمێسکی چواردە ساڵی خەڵک و خۆ هاویشتنە ناو باوەشی "شاهنشا اریا میهر" ئەوە ئێستا جورئەتی ئەویان نەئەبو کارێکی وا بەرامبەر هاووڵاتیەک بکەن کە بە پێشمەرگایەتی ئەژی ، بەم کردەوە وەحشی و دەرەبەگییانەی بنەماڵە سەر لەنوێ ئەو ڕاستیە خۆی دووپات ئەکاتەوە کە بەرامبەر پارتی خەباتی مەدەنی و هێمن و جەدەلیانە قسەی قۆڕە و ناچێتە گیرفانی کەسەوە مەگەر ئەوانەی لەژێر لافیتەی "ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە " ئەیانەوێت ناکۆکیەکان لا بەلا بکەن، یەک جار بە زستان ئەووترێت ساردە، یەک جاریش ئەووترێت بنەماڵە و پارتی دژ بە خەڵک و خواست و ئایندەی خەڵکن و سیاسەتی "مائع"یانە بێ سوودە ، ئەوان ئەبێ یەک بەیەک و دوو بەدوو مامەڵەیان لە گەڵا بکرێت، ئەوەی پێی وایە وەک "گاندی" ئەتوانرێت مل ملانێ لەگەڵ پارتیا بکرێت ئەوە خۆی و دەوروپشتەکەی، پێش خەڵکە گشتیەکە ، ئەخەڵەتێنێ...پارتی ئەو هێزە جەبەروتە نیە

وەک فیل و کەرکەدەن بێتە بەرچاومان، هەموو دوێنێمان لەبیرە شێرە وورگنە عەبوسەکانی پارتی چۆن لە شەنگال بە دروشمی"پێشڕەوی کورد پارتیە..چونە پێشەوەی تیا نیە " بەهەڵەداوان وەک پیشەی هەموو پاڵەوانێکی "علوج" تا دهۆک نەوەستانەوە ..پارتی و بنەماڵە لە ترس و لەرزی دوو تۆپی ئێران، پەنای برد بۆ سوپای بەعس، و بە پاڕانەوەوە هێنایە سەر هەولێر ، دەبابەکانی سوپای ئەنفال لە پێشەوە و چەکدارەکانی پارتیش وەک "لاین مان" ی دووگۆڵی بە عەلەمێکی زەردەوە لەپشت سوپای بەعسەوە هەوای پایتەختیان مژی، ، پارتی حزبێکی ئەوەندە دژە خەڵکە کە لەسەر جیاوازی بیر و ڕا سەری خەڵک ئەتاشێ، بەڵام شاعیری "زێڕە" لە قوتابخانەی ڕێبازەکەی بارزانی ،دەرسی کوردایەتی ئەڵێتەوە!! ..
ئەوەی بەرامبەر کاکە هێمن کرا مەسجێکە لەلایەن بنەماڵەوە بۆ سەرجەم ئەو ئەو حیزب و گروپانەی لە گەڵیا ناکۆکن کە ئەوری لە ناوچەکانی زەردا قاچ خوار دانێ ، وای لێ بەسەر یەت،لە بەرامبەر ئەم تەعدا و ئەم تەحەدایەی پارتی کوا کاردانەوەکان ؟ باڵ و ڕانەکانی یەکێتی چیان کرد ؟ تەسبیح بە دەستە موسڵمانەکان هەڵوێستیان وەک گروپ چی بوو ؟ گۆڕان و تۆپ و مەشجەب خانەکەی ، چییان لەسەر هێمن ووت؟ یان ئەوەیە قژ و برۆ گۆڕانکاریەکان نایانگرێتەوە ..گەر دووکەسی سەر بە پارتیش لە سلێمانی بێ قژ و برۆ بکرێن و ڕەوانەی سەری سوور بکرێنەوە ، هەڵبەتە پارتی حسابێکی تر بۆ تەحەمول و سەبری خەڵک ئەکات و ئەگەر خۆی غەشیم نەکات تێئەگات شەق بەشەق یانی چی و چیتر کۆمەڵانی خەڵک بە مەڕ و مـــــــــاڵات و ڕەعــــــــــــیەت نەزانێــــــــــــت.................
ئەگەر ئەو حیزب و لایەنانە سیاسەتیان پێ ناکرێت و لە نێوان وەڵام دانەوە و خیش کردن لە پارتی واقیان وڕماوە ، با پرسەکە بۆ ئەو خەڵکە داخ لەدڵە بە جێ بێڵن ، ئەو کاتە قژێک بەدەیـــان پــــرچ وبــــرۆیەک بە دەرززەنێــــک بــــرۆ چارەســــەر ئەکرێـــت..
خەڵک هەقی خۆیەتی نەبێتە مەسخەرەی سیاسەتی نە شیش بسوتێ نە کەباب....

http://dengekan.ca/archives/465




# هێمن بنەسڵاوە ، شایستەی چەند سڵاوە؟

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

**سۆران محەممەد غەریب**



تاکەکانی ناو کۆمەڵگای هۆشیار هەمیشە ئامادەن ببەخشن نەك وەرگرن ، هەربۆیە دەتوانن دۆخی خراپ بەرەو چاککردن ببەن و باش بە ڕێچکەی باشترکردن بگەیەنن و کۆمەڵگایەکی دروستی لەسەر بونیاد بنرێت .
کۆمەڵگای کوردی لە ڕیزبەندی هەرە کۆمەڵگا دارماو و تێکشکاوەکانە کە بە ئاستەم چاوەڕوانی بونیادگەرێتی لێ دەکرێت ، لەبەر ئەوەی هێندەی تاکەکانی سەرقاڵی بەرژەوەندی گشتی و مافی کەسانی ترن سەد ئەوەندە سەرگەرمی بەرژەوەندی تایبەتی و دەستکەوتی کەسێتین . ئینجا ئەوە نابێت لەبیر بچێت ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لە سەرکردایەتی سیاسی و حیزبەکانەوە دەست پێ دەکات تا کەسانی ئاسایی و خوارەوە . هەر ئەممەش وایکردوە میلەتی کوردی گەیانۆتە ئەم ڕۆژگارە ڕەش و پڕ لە نەهامەتیەی ئەمڕۆمان . هەردەم دەبێت چاوەڕێی دەستی بێگانە بین تا لەو زۆرە مافەی هەمانە بە کەمێك بیژەنین .
کۆمەڵگای زیندو ئەو کۆمەڵگایەیە بەرەنگاربونەوە و ململانێی تیادا بێت بە تایبەتی ئەگەر بەرامبەر دەسەڵاتێکی ستەمکار و خۆسەپێن و قۆرخکار بێت کە مافی خەڵك

پێشێل بکات و سەرکوتی بیری ئازاد بکات و لە سایەی ئەو فەرمانڕەوایەتی کردنەیدا ڕادەربڕین تیادا سنوردار بێت .
ناسەقامگیری و شلۆق بونی ناو کۆمەڵگا لەو کاتەی تاکانەی قوت دەبنەوە و دەنگیان هەڵدەبڕن و دلێرانە دێنە سەر شەقام ناکاتە ئەوەی بە گێرەشێوێن و تێکدەر ناوزەند بکرێن ، چونکە ئەم دۆخە دەرئەنجام و زادەی دەسەڵاتێکی نابیست و نابینە . هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانرێت گۆڕانکاری لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا بکرێت بە ئاراستەی چاك کردن دواجار دەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵچنینی پایە و کۆڵەکە سەرەکیەکانی دیموکراسی و دەستەبەر کردنی مافی تاکەکەس و کۆمەڵ .
بەدەر لە هەمو بیرێکی سیاسی ئەوەی لە ڕابردودا بەرامبەر بە (هێمن) کرا ئاماژەیەکی ترسناکمان نیشان دەدات ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی دیوە ئەوەی بەو کەسە کرا لەبەرامبەر سەراپا کۆمەڵگای کوردی کرا . هەتك کردن و ئابروبردنی تاك بە تاکی گەلی کوردە . لەبەر ئەوەی (هێمن) بەر لە هەمو شتێك مرۆڤە و پاشان نە مافی کەسی خواردوە و نە دەستدرێژیشی کردۆتە سەر کەس ، بەڵکو داکۆکی لە مافی خۆی و هاوڵاتیان کردوە . لەوە دەچێت لەسایەی بە ناوی گەورەی دیموکراسی لەم هەرێمەدا گوزاشت کردن بوبێتە تاوانێکی مەزن . تا بەو جۆرە سوکایەتی بەو کەسانە بکرێت کە وەکو مافێکی ئاسایی خۆیان پیادەی دەکەن ، لە کام کۆمەڵگا کە دیموکراسی جێگای خۆی گرتبێت ئاوەها بەسەر کەسێك دەهێنرێت بەوەی سوکایەتی بە خۆی و خانەوادەی بکرێت و ئاودیوی سنور و دەسەڵاتی حیزبی بکرێت ..؟؟؟
خۆ هەمو سەرکردایەتی سیاسی کورد دەڵێن ئێمە پێشمەرگەین ..! گەورەترین پلە لای ئێمە پێشمەرگایەتیە .. ئا ئەمەیە پاداشتی پێشمەرگە ..؟
شەرمە ئەمە دەبینرێت ..! دڵنیام لەوەی ئەوەی ڕویدا..! ترس نیە لە خودی (هێمن) ، بەڵکو ترسە لە دەوروبەری هێمن و سەراپای کۆمەڵگا تا ببێتە پەندێکی گەورە بۆ گشت ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ماف و ئازادیەکانیان بێنە قسە و هەڵوێستە وەرگرن .

* هەزاران سلاو لە (هێمن)ی مرۆڤ دۆستی ماف پارێز .
* هەزاران سلاوت لێبێت پێشمەرگە گیان بەخشە خۆنەویستەکە .
* هەزاران سلاو بۆ گوێ نەدانت بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی ئەی پیاوە هەڵوێست نەفرۆشەکە .
* هەزاران سلاو لە بوێریت لە بەرامبەر ستەم .

http://lvinpress.com/drejaWtar.aspx?NusarID=374&Jmare=1797

# موحەممەد بوعزیزی و هێمن بنەسڵاوەیی

******************************************




**حەمەسەعید حەسەن**

موحەممەد بوعزیزی (١٩٨٤ – ٢٠١١) گەنجێکی تونسی بوو، فرۆشیارێکی گەڕۆک بوو، سەوزە و میوەی دەفرۆشت. پۆلیسێکی ژن دەست بەسەر عەرەبانەکەیدا دەگرێت، زللەیەکی توندی لێ دەدات و پێی دەڵێت: ئێرە جێ بهێڵە! کە بە عەرەبی دەبێتە إرحل. بوعزیزی لە ١٧ی دیسەمبەری ٢٠١٠ دا، لەبەردەم باڵاخانەی والیی شاری (سیدی بوزید)دا، وەک پرۆتێست ئاگر بەر دەداتە جەستەی خۆی و دوای هەژدە ڕۆژ لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ دا، گیان لە دەست دەدات. ئەو ئیرحەلە دەبێت، بە دروشمی شۆڕش و مانگێک بەسەر زللەکەدا تێناپەڕێت، لە ١٤ی ١ی ٢٠١١دا، سەرۆکی وەڵات بە نهێنی بۆ سعوودستان هەڵدێت.

بوعزیزی کە هێندە ڕۆحسووک بوو، لە خۆشەویستیدا بە بەسبووسە بانگیان دەکرد، هەر لە دە ساڵییەوە دەستی دابووە ئیش، مانگانە لە دووسەد دۆلار کەمتری دەست دەکەوت، خیزانێکی پێ بەخێو دەکرد کە یەکێکیان خاوەن پێداویستیی تایبەت بوو. بوعزیزی کە بەبەر چاوی خەڵکەوە زللەیەکەی لێ درابوو، هێندە بە خۆیدا شکابووەوە، شکۆی ئەوەندە بریندار بووبوو، لە شەرماندا دابوویە پڕمەی گریان و گوتبووی خۆم دەسووتێنم، هەر وایشی کرد.

دوای بـوعزیزی، خۆسـووتاندن، لە حـاڵەتەوە وەک دیـاردەی لـێ هـات، لە مەغریـب، جەزائیـر، میسـر، مۆریتانیـا و سـوودانێش چەنـدان گەنـج خۆیـان سـووتاند. (شـانازی بە کـوڕەکەمەوە دەکەم، گەنـدەڵکاری و سـتەمی ڕسـوا کـرد و بـوو بە هەوێنـی شـۆڕش و گۆڕانکاری.) دایکی بوعزیزی وای گوتبوو.

پیـاوانی ئـایین لەبـری ئەوەی بە گـژ سـتەم و گەندەڵکاریـدا بچـنەوە، لە دژی خـۆبەختکردووان، ئەوانەی جەسـتەی خۆیـان کردبـووە چـیلکە و چەوێلـی ئـاگری شـۆڕش، هـاتنە قسـە و بە زەنـدیقیان لە قەڵەم دان. گوتیـان: بە حـوکمی شـەرع، خۆکوشـتن حەرامە، بەڵام نەیـانگوت: بە حـوکمی شـەرع، سـتەم و گەنـدەڵکاری حەرامـن. قەرزاوی گـوتی: بـا هەموومـان بـۆ ئەو گەنجـانەی خۆیـان سـووتاندووە، لە خـودا بپـاڕێینەوە، بەڵکـوو لێیـان خـۆش ببێـت، بەڵام تـوخنی گەنـدەڵکاری، بێکـاری، ستەمکاری و هەژاری نەکەوت.

پیـاوانی ئـایین گوتیـان، چـونکە لەوپەڕی تـووڕەیی و هەڵچوونـدا خۆیـان دەسـووتێین، ڕەنـگە خـوا لێیـان خـۆش ببێـت، وەک چـۆن تەڵاق ئەگەر بەدەم هەڵچـوونەوە بـدرێت، ناکەوێـت. ئەوە کێشـەی پیـاوانی ئـایین نیـیە، خەڵـک لەم دونیـا چـۆن دەژیـن، گرنـگ ئەوەیە تووشی عەزابی قەبر و ئاگری دۆزەخ نەبین.

دوو دەوڵەمەنـدی کەنـداو، ویسـتیان عەرەبـانەکەی بـوعزیزی بە پـارەیەکی زۆر بکـڕن، بـراکەی نەیفرۆشـت و گـوتی: دەبێـت وەک یادگـارییەکی هێـژا، لە یەکێـک لە گۆڕەپانەکـانی شـاردا دابنرێـت. ئامـال ئەلمەسلووسـی کە سـترانبێژێکی تونسـییە، گـۆرانییەکی بـۆ بـوعزیزی گـوت، لە پـاریس پەیکەرێکـی بـۆ چـێ کـرا و خەڵاتـی (زەخارۆف)یشی بۆ ئازادیی فیکر، وەرگرت.

ئەم بەسـەرهاتانە زۆر لەمێـژ نیـیە ڕوویـان داوە، بـا دەسـەڵاتداران لە هەر جێـیەک هەن، خـاترجەم بـن، حـوکمڕانی، بە سـتەم و گەنـدەڵکاری بەڕێـوە ناچێـت و داهـاتووی هـیچ دیکتـاتۆرێکی گەنـدەڵکار، لە چارەنووسـی چاوچیسـکۆ، سـەددام حوسـەین، زەیـن ئەلعابیدین، موبارەک و قەززافی ڕۆشنتر نابێت.

لە سەرتاشینێکەوە بۆ سەرتاشینێکی تر.

٢٨ی ٩ی ٢٠١٦

# ئاوا پاداشتی پێشمەرگە دەدەنەوە میری جاشان؟



**سەعید کاکەیی**

ئیکسپایەربونی شەرعیەتی دەسەڵاتە کلپتۆکراسیە ماوە درێژکراوەکەی مەسعود بارزانی، وا بزانم یەکەم کەس بووم کە لە کەناڵە ئازاوەگێڕەکەی رووداوەوە ئەو ڕاستیەم بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بینەرانی ئەو کەناڵە نەوتاویە ڕونکردەوە کە چیتر وەك پێشمەرگەیەك ئەو زاتە خۆسەپێنە نەك هەر بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نازانم، بەڵکو بە فەرماندەی گشتی خۆم و تێکڕای پێشمەرگەی کوردستان نازانم، چونکە سەرۆك و فەرماندەیەکی گشتی خۆی بەسەر گەل و نیشتیماندا بە نایاسایی فەرز بکات، ئەوا جگە لە بێڕێزی بەرامبەر خەباتی پێشمەرگە و قوربانیەکانی، پاشاگەردانی و بێ مۆراڵی و بەرەڵلایی هیچی دیکە دەستەبەر ناکات. ئەگینا ئەوا چ ئەخلاق و دیسپلین و مۆراڵێکە کە پێشمەرگەیەکی قارەمانی وەك کاکە هێمن بنەسلاوەیی بە دەستی ئاسایشە بێ مۆراڵەکانی پارتی بەناو دیموکراتی کوردستان کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، پاش سوکایەتی و ئەشکەنجەدان بەم شێوە بێ ئەخلاقییە سەری بتاشرێ؟

ئەمەی کە دەرهەق بە کاکە هێمن کراوە دەقاودەق لەو ڕەوشتە قێزەوەنە خێڵەکیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆیلەکانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی شانازی بە ئینتیمابونیەوە دەکەن.

ئـێمەی گۆڕانخـوازانی نـاو وەزارەتـی پێشـمەرگە لەو سـونگەیەوە چـوینە نـاو حکـومەتە بەنـاو بـنکە فـراوانەکەوە کە بتـوانین هێزەکـانی پێشـمەرگە بگـۆڕین بـۆ هێزێکـی دامەزراوەی پیشـەیی دوور لە هەژمـونی حزبـی و خێڵەکـی. بەڵام مەخـابن، نەك ڕێگەمـان پێـنەدرا پـڕۆژەو بەرنـامەی کارەکەمـان جێبەجـێ بکەیـن، بەڵکـو بە شـێوەیەکی ناشارستانیش نێردراینە ماڵەوە.

لێـرەدا، بە نـاوی خـۆم و تێکـڕای هـاوڕێ و هـابیرانی خـۆم زۆر بە تونـدی ئەو ئەتـوارە ناشـرینەی کۆیلەکـانی پـارتی شـەرمەزار دەکەم و داوا لە لایەنە پەیوەنـدارەکانی وەزارەتـی پشـمەرگە دەکەم کە بکەرانـی ئەم تـاوانە قێـزەون و نـا مرۆڤـانەیە بە تونـدی سزا بدەن.

بژی پێشمەرگە و سەرشۆڕی بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕێز لە یاسا ناگرن.



BurhanYassin

## دکتۆر بورهان یاسین

لە میدیاکاندا دیمەنی کاکە هێمن بنەسڵاوەییم بینی. شتێکی نوێ نییە گەر بڵێم ئەم دیمەنە ناخی هەموومانی هەژاند، لێ داخەکەم ئەمە روداوی یەکەم نییە کە گوزارش لە تۆقاندن و ترساندنی خەڵکی کوردستان دەکات. پێشتریش تیرور و لەناوبردنی جەسەدی ئامرازێک بووە بۆ پاراستنی دەسەڵاتێکی تا بڵێی گەندەڵ و شکستخواردوو. ئەم شێوازە قێزەوەن و هۆڤانە و نامرۆڤانەی دەستدرێژی بۆ سەر کاکە هێمن بەڵگەیەکی ترە لە باوەڕبوونی ئەم دەسەڵاتە بە تۆقاندن وەک ئامرازێکی بێدەنگکردن و ملکەچکردنی خەڵکی کوردستانە. دوێنێ سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە و رۆژنامەنووسی دەڤەری بادینان ویدات حوسێن و ئەمڕۆش بەم شیوە نامرۆڤانەیە دەستدێژی بۆ سەر کاکە هێمن. چۆن کاتی خۆی نووسیومە کە تێرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تێرۆرکردنی نەتەوەیەکە لە بوون و ماهیەتیدا، هەر ئەوهاش ئەمڕۆ دەستدرێژی بۆ سەر کاکە هێمن ئەتکردنی هەموومانە. ئاخر دەسەلاتێک بەو هەموو چەکدار و جبەخانە و دەزگای سیخوری و تۆقێنەرانەیەوە ئەوەندە ترسنۆک بێت کە لە ترسان و لە لوتکەی هیستریایدا، هیستریایەک کە لوتکەی ترسنۆکیەتی، بەم شێوەیە دەست دەبات بۆ هاوڵاتییەکی کوردستان. زۆر بە کورتی و بە چڕی دەخوازم بڵێم، هەر وەک چۆن پێشتریش گوتومە: گەر دکتاتۆر خۆی ترسا و تۆقاو نەبێت هەڵبەتە پێویستی بەو هەموو تۆقاندن و ترساندنە نابێ: دکتاتۆر لەبەر ئەوەی خۆی ترسنۆکە پێویستی بەردەوامی بە ترساندن و تۆقاندنە. زۆر جاریش تراسندن و تۆقاندنی ئەوانی تر بەڵگەی بەهێزیی دکتاتۆر نییە بەڵکو رێک پێچەوانەکەیەتی. ئاخر چۆن دەکرێ تۆ لە هەمان خەڵک بترسی کە خۆت باوەڕت وایە تۆیان هەڵبژاردووە تا ئەبەدیش بە سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی رازین! لێرەدا پڕ بە دڵ و پڕ بە قەناعەت و هوشیاری تەواوەوە دەمەوێ پرسیار لە هێزە چەکدارەکانی بەرەکانی جەنگ، وە بە تایبەتی سەرکردە سەربازییەکان، بکەم و بڵێم ئایا گەر ئێوە بە راستی بۆ پاراستنی کەرامەت و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە

بەرەکانی جەنگن ئەی چۆنە ئەم شکاندنی کەرامەتی تاکەکانی ئەم کوردستانەتان رۆژانە قەبوڵە: بە راستی پڕ چەک بوون بۆ پاراستنی دەسەڵاتدارانێکی گەندەڵ و ترسنۆک و کەرامەتشکێن یا بۆ پاراستنی خەڵک و کەرامەتەکەی. گومانم لە چەکهەڵگریەکەی دوێنێی زۆرێکیشتان هەیە، بە تایبەتی بەرپرسەکانتان: بەو شێوە هەمجیەی کە کاکە ودات حوسێنی پێ تێرۆر کرا وە بەو بەربەریەتەی کە مامەڵەی کاکە هێمنتان کرد وە لە ژێر سێبەری چەکەکانی ئێوە کاکە سۆران و کاکە سەردەست و کاکە کاوە گەرمیان و زۆرێکی تر تێرۆر کران، هەموو ئەمە نیشانەی پرسیاری جدی دەخاتە سەر شانازییەکانی دوێنێشتان، نەک هەر ئەوەی کە چۆنە بەم هەموو ناشیرینیانەی ئەمڕۆ رازین. هەر بەم لۆژیکەش، بە تایبەتیش ئەو سەرکردانەی کە هێشتان باوەڕتان بەوەیە کە خەباتی دوێنێتان لە پێناو ئازادی نەوەی ئەمڕۆ بوو، کاتی ئەوە هاتووە، هەر نەبێ لەبەر خاتری پاراستنی شانازییەکانی دوێنێ خۆتان وە بۆ ئەوەشی سبەی مێژوو ئێوە لە ئەوانی دیکە جیا بکاتەوە، کاتی جیاکردنەوەی کارتەکانە، کاتی هەڵوێستە، تا پاپۆڕەکە بە تەواوەتی غەرق نەبووە! بۆڵەبۆڵێکی سەر جادە، پێش کامیراکانی تەلەڤزیۆن بەس نیە بۆ جیاکردنەوەی ئەو سەرکردانەی کە بە راستی دوێنێ بۆ شانازییەکانی ئەمڕۆ خەباتیان کردوە لەوانەی کە خەباتی دوێنێشیان هەر جێگای گومانە. ئاخر ئەوە چۆنە کە ئێوەی کە گوایە دوێنێ بۆ جوانیەکانی ئەمڕۆ خەباتتان کردوە، نەک هەر بە ناشیرینیەکانی ئەمڕۆ رازین بەڵکو بگرە سەرسەختانە پارێزگاریش لەم ناشیرینیانە دەکەن. ئەگەر هەتا ئێستاش خەڵکانێك لە وڵاتی ئێمە باوەڕیان وابێ کە بە ناشرینیەکانی ئەمڕۆ دەکرێ جوانیەکانی دوێنێ بپارێزرێن ئەوا بێ گومان بە هەڵە داچوون وە ئەوانەی باوەڕیان وایە کە لەسەر ناشرینیەکانی ئەمڕۆ دەکرێ جوانیەکانی داهاتوو بونیاد بنرێن ئەوا ئەوانەش هەر بە هەڵەدا چوون.کاتی خۆی گوتومە کە نابێ سەرکردەکانی دەسەڵاتی کوردی هەڵەی حوسنی موبارەک، بە مامەڵەکردنی هێزی فەیسبوک بە وشتر، لە کوردستاندا دووبارە بکەنەوە. ئەمڕۆش دەڵێم بەم هەڵوێستە نامرۆڤانەتان بەرامبەر کاکە هێمن، ناتوانی هێز و ئیرادەتان نیشان بدات بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە ئەم کارەتان بەڵگەی ئەوپەڕی ترۆسنۆکی و بێرەوشتییە. ئاخر نازانم چۆن دەکرێ بەرپرس و سەرکردەیەک کە هەڵگری ئەم هەموو ترسنۆکیە بێت بتوانێت ببێت بە داهەنێری نەتەوەیەکی بەهێز، چ جای ئەوەی نەتەوە بەرەو سەربەخۆیی ببات.لە لایەکی ترەوە پێویستە هەموومان بە یەک دەنگ ئەوە بڵێین کە ئەمڕۆ هەموومان کاکە هێمنین.

https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=1162847237129077&id=100002114364751

# هێمن بنەسڵاوەییشی هاتە سەر




هێشتا خەمی کاوە بەری نەداوین هەرچەند ئامەد پێشی گرتبێ ،جەستە ی بەخوێن شەڵاڵ بوی سەردەشت هەر لەبەرچاومانە،سۆرانی مامە لەگەڵ هەر ژمارەیەکی لڤیندا ناخمان دەهەژێنێ..گەردوێنێ تیرۆری نارەوای ویدادناخی هەڵقرچاندبین ،ئەوائەمڕۆ هێمن بنەسڵاوەییش بەوەی لەگەڵیدا کرا ڕووی ڕاستەقینەی ئەودەسەڵاتەی زیاتر بۆ هەڵمالین.لەکوێی دونیادا بوە خەڵك بۆمووچە بڕژێتە سەرشەقام،بۆداوای نانیش سەری بتاشرێ وەک هێمایەک بۆسوکایەتی وبێدەنگ کردن.
کاک هێمن بنەسڵاوەیی دواقوربانی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە نابێت ونەبوە،سەرە بەرزەکەی هێمن و دەنگ وهاواری خەڵکی نارازی وخوێنەئاڵەکەی ڕۆژ نامەنوسە تیرۆرکراوەکان ونرکەونەعرەتەی لاوە خوێن گەرمەکانی وولاتەکەم ونزای بەکوڵی دایکە بێنازوباوکە هەناسە ساردەکانی گەلەکەم لەگەڵ گریانی منداڵە برسیەکانی میللەتەکەم دەبنە ڕەشەبای تەفروتوناکردنی دەواری ستەمکاری وقوڵینگی هەڵتەکاندنی بتی گەندەڵی ودزی ودرۆ وچەخماخەی وەرچەرخانێکی نوێ.ئەوانەی دەست بۆکەرامەتی مرۆڤەکان دەبەن زوو یان درەنگ جگە لەنەفرەتی خوا ومرۆڤەناخە زیندوەکان وزبڵدانی مێژوو چیدیان بۆ نامێنێتەوە.

**ئەبوبەکرهەڵەدنی**

ئەیلولی٢٠١٦

# ئیتر شەرمە باسکردنی ...

# ئەمانە بڵقی سەر ئاون .

**********************************




ئیتر شەرمە لەم هەرێمەو لەم هەولێرە بانگەشەی ئازادی بکرێت .
ئیتر شەرمە لەم هەرێمەو لەم هەولێرە بڵێیت دیموکراسی هەیە .
ئیتر شەرمە لەم هەرێمەو لەم هەولێرە هێندە چەمکی مافی مرۆڤ باسبکرێت وپێی بوترێت بەرقەرارە .
ئیتر شەرمە لەم هەرێمەو لەم هەولێرە بەباڵای یاسادا هەڵبدرێت وپێی بوترێت تۆ سەرووەری و تۆ لەسەروی هەر هەموانەوەیت .
من دڵنیام گەر ئەمانە [ ئازادی ـ دیموکراسی ـ یاساو مافی مرۆڤ ] زمانیان گۆی بکردایە لەم هەرێمەو لەم هەولێرە هەزارەها نەفرەتیان لە خۆیان دەکرد کە چۆن هەڵدراونەتە مەملەکەتێک کە هێشتا چەمکەکانی دەتگرم و دەتکوژم و ئەتکت دەکەم تێیدا زاڵە .
ئەوەی بەرامبەر کاکە هێمن بنەسڵاوەیی کراوە لە هەولێر مایەی شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتداران و پێناسەی کوت ومتی خۆیانە.
بۆیە پێویستە سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وڕێکخراوولیژنەکانیشی کەبانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەن بەزوویی بێنە دەنگ ،دەبێت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرووەکان وسەرجەم ئەو کونسوڵیانەی کە لەهەولێردا بونیان هەیە لەئاست ئەم ئەتک کردن وسوکایەتیانە بێدەنگ نەبن کە بەرامبەر مرۆڤەکان دەکرێن لەم هەرێم و هەولێرەدا وسنورێکیان بۆ دابنرێت .
وەپاراستنی ژیان وگیانی هەر هاوڵاتییەک لەهەردەنگ وڕەنگێک بێت لەئەستۆی دەسەڵاتدارانداپە وئەوان بەرپرسن لەو پێشێلکاریانەی کە بەرامبەریان دەکرێت .

**عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا ...ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەولێر**

٢٧ ـ ٩ ـ ٢٠١٦ .

# سەرتاشراوەکان چی لە دنیای ئێمە دەگۆڕن؟




**عەزیز ڕەئووف**

ئایا ئەتککردنی کارەکتەرێك لەلایەن هێزێکی بەربەرییەوە، مەبەست لێی ئەتککردنی کۆمەڵگەیە یان مەسجێکە پێمان دەڵێت ئەوەی ڕازی نەبێت بەم دۆخە ئەتکی دەکەین؟ ئایا مووڵێکردنەوە لە ڕوخسار و سەری کارەکتەرێك گەورەترە لە کوشتن و فڕێدانی تەرمی ڕۆژنامەنوسێك؟ ئایا بەڕاستی ئەگەر ئێمەش سەرمان بتاشین دەتوانین بەشدار بین لەو ئەتککردنە و دڵدانەوەی ئەم کارەکتەرە؟
سەردەمانێك سەرڕووتکردن عەیبە بوو، دواجار سەرلوسی کردەیەکی ئاساییە و مووی قژ لەدنیای نوێدا بەلایەکە لانی کەم خزمەت ناکرێت. سمێڵتاشین سەردەمانێك ڕەمزی پیاوەتی بوو، تاشینی سمێڵ عەیبە بوو، من لە ئامادەیی بووم کە سمێڵم تاشی مامۆستاکانم پێم بێدەکەنین. لە ئێستادا ئەم کۆمەڵە مووەی نێوان لووت و دەم دەکرێت بە زیادە ناوی بەرین و لانی کەم ڕێگرە لە شەربەتخواردن.

بێ ئەوەی بە ئەتککردن ناوی بەرین، هەموومان دەتوانین سەر و سمێڵمان بتاشین و زۆر ئاساییە، دەتوانین سەرمان وەك کولەکە لێ بکەین. بەڵام ئایا دەتوانین برۆمان بتاشین؟ تاشینی برۆ فۆرمی دەم و چاومان دەگۆڕێت و ناتوانین موس لە برۆمان بدەین. هەر بۆیە هەموو ئەوانەی دەیانەوێت هێمن بنەسلاوەیی بن، لانی کەم توخنی برۆکانیان ناکەون. لەم عەسرەدا سەرلوسی کردەیەکی ئاساییە. بەڵام ئەوی تر بە نیەتی ئەتککردن یان شکاندن دەست بۆ سەری ئەوی تر بەرێت لە کۆمەڵگەدا تەواو نامۆیە. لە ئێستادا ئێمە دەتوانین هەموومان سەرمان بتاشین، بەڵام قەت نابین بە کاکە هێمن، چونکە هێمن ئەوی تر دەستی بۆ پیرۆزیەکانی جەستەی بردووە و ئێمە خۆمان بە خواستی خۆمان دەست بۆ مووەکانی قژمان دەبەین. بۆیە بە هەر پێوەرێك

وەری بگرین، گۆڕینی فۆرمی قژمان وەك هاوخەمیەك، ناكاتە خەمەكانی خودی كاكە هێمن خۆی. ئێمە هەموو سەردەتاشین وەك هاوخەمیەك، ئەمە مانای ئەوەیە هەموومان دەڵێین وەرن ئێمەش ئەتك بكەن، ئەوەتا هەموومان هێمنین. بەڵام كە هەر ئەم هێزە بەربەریە ،ویدادی ڕۆژنامەنوس لە دهۆك تیرۆر دەكات، ئایا كەسمان دەتوانین وەك ویداد بین؟ ئایا دەتوانین وەك ویداد مردن هەڵبژێرین؟

لێرەوە ئەتككردنەكە لە وێنەكەدا نیە بەڵكو لە كردەكەدایە. ئەگینا دەتوانین سەری خۆمان بە هەر فۆرمێك بێت بتاشین و وەك مۆدێل و جۆرێك لە دنیای نوێ وێنای بكەین. بەمانایەكی تر، ئەوە گرنگ نیە هێمن چۆن فۆرمی قژی خۆی دەسكاری دەكات، بەڵام ئەوە ترسناكە هێزێكی بەربەر بێت و فۆرمی جەستەت بۆ دەسكاری بكات. تۆ دەتوانی وەك هێمن سەرت بتاشی، دەتوانی هەر گەندەڵیەكت كردووە، هەر تەمەڵیەك لە كۆمەڵگەدا كە ئولفەتت پێوە گرتووە و لانی كەم وەك هێمن جورئەت ناكەی لە هەولێردا دەنگ هەڵبڕی، تۆ هەر ئەكتێكی خراپت لە كۆمەڵگەدا كردووە، بە سەرتاشینێك دەتەوێت هێمن بیت، كە هەرگیز ناتوانیت، دەتوانی وا بكەیت كە خەڵك پێت بڵێت دەس خۆش، بەڵام بەڕاستی تۆ هەرگیز هێمن نیت. ئایا ناتوانین لەجیاتی خۆمان بكەین بە هێمن و قژی خۆمان بتاشین، دەسكاری دەستی ئەو ئەكتەر بەربەرە بكەین كە دەسكاری قژمان دەكات؟

بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەم ئەكتە پێمان دەڵێ ئەم فۆرمە لە دەسەڵات هەموومان ئەتك دەكات ئەگەر زوو سنورێك بۆ كردەوەكانی دانەنێین. بۆیە ئێمە ناتوانین سنورێكی بۆ دابنێین، لە بێدەسەڵاتیماندا سەری خۆمان دەتاشین و بە دەسەڵات دەڵێین وەرن ئێمەش ئەتك بكەن. ئەوەتا پێی دەڵێین سەرتاشین چیە، پێش ئەوەی تۆ دەستی لێ بدەی ئەوە خۆمان مووی پێوە ناهێڵین.

ئەم كردەیە پێمان دەڵێت ئەم فۆرمە لە دەسەڵات لە مردن زیاترمان بۆ هەڵدەبژێرێت، دەزانێت نەوەیەك هەیە ئامادەیە بمرێت بەڵام ئەم فۆرمەی لە حوكمرانی قبوڵ نیە. ئەم ئەكتە پێمان دەڵێت چەتەكان دەیانەوێت ئەتكمان بكەن و بە ئەتككراوی تەماشای كورسیەكەی خۆی و منداڵەكانی بكەین.

بەڵام خەمی من ئەمەیە خەریكە لێكردنەوەی موو لە ڕۆحی ئینسان بەنرختر بێت. ویدادی ڕۆژنامەنوس شەهید بوو، لەبەردەم باخی گشتی بیست كەس بوین خۆپیشاندانمان كرد. وێنەیەك دەبینم ترسناك، وێنەیەك كە مەرگی ئینسانەكان توشی شۆكمان ناكەن و لێكردنەوەی موو لە جەستەی ئینسان وەك بردنی حەیا و شورەیی وەسف دەكەین. ئەمە ئەو ڕۆحە خێڵەكیەیە كە لە دەروونی ئێمەدا ئامادەیە و لە ئێستادا تەواو زیندوو دەبێتەوە. دواجار سەرتاشراوەكان چی لە دنیای ئێمە دەسكاری دەكەن؟

ئەم کەمپەینە بۆ سەرتاشین بەمانای شاردنەوە و دڵدانەوەی ئەم ئەکتەرە، دەرەقەتی ئەم بەربەریەتە نایات، لەوە دەرچووە خەباتی مەدەنی کاری تێ بکات. ئەگەر کردەوەی مەدەنیانە بۆ ئەوەی سەری هەمووومان سەری هێمنە، ئەوا سەری هەمووومان تیا بچێت ئەم فۆرمە لە دەسەڵاتی بەربەری، پێکەنینی دێت کە سەرمان وەك کولەکە خڕ کردووە. خۆی ڕەنگە پرسیارەکە ئەمە بێت: کە تۆ نەتوانی فۆرمێکی تری ناڕەزایی ئەزموون بکەی، مووولێکردنەوە خراپ نیە. لەوەشگەڕێ ئەم بەربەریەتە لە هەر کوێ بێت ئەو شوێنە ئەتك دەکا.

# سەددام میللەت و دەسەڵاتی بنەماڵەییش کەرامەتی میللەتی ئەنفال کرد




بە گوێرەی گۆتەکانی خودی هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرگە، دوای خۆڕاگریی لەبەرامبەر گوشارەکانی پدك کە خرابووە سەری بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی پارتی، وی و ئامانجی کوڕی، لە لایەن ئاسایشی پدك ڕفێندراون. لە بازگەی پردێ، بۆ تەمبێ کردنی، ئاسایش پارتی سەر و بڕۆی هێمن دەتراشن.

هەڵبەت حوکمی ئەو بنەماڵانە جۆرێکە کە لە هیچ جێگەکی دنیایێ هاوشێوەی نیە، بۆیێ ناکرێ، بۆ ڕەخنە گرتن لە ڕفتارگەلی نامرۆڤانەی وان، پەنا بۆ ڕێساکانی دیموکراسیی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ببیەین. وەلێ ئەگەر نەریتی عەشایەریش بێ، ئەو جۆرە کردە بێشەرمە، سەرتراشینی پێشمەرگە بۆ هەر مەبەستێك بێ، هیچ تخووبێکی ئەخلاقیی نەهێشتیتەوە.

وێدەچێ، پدك خۆی بەوە ڕازی کردبێ کە دەتانی لەو ڕێگە خەڵك چاوترسێن بکا. لێ هەقیقەتی کار جۆرەکی دیکەیە، لە وەختێك کە ئەو چەکدارگەلە کرێتەی پدك بە ناوی ئاسایش، سۆرانی مامە حەمەی تێرۆر کرد، نەك هەر نەیتانی خەڵك بێدەنگ بکا، بەڵکو میللەتی تووڕە تر کرد. لە کاتێك بە ڕۆژی ڕۆناك، مافیا ئاسا، سەردەشت عوسمانی، لە هەولێرێ ڕفاند و پاش تێرۆر کردنی، لە موسرێ، تەرمەکەیان فرێ دا، دەنگگەلی ملیۆنان هەڤوەلاتییانی

مەملەکەت، نەفرەتی لێکردن. لە ئانێك لە دهۆکێ، دیسان بە ڕۆژی ڕۆشن، ویداد حوسێنیان ڕفاند، و دوای چەند کاتژمێرێك، پاش ئەوەی بە ئەشکەنجە کوشتیان، تەرمەکەیان لەسەر جادەی سێمێلێ فڕێ دا، لەعنەتی مێژووی هەر چارپارچەی کوردستانییان نەسیبی خۆیان کرد. ئەوانە گەرەکە لەخۆیان پرسیار بکەن، چ دەسەڵاتەك لەو دنیا پانە، تانیتی لە ڕێگەی زوڵم لەسەر کورسی خوێناویی بمێنێتەوە و درێژە بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆی بدا!

سەددام کە دوژمناکار و داگیرکەرێکی دژوار بوو، هەموو هەولێکی خۆی دا کە میللەتی کوردستانێ، لە ڕووی جەستەیی، فەرهەنگیی، و سایکۆلۆژیی سیاسیی ــ کۆمەڵایەتیی، لە بەین ببا. نەیتانی، دواجار، ئەو پاشا پیسەی بەغدایێ، میللەتی کوردستانێی ئەنفال کرد. دەسەڵاتی بنەماڵەییش وێدەچێ، بۆ درێژەدان بە حوکمی زاڵمانەی خۆی، دەیەوێ لە ڕێگەی کوشتن و هەتك کردنی نیشتیمانپەروەران (هەتتا ئەگەر پێشمەرگەی سەنگەریش بێ)، ورەی میللەت تێکبشکێنێ. سیاسەتگەلی دەسەڵاتی کوردیی، وەهای کرد کە بۆ میللەت ئاستەم بی جیاوازیی لە نێوان دەسەڵاتی کوردیی و دەسەڵاتی سەددام دابنێ. ئەوانە، بە درێژە دان بە سیاسەتگەلی سەددام، لە هەولەکانیان بۆ تیکشکاندنی میللەت بەردەوامن. ئەوانە، بەو ڕەفتارگەلەیان، نەیانهێشت سیاسەتی چەوسێنەرانەی ڕژێمی سەددام حوسین لە کوردستان لە بەین بچێ. سەددام گەلی کوردستانێی ئەنفال کرد، دەسەڵاتی بنەماڵەییش، کەرامەتی میللەتی ئەنفال کرد. ئەوان، بە تراشینی سەری بەرزی پێشمارگانەی هێمن، سەری شۆڕ و بێکەرامەتی خۆیان، بە میللەت نیشان دا. هێمن بۆ میللەتی کوردستانێ، برایە، کوڕە، برازایە، و خوارزایە.

کرمانج گوندیی

# دووباره بوونەوەی مێژوو




ئەو رەفتارەی بەرامبەر پێشمەرگەیەک کراوە (هێمن بنەسڵاوەیی) کە سەر و برۆی تاشراوە و ئیهانە کراوە، لەڕوی مرۆڤایەتی و کەلتوری ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا کە دەگمەنە، دەبێت کاری لەو جۆرە چ ماناو سلوکێک هەڵبگرێت.

ئەگەر بە وردی لە مەشهەدەکە بڕوانین دەبینین کۆمەڵێك رەفتاری نایاسایی و نا مرۆیی و نامۆ لەو کەیسەدا دەبینین کە بریتین لە:

1رفاندنی خەڵك کە بە پێی پەیاننامە نێودەوڵتییەکان کردارێکی نا مەشروعە و تاوانێکی قێزەونە و کۆمەڵگەی نێودەولەتی بە تەواوەتی رەتی دەکاتەوە.

2دەستگیرکردنەکە بە بێ پرسی دادوەر بوە، واتە تەواوی پرسەکە نا یاساییە.

.3رفاندنی منداڵی ئەو کەسە لە گەڵیدا و بردنیان بۆ شوێنی نادیار ئەوەش تاوانێکی ترە.

.4ئازاردان و هەڕەشەی کوشتن کردنیش تاوانێکی ترە.

.5زەنگێکی زۆر مەترسیدارە بۆ پاشەکشەی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتی پێشلکارییە بۆ مافی رادەربڕین و ئازادی بیرکردنەوە و ئینتیما بۆ فیکری سیاسی.

.6بە هێزترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بڵێین نە دەستور و نە یاسا بەهای پوشکەیەکیان نییە لەو وڵاتە و ناتوانن ماف و ئازادییەکانی تاکەکان بپارێزن، بۆیە لەمەولا ئەگەر تاکەکان لە یاسا یاخی بون ناتواندرێن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێن.

.7زەنگێکی ترسناکە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی دروست بونی کۆمەڵگەی مرۆیی کە مەبدەئی دروست کردنی (هێز و پشت و پەنا) هەبو بۆ پاراستنی خود لە هەر هێرش و دەست درێژییەک.

.8پیادەکردنێکی پراکتیکانەی مەبدەئی (مانەوە بۆ بە هێزەکە) یە.

.9برۆ تاشین و سەرتاشین بەو شێوەیە وەك هەتك پێ کردنێك، خۆی تاوانێکە و شکاندنی

شکۆی مرۆڤە کە لەسەرجەم پەیماننامەو جاڕنامە و دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییەکان و دەستوری دیکتاتۆرترین وڵات و هەمو یاساکانی جیهان بە تاوان هەژمار دەکرێت.

.10وەك زانیومانە ئەو کوڕە پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش بە سومبولی نیشتیمانی هەژمار کراوە و شکۆی پێشمەرگە واتە شکۆی گەلێك، شکۆی مێژویەك لە خەباتی خوێناوی، مێژوی سەدان هەزار شەهید و ئەنفالکراو.

.11رفاندنی ئەو دو کەسە لە لایەن گروپێك کە خۆیان ئاشکرا نەکردوە، مانای ئەوەیە ئەوانە مافیایەکی تاوانکاری رێکخراون و ئەوەش هەر تاوانێکی ترە.

.12ئەوە جگە لە فەشەلی دەزگا ئەمنیەکان لە پاراستنی سەر و سەروەت و ماڵی و شکۆی هاونیشتیمانیان.

کەواتە کەیسەکەی ئەو پێشمەرگەیە بریتییە لە چیایەك لە تاوان، ساکارترین پێناسە بۆ ئەو کەیسە ئەوەیە بڵێین (کردەوەیەکی بەعسیانە بوە)، چونکە هەر ئەوان بە درێژایی مێژوی عیراق ئەو رەفتارانەیان دەکرد و شکۆی هاوڵاتیانیان بە شێوەی هاوشێوە و نزیك لەم رەفتارە دەشکاند، بۆ تۆقاندن و سەرکوت کردنی دەنگە ئازادەکان، ئەوەتا مێژو خۆی لە قاڵبێکی کوردیدا دوبارە دەکاتەوە.

تەواوی ئەو تاوانە بە هەمو شێوەیەك لە ملی حکومەتە و لە ملی داواکاری گشتییە، چونکە حکومەت ئەرکی دابین کردنی ئاسایشی بۆ هەمو تاکەکانی لە ئەستۆدایە و داواکاری گشتیش بە پێی یاسای بەرکاری داواکاری گشتی لەسەریەتی کە ماف و ئازادییە گشتییەکان بپارێزێت.

هیچ گرنتیەك نییە کە ئەو تاوانە بەرامبەر خەڵکی تر نەکرێت، چونکە نە حکومەت هەیە و نە یاسا هەیە و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تەدەخول دەکات لە هەمو ئەو پێشلکارییەی لەو هەرێمە رودەدات کە ناوەکەی لە کوردستانەوە کردوە بە تاوانستان.

خەڵك لە هەمبەر ئەو تاوانانە دەستەوەستان وەستاون، چونکە خەڵك پێویستی بە لایەنێکە رێکی بخات، من خۆم باوەڕم بەوەیە تەواوی ئەو ناڕەزاییەی خەڵك ئەگەر بێتو سەرکردایەتیەکی رێکی هەبێت حکومەت و قەزا و پەرلەمانیش بە چۆکدا دەدەن و لە ماوەی یەك مانگ هەمو شتەکان دەهێننەوە سەر سکەی ئاسایی خۆی.

ئەوەی ئەو خەڵکەی نائومێد کردوە هەڵوێستە پڕ لە شەرمەزارییەکەی ئەو حیزبە کورستانییانەیە کە هەمویان بون بە بازرگان بۆ خوێن و قوتی خەڵك و بەشێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبانە هێزێکی بازرگانی ئابوری دارایی هێندە بەهێز کۆی کردونەتەوە مەجبور ماون لە قێزەونترین تاوانیش یەکتری بپارێزن.

بۆیە تاکە رێگە ئەوەیە سەرکردە ناوخۆییەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆشنبیران و خەمخۆرانی وڵات و شۆرشگێران و ئازادیخوازان هەمویان رێك بکەون و بەرنامەیەکی روبەروبونەوەی ئەو هەمو دزی و گەندەڵی و وڵات فرۆشیە دابڕێژن، ئەو وەزعە

لێکەوتەی کاری یەك حیزب و دو حیزب نییە، بەڵکو ئەنجامی بەشداری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەمو حیزبەکانە، چ بە بەشداری راستەوخۆ و چ بە خۆ لێ بێدەنگ کردن لە پای هەندێك دەستکەوتی ماددی، و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەرجەم باڵیۆز و کونسوڵخانەی وڵاتان و نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتوەکان و حکومەتی عێراقیش هەر بەرپرسە. بەڵام بەرپرسی یەکەم لەم هەمو ئیهانەو سەرکوت کردنە خودی میللەتەکەمانە کە 25 ساڵە ئەو حیزبانە بە هەمو گەندەڵیەکانیانەوە دەپارێزن و ئەندام و لایەنگریانن.

**شوان سابیر مستەفا**

# تبت یدا ابی لهب و تب

# هەردوو دەستت بەبڕین چێت ابولهب

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋




ئەمە بەرزترین ئاستی بیزاری دەربڕینی خاوەنی گەردوون مەزن خوای گەورەیە بەرامبەر ئەو بێریزیەی کە سیمبوولی دژایەتی ئیسلام ابولهب بەرامبەر بە نێردراوی خوا دەیکرد.

کاتێک خاوەنی هەموو گەردوون بەرامبەر ئەتک کردن و بێریزی ئاوا نەفرەت دەربڕێت کە زەریای بێکۆتای بەزەیی و میهرەبانیە ئیدی مرۆڤی چۆن بەرامبەر ئەتک کردن بێئاکار دەبێت .هەموو مرۆڤیک بەتایبەت ئێمەی خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەو تایبەتمەندیە کەلتورییەی کە هەمانە باش لە مانای ئەتک کردن تێدەگەین .هەرکاتێک لە نێوان دوو لایەنی نەیار لایەنێک ویستەبێتی بەرامبەرەکەی تووشی لێدانێکی کاریگەر بکات و لە ڕووی دەروونی بیروخێنێت هێچ چەکێک کاریگەرتر لە ئەتک کردن شک نابات و دوواتر ئەوەی تووشی ئەو جۆرە پەلامارە دەبێت گە ر لە ئاستی وڵامی پێچەوانە بێت توندترێن و کاریگەرترین توانای خۆ بەکار دەهێنێت مەگەر ئە وەی لە ئاستی بێدەسەڵاتی بێت لە

بەرامبەر هێرشبەر.هەموو کردارێک بە ئەندازەی خۆی پەرچە کرداری بە دواوە دەبێت بەڵام لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتی ئەتک کردنی کرداری ئەتک کردن گەورەترین پەرچەکردارەکانی بەدوواوە بووە و بۆتە هۆی هەزاران جەنگ و ماڵویرانی و وێرانبوونی شارستانیتیش تەنانەت،بۆ نمونە دوور نەڕۆین کاتێک سوڵتان سلیمانی تورک جلی ژنانە بو پادشای سەفەوی ئێران دەنێرێت ئەم بێرێزیە دەبێت سە رە تای جە نگێکی وێرانکەر.
لە ئێستاش دا هەموو جومگە هەستیارەکانی کۆمەڵگا کوردی بە ژێرخانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و هتد ، بووە بە قوربانی بۆ مانەوەی بارزانی لە سەر کورسی سەرۆکایەتی و لەو پێناوەشدا سڵ نەکراوە لە هیچ شتێک بۆ زیاتر فشار خستنە سەر کوردانی باشوور.

لە تازەترین بەشی شانۆگەری سیاسی بنەماڵە رێک لە ساتەوەختی دەربڕینی نارەزایی بەشێکی هاونشتیمانیانی ئەم هەرێمە پارتی زۆر بێباکانە و بێمنەتانە دەست بۆ دەرووونی هاوڵاتیانی ناوچە ی ژێرکۆنترۆڵی خۆی دەبات و لە رێی ئەتک کردنی هاوڵاتییەک پەیامی خۆی دەدات بە گوێی هاونشتیمانیان،بێ دەنگی و خۆراگری خەڵکی هەولێر و بادینان ئەم حێزبەی گە یاندۆتە ئاستێکی ئەوەندە نزمی شیکاری سیاسی کە وادەزانێت ڕووشاندنی کەرامەت و دەروونی جەماوەر ئەوەندە ئاسانە کە بکرێت وەک شێوازێک بۆ کونترۆلکردنی دەنگی نارازی خەڵک بەکاربهێنرێت .دەست بردن بۆ سەر و بۆی هێمن بنەسڵاوەیی دەست بردنێک بوو بۆ هزر و دەروونی هەموو تاکێکی کوورد ،پارتی بەبێ جێاوازی هەموو لایەکی دڵنیا کردەوە کە کەس لە دونیایٚ لۆژیک و بیرکردنەوەی ئەوان خاوەن ڕێز و کە رامەتی خۆی نیە ،چونکە تەنها ئەگەر بە رێژەی تۆزقاڵێک خوێندنەوەی بۆ هاونشتیمانیانی سنووری خۆی هەبوایە کە خۆی بە حاکمی ئە وان دە زانێت دەیزانی سوکایەتی بە هاوڵاتی سوکایەتی کردن بە خۆیە تی .پارتی چیتر سنوور نەما لە نێوان خۆی و هاونشتیمانیانی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکەی خۆیدا نەیبەزاندەبێت.بە هەر هەنگاوێک پارتی پردێکی زیاتر لە دوای خویدا دەروخێنێت .

هێمن بنەسڵاوەیی گاڵتەی بە سەر و برۆتاشینەکەی دێت و بە بزەو خەندەوە دەڵێ:
ئەی عەقڵی ئەو ئازادیخوازانەی هەولێر چی لێ دەکەن؟"

فشە پێهاتنی بەو حەرەکەتە کە ئەنجامدەرانی وەک "ئەتککردن و سووکایەتی پێکردن" پەنایان بۆ بردووە...خاڵێکی بێ ئەندازە گرینگ و سەرنجڕاکێشە و نیشاندەری ئیرادە و گۆڕانکاریەکی یەکجار جددییە.

لە هەولێر خۆپێشاندان نەکرا و مندار و پاریش دەزانن قەمع و داپڵۆسین ڕێگر بوون. لێ بێگومان درەنگ یان زوو، ڕۆژێک دادێ ئەو تورەی و بێزارییەی پەنگی خواردۆتەوە دەتەقێتەوە بە ڕووی ئەوانەی دەهۆڵی کوردایەتی و سەربەخۆیی لێدەدەن و ڕێک لە هەمان کاتیشدا دەکەونە وێزە و لێدان و ( بە بیری پیس و گەمژانەی خۆیان) "سوکایەتی پێکردنی" ؛ پێشمەرگەیەکی بێ معاشکە بە ئەگەری زۆر شەری داعشیش دەکا...

ئەو هەڵوێستەی هێمن خۆی بە تەنیا "خۆپێشاندانێک" بوو!!

Ibrahim Shekh Sharafi

# هێمن بنەسڵاوەیی: داوایان کرد ببم بەپارتی



Irfan Sideeq
September 27, 2016

هێمن بنەسڵاوەیی کە 24 ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی هەیەو لەسەر ناڕەزایی دەربڕین و بیروڕایی سیاسی جیاواز دوای دورخستنەوەی لەهەولێرەوە بۆ خانەقین، بەئیمزای کەریم شنگالی وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت فەسڵکراوەو شەوی رابردوش لەلایەن ئاسایشی بنەسڵاوەی پارتیەوە دوای رفاندنی لەگەڵ کوڕەکەی، سەرو بڕۆی دەتاشن و دواتر شاربەدەری دەکەن.

لەوبارەیەوە بۆ یەکەمجار دوای ئەو رووداوە، (هێمن عەبدولخالق بنەسڵاوەی)، قسە دەکات و دەڵێت: پێشمەرگەی فەوجی بەرگری وەزارەتم، سێ مانگ لەمەوبەر لەفەوجەکەی خۆم داوایانکرد ببم بەپارتی، ئەوان بەشێوازی جیا هەوڵیاندا، دەیانوت ئەگەر ببیتە پارتی کێشەی پارەت نابێت و دەوامکردنیشت خۆشتر دەبێت و پلەی زیاتریش دەبێت، تەنانەت هەڕەشەی ماڵبارکردنیشیان لێکردم، بەڵام بەهەموو شێوەیەك بوون بەپارتیم رەتمکردەوە، دواتر لەڕێی نوسراوێکەوە ئەرکەکەمیان گواستەوە بۆ خانەقین و پەیوەستی بڕیارەکە بووم و لەو ماوەیەدا دەوامم کردوە، بەڵام چوار رۆژ پێش ئێستا لەفەسڵکردنم ئاگاداریان کردمەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە بەبێ ئاگادارکردنەوەم لە 16ی ئابدا فەرمانی فەسڵکردنم بۆ دەرچووە.

بەنیازبوم بەشداری خۆپیشاندان بکەن

ئەو پێشمەرگەیە دەشڵێت: بەنیازبووم بەشداری خۆپیشاندانی هێمنانەو مەدەنی بکەم لەشاری هەولێر بۆ داواکردنی مافی رەوای خۆمان کە پێشمەرگە بارودۆخی زۆر خراپە، بەڵام دوای بانگی ئێوارەی دوێنێ 26/9/2016 ژمارەیەك ئاسایشی بنەسڵاوەی پارتی دیموکراتی

کوردستان هاتنە سەر ماڵەکەم و خۆم و کوڕەکەم کە ناوی ئامانجە، رفاندیانین و یەکێك لەئاسایشەکانی پارتیش موختاری گەڕەکەکەی خۆمانە، ئەوانی تریش ببینمەوە دەیان ناسمەوە، دواتر بەجیا بردیانم بۆ بازگەی شێراوا، کوڕەکەشم کە ناوی ئامانجە برایە ئاسایشی بنەسڵاوە، دواتر سەعات 12ی شەو ئەو لەڕێی هاتنە سەرخەتی کۆمەڵێك کەسایەتی ئازاد کراوە.

ئەوەشی ئاشکراکرد: هێزەکانی ئاسایشی پارتی دوای رفاندنم لەبازگەی شێرئاواوە تا بازگەی پردێ لێیاندام و ئازاریاندام، جگە لەوەی ماڵەکەمیان پشکنی، جانتایەکیش کە ناسنامەی باری شارستانی خۆم و ماڵ و منداڵمی تێدا بوو لەگەڵ چەندین بەڵگەی تری کاروباری رۆژانەو بڕی 89 هەزار دینار کە لەگیرفانمدا بوو هەموویان بردوە.

## ئاسایشەکان سەرو برۆیان تاشیم

هێمن عەبدولخالق لەبارەی رووداوەکەوە زیاتری خستەڕوو، وتی: لەبازگەکەیان سەرو برۆیان تاشیم و دواتر وتیان سنوری هەولێر جێبهێڵەوەو بەپێی بڕۆ بۆ سنوری یەکێتی و گۆڕان، بۆیە دوای گەیشتنم بۆ کەرکوك زانیاری ئەوەم پێگەیشت کە بەنیازن بمکوژن، بۆیە دوای لەوێ ئاسایشی یەکێتیم ئاگادارکردەوەو ئەوان ژیانیان پاراستم و شەو لەوێ مامەوەو ئەمڕۆ گەیشتمە سلێمانی.

## لەسەر فەیسبوك هەڕەشەی لێکراوە

لەبارەی ئەو پۆستانەشی لەپەیجی تایبەتی خۆی لەفەیسبوك بڵاویکردوەتەوە، وتی: لەپۆستەکانمدا ناوی هیچ کەسێکم نەهێناوە، بەڵکو باسی گەندەڵی و بێدادی ژیانی پێشمەرگەو خەڵکم کردوە کە لەسایەی حکومەتی هەرێمدا لە چ بارودۆخێکی خراپدان.

وتیشی: لێپرسراوی فەوجەکەم سێ مانگ لەمەوبەر پێی راگەیاندم کە لەسەرووی خۆمەوە فەرمانم پێکراوە بۆ خانەقین بتگوازمەوە، چونکە فەیسبوك بەکاردەهێنێت و شتی خراپ دەنوسیت، بۆیە ئەگەر بێدەنگ دەبیت باشە، ئەگەر بێدەنگیش نەبیت ئەوا رێوشوێنی ترت بەرامبەر دەگرینەبەر.

## کەمئەندامیش کراوم

ئەو پێشمەرگەیە، باسی ئەوەشی کرد، کە لەساڵی 1994ەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردوە،لەساڵی 1997یشدا کاتێك لەچیای سوسێ بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیاوە بریندار بووم و گورچیلەیەکم لەدەستداوە، بەڵام دوای 21 ساڵ خزمەتم کە چوومەوە وەزارەت هیچ پلەیەکی سەربازیان پێنەداوم، بەبیانوی ئەوەی پەیوەندیم بەلایەنێکی سیاسیەوە هەبوو

# پارتی و داهێنان ..... بۆ کاک هێمن بنەسڵاوەیی!!!

ئەو هەڵسوکەوتە بەربەرییەی لە شاری هەولێر بەرامبەر کاکە (هێمن بنەسڵاوەیی) کرا، تەنها کردەیەکی تەعەسوفی کارمەندێک یان چەند کارمەندێکی ئاسایشی پارتی نییە، بەڵکو بەرجەستەکەری ئەو عەقلییەتە سیاسییەیە کە کولتووری حیزب بەگشتیی و سوڵتانیزمی پارتی بەتایبەت لە دونیای سیاسەتدا پیادەیدەکات؛ سیاسەتی تەماشاکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا وەکو ڕەعیەتێک کە خاک و هەواو و جەستە و روحی ئەو جوگرافیایە موڵکی ڕەهای پادشایە. عەقلییەتێک کە ئامادەیە تا ئەوپەڕی سنووری توندوتیژیی، گاڵتە بە کەرامەتی ئینسانی ئێمە بکات و داهێنان لە فەنتازیای ئەشکەنجەدانی دەروونیی و جەستەییدا بکات. لە ڕاستیدا ئەو بێڕێزییە گەورەیەی کە لە ڕووی ئینسانییەوە بەرامبەر بە کاکە هێمن و هاوژین و کوڕەکەی کرا، هیچی کەمتر نییە لەو بێڕێزییەی کە لەڕووی سیاسییەوە بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان و بەهای دەزگای پەرلەمان کرا. ئەمانە هەموو زینجیرەیەکی نەپساوەن و تەواوکەری ئەو کولتووری بێڕێزییە بەردەوامەیە کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و میدیا و بیروڕای ئازاد دەکرێت.

ئەم هەتککردنە نائینسانییە بەتەنها پیادەکردنی سروتێکی (طقس) عەشایەرعەقڵییەت نییە، بەڵکو مانا ڕەمزییەکەی مەسجێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە خاوەن سەری خۆیانن و لەناو سنوورەکانی ئەودا دەژین. ئەم کردەیەی ئاسایشی پارتی کە بەبێ کۆمێنتی ناڕەزایی یان دڵگرانیی تاکە یەک سیاسیی و یەک ڕۆشنبیر و یەک دادوەری ئەو دەڤەرە و زۆرینەی نوخبەی سیاسیی دەڤەری سلێمانیش، مانای ئەوەیە کە پارتی سەروەرە بەسەر جەستەی هەموو تاکێکی ئەو ناوچەیە و وەک وەحشە لیڤیاتانییەکەی هۆبزی لێهاتووە کە ترسەکەی گەیشتۆتە جوگرافیای جەستەیی و روحیی هەموو تاکەکان. تیرۆرکردنی دەروونی ئینسانێکی وڵاتی ئێمە بەم سادییەتە، تەنها هەتککردنی کەرامەتی نەیارەکانی حیزب نییە، بەڵکو هەمان ئەو گەمەکردنەی دەسەڵاتە کە پشیلە لە نمایشی گەمەی مەرگ لەگەڵ مشکدا دەیکات، پێشئەوەی بیخوات. ئەمەش دوالوتکەی چێژبینینە لە ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی قوربانییەک کە جگە لە جەستەیەکی ڕووت لەبەر دەست جەلادەکەی، هیچی تری نییە بەرگریی لێبکات. دەزگا ئەمنییەکانی پارتیش پاش ئەوەی لەم گەمەی مەرگە لەگەڵ قوربانییەکانیان تەواودەبن، جەستە هەتککراوەکانیان فڕێدەدەنە دەرەوەی سنوورە پاکژە سیاسییەکەی خۆیان.

من پێش چەند ساڵێک لە شوێنێکی تردا نووسیومە ,,دیکتاتۆرەکانی دوێنێ لە نەیارەکانیان دەترسان، دەیانگرتن و دەیانکوشتن، لەمڕۆشدا فەراموشیان دەکەن، گاڵتەیان پێدەکەن، لەناو نائومێدیدا دەیانخنکێنن و لە ڕووداوی نادیاردا لێیاندەدەن و لە ڕووداوی ناکاویشدا دەیانکوژن“.

,, دیکتاتۆرکانی دوێنێ سنوورەکانیان دادەخست نەبا کەسێکی نەیار بەدزییەوە بێتە ژووری یان کەسێکی ناپاک بە دزییەوە وڵات بەجێبهێڵێت، لەمڕۆشدا دەرگاکانی سنووریان واڵاکردووە بۆئەوەی یەک نەیار لە وڵاتدا نەمێنێت“.

ئەم هێزە سیاسییە ناشرینانە، ئینتیمای ئینسانی ئێمەیان بۆ نیشتیمان بەڕادەیەک وێرانکردووە کە ئاسایی بێت بۆ هەموو تاکێکی بەویژدان، تف لەو وڵات و مێژووە بکات کە ئەوان شانازی پێوەدەکەن.

"ئاراس فەتاح"

٢٨

# وینەکەی هێمن بنەسڵاوەیی
# ببەنە سەرگۆڕی بارزانی!

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋






با پارتییەکان وێنەی (هێمن بنەسڵاوەیی) بەرنە سەر گۆڕی مەلا مستەفای باوکی ڕۆحییان و پێی بڵێن : ئارام بنوو ڕێبازەکەت بەرنادەین و ئەو داهێنانە نەگریسانەی تۆ هێناتە ناو سیاسەتەوە ئێمە درێژەپێدەرین و تا ئێستاش پەیڕەوەی لێئەکەین ، ئەها چیمان لەو پێشمەرگە گەنجە کردووە!!

بۆ زانینی ڕیشەی ئەم ڕەفتارەی پارتی هیچ جێگایەک مەپشکنن ، نە ئەفسانە و داستانەکان ، نە ئاین و پەیمامە ئاسمانییەکان ، نە ناو فیلم و ڕۆمانەکان... ڕیشەی ئەم ڕەفتارە لە دنیابینی و خەیاڵدانی باوکی ڕۆحی و ڕابەری قوتابخانەی پارتایەتیدایە ، ئەو ئێجگار قوڵ حەزی لە شکاندنی تاکی کورد و هەتکردنی هەرکەسێک بوو کە دەم لەسیاسەت بکوتێت و ڕستەیەکی جیاواز لەو پێ بێت!

لەمێژووی مەلا مستەفادا نیە کە ڕۆژێک لەڕۆژان بیری لە دیبەیت و لۆژیکی گفتوگۆکردبێتەوە بۆ قایلکردنی نەیار و ڕکابەرەکانی ، بەڵکو مێژووەکەی پڕە لە جنێو و شکاندن و دوورخستنەوە و کوشتنی نەیارەکانی تەنانەت لەناو پارتەکەی خۆیدا!

لە حوزەیرانی ۱۹٦٥دا بە هەوڵی ناوخۆ و ناوبژی ئێران مەلا مستەفا ڕێگای بە لایەنگرانی باڵی م.س دا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان جگە لە (برایم ئەحمەد و عەزیزی شەمزینی) ، پێشمەرگەکانیان نارد بۆ مەیدانەکانی شەڕ لە ڕەواندز و سەرکردەکانیان ( عومەر مستەفا ،

حیلمی عەلی شەریف ، مام جەلال ، عەلی عەسکەری ) پاشتریش ( نوری شاوەیس ، عەلی عەبدوڵا ، نوری ئەحمەد تەها) دەست بەسەر نارد بۆ (دۆڵەڕەقە) ، لەوێ گەمارۆیدان ، نەیهێشت بەناوی پارتییەوە و جیا لەئەو کار بکەن ، نەیهێشت پارتێکی نوێ دابمەزرێنن ، هەر وەک نەشیهێشت لەناو پارتیدا و لەگەڵ خۆی کاربکەن ، بۆیە جموجوڵی کۆنترۆڵ کردبوون و لەڕێگەی پەراوێزەکەی خۆیشییەوە هەوڵی ڕیسواکردنی ئەدان ، (شێخ محەمەد هەرسین) لە وتارەکانیدا بە (گەجەر و گوجەر) ناوی ئەبردن!



جەژن دێتە پێشەوە (ئەوڕەحمان ڕوتە) کە دۆستی ئەمان و نزیکی مەلا مستەفاش بوو ، ئەنێرن بۆ لای مەلا تا ڕێگایان بدات بەبۆنەی جەژنەوە سەرێک لەماڵ و مناڵیان بدەن ، ئەوڕەحمان ئەچێت و بەنائومێدی ئەگەڕێتەوە ، (عەلی عەبدوڵا) لێی ئەپرسێت : ها ڕوتە شێر بوویت یان ڕێوی؟ئەویش بە خوێن ساردییەکەوە ئەڵێ : ووتی ئیجازەیان نادەم! ئەڵێن : بۆچی؟!ئەوڕەحمان ئەڵێ : قسەیەکی ناشیرینی کرد بۆ گێڕانەوە ناشێت!

زۆری لێئەکەن ، ناچار ئەڵێ : وتی ئیجازەیان نادەم ، بەڵکو ژنەکانیان بەد ئەخلاق ببن!!

(عەلی عەبدوڵا) لەبەر خۆیەوە ئەڵێ : پەکو کە پیاوێکی بێ ئەدەبە! (نوری شاوەیس) یەکسەر هەڵیدابوویە : طووت خۆی تەجرەبەی هەیە ، یانزە ساڵ لەسۆڤیەت بووە و دوور لە ژنەکەی ژیاوە!

ئەمە پلانی بارزانی بۆ بچووککردنەوەی نەیارەکانی و ئەوەش وەڵامی بەشێک لە قوتابییەکانی قوتابخانەکەی کە ئێستاش هەندێک لە مناڵەکانی ئەوانە ئەندامی سەرکردایەتی و م.س پارتین! بۆیە هەر ئەوە دەرئەنجامی ، ئەو سەرەتاییە کە بارزانی باوک بۆی دیزاین کردن!

ئەوەی جێگای شۆک و سەرسوڕمانە ، خەڵکانێک لەبری ئەوەی ڕەخنە لەم ڕەفتارە بەربەرییەتەی پارتی بگرن و ئەو پاشخانە ناشیرینەی بنەماڵەی بارزانی هەڵتەکێنن ، دێن و

ئەڵێن : (( ئەوە گۆڕان بۆچی بێ هەڵوێستە لەسەر ئەم بێحورمەتییە؟!)) ، یان هەندێکیان زیاتر پێ ڕائەکێشێت : (( بۆچی ئێوەش چەند پارتییەک ناهێنن و هەتکیان بکەن؟!)) ، ((العین بالعین و السن بالسن))

ئەمە ئاوەژوکردنەوەی ئاراستەی هەڵوێستەکانن ، لە ئەدەبیات و مێژووی ئیسلامدا و لە ڕووداوی جەنگی (صفین)دا فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) ئەخرێتە پێشچاوی (معاویە) کە ئەفەرموێت بە (عەماری کوڕی یاسر) : لەناوچن کۆمەڵێکی گومڕا کە تۆ ئەکوژن.
لەو ساتەشدا (عەمار ) لەبەرەی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)دایە دژ بە معاویە و ئەکوژرێت ، لەوەڵامدا (معاویە) زیرەکانە ئەڵێ : ئێمە عەمارمان نەکوشتووە ، بەڵکو ئەوانە کوشتیان کە هێنایان بۆ بەرەی جەنگ!!

زۆرن ئەو هاونیشتمانیانەی کە تەندروستانە هاوسۆزن لەگەڵ تاوانلێکراودا و بەتوندی سەرکۆنەی پارتی ئەکەن ، بەڵام لەلای ئەوانەی کە سیاسەت بە فیلمێکی ئەکشنی هۆلیۆد تێگەیشتوون ، خوازیارن کە پارتی هەر ئاکتێک ئەنجام بدات ، خێرا هێزی بەرامبەر بەهەمان سیناریۆ وەڵام بداتەوە و لەم نێوەندەدا ڕستە و دەستەواژەی عەنتیکەمان بەرچاوکەوت! بەکورتی خەریکە بڵێن : گۆڕان سەر و بڕۆی هێمنی تاشیوە ، بادانیشێت و قسە نەکات!!

هەر لەم حەوتەیەدا پارتی گەنجێکی (تەڤگەری ئازادی کوردستان)یان بەر چەقۆدا ، ئێ خۆ تەڤگەر منداڵی نازداری پەکەکەن ، کە نەک پارتی بەڵکو تورکیاش دەستەوسانە لەبەردەم هێزی ئەواندا ، یان چەند جارە دەستدرێژی ئەکەنە سەر ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی کە هەم هێز و هەم ئیدارەشی لەلایە بۆ تۆڵەکردنەوە ، بەڵام ئایا چارەسەر ئەمەیە؟! لەبنەڕەتدا هەنگاوەکانی شەڕی ناوخۆ لەپێشتردا هەر لەم وردە ڕووداوانە و بگرە کەمتریشەوە دەستی پێنەکردووە؟!

چارەسەر گەمارۆدانی پارتییە و تەریک کردنیەتی ، بەڵام وادیارە هێشتا دیوەخانەکەی جەمەی دێت لە حیزبی بچووک و مەزەی مەجلیس و وەفدەکانیان!

…http://www.lvinpress.com/n/drejaWtar.aspx

## هادی حەمەڕەشید

PM:04:24---29-09-2016

# هاوخەمییەکانی هێمن بنەسڵاوەیی






دوای بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی هێمن بنەسڵاوەیی بە سەر و برۆی تاشراوەوە، هەندێک کەس بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک هاوخەمییەک بۆ ئەو پیاوە وێنە و ڤیدیۆی خۆیان بە سەری تاشراوەوە بڵاوکردەوە.

بەڵام ئەوەی چەند ڕۆژێکە بوەتە جێگای سەرنجی من و بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە ئایا دووبارەکردنەوەی کردەی سەرتاشین وئەتکردنی کاک هێمن هاوخەمییە یان هاوئەتکییە؟!
مەگەر هەموو ئەو کەسانەی سەری خۆیان تاشیوە هاوڕا نین لەسەر ئەوەی ئەم پیاوە بەم کارە سوکایەتی پێکراوە؟ ئیتر بۆچی ئەوانیش هەمان سوکایەتی پێکردن لەسەر خۆیان دووبارە دەکەنەوە؟!

ئەگەر قەرار بێت دووبارەکردنەوەی ئەم کردەوەیە هاوخەمی بێت، کەواتە دووبارەکردنەوەی ئەو جنێوە ناشیرینانەی بەم پیاوە دراوە لەکاتی سەرتاشینیدا دەبێت بە هامنشێوە هاوخەمی بێت.

تۆی هاوخەم دەتەوێ بەم کارەت بە کاک هێمن بڵێیت کە سەری سفرو بێ قژ هیچ عەیبە نیە و سەیرکە منیش سەرم سفر دەکەم، ئەمە ڕاستە کە سەری سفر و بێ قژ هیچ عەیبە نیە و ئاساییە، بەمەرجێک هۆکارەکەی سروشتی بێت یان نەخۆشییەک بێت، بەڵام ئایا سەری تاشراو لەسەر جیاوازی بیرکردنەوە بۆ خاوەن سەرەکە ئاساییە؟!

هیوادارم ئەم چەند دێڕەی من هەڵە بێت، بەڵام کاک هێمن بە هۆی نەخۆشییەکەوە سەری سفر نەبووە تا ئێمە وەک هاوخەمییەک سەری خۆمانی بۆ سفر بکەین، ئەو لەسەر ئەوەی بە جۆرێکی تر بیردەکاتەوە وەک گاڵتەپێکردن و سوکایەتییەک سەر و برۆی سفرکراوە، واتا لە بنەڕەتدا تاوانی بەرامبەر کراوە، من تێناگەم لەوەی دووبارەکردنەوەی تاوان چۆن دەبێتە هاوخەمی؟!

وێنەکە : کارێکی هاوڕێم کاوە شێخ عەبدوڵایە

# بۆ هاوڕێم "هێمن بنەسڵاوەیی"

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

هاوڕێم هیچ گومانم لەوە نیە کە خۆت لە من باشتر دەزانیت کە خۆت سەری خۆت نەخورێنی کەس ئامادە نیە بۆت بخورێنێ! بەڵام هەر پێم باش بوو وەبیرت بهێنمەوە

زۆرن ئەو مرۆڤە کوردانەی کە لە پێناو چاکەی گشتیدا خۆیان کردە قوربانی دروشمەکانی حیزب و کەسیش خاوەندارێتی لێ نەکردن!

لێگەڕێ هاوڕێ بەتەواوی نیگەرانیمەوە ئەم بڕیاری لەسەر کار لادرانەی تۆ بـکەمە دیاری و پیرۆزبـایی لە هەمـوو ئەو هەڵسـوڕاو و گـۆڕان خـوازانەی کە بە پەلە و بە هەڵەداوان بـۆ موجامەلەی ئەو هێزەی کە تۆی لەسەر کار لابرد، پرسە و سەرە خۆشـی خۆیان ئاڕاستەی پارتی و نێچیرەڤان بارزانی کرد!

لە دوای شەهید بوونی شەهید ڕێژوان لە حەڤدەی شوباتی ٢٠١١ لە ناو ئەو فەوزای نان و پیاز پێوە خواردن بە دۆسیەی شەهید ڕێژوانەوە ، نوسەری کورد "بەختیار علـی" لە دێڕی نامەیەکدا بۆ باوکی شەهید ڕێژوانی نوسی:"تکایە بڕۆ ژورەوە و دەرگا لەسەر خۆت داخە و گوێ بۆ مرۆڤە درۆزن و بوختانچی و.....هتد"مەگرە. ڕوداوەکان زۆر لەوە گەورەترن تۆ بتوانیت پەی پێ بەریت.

هاوڕێم ئەمەوێت لێرەدا ئیجازە لە نوسەری کورد"بەختیار علـی" بخوازم و بۆ بەڕێزتان بنوسم: "هاوڕێ گیان بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و سەرقاڵی ژیانی خۆت و کات بەسەر بردن لەگەڵ منداڵ و هاوسەرەکەتدا بە".چونکە تەونـی ڕوداوەکان زۆر لەوە گەورەترن کە تۆ بتوانیت دەستت لە چنینیدا هەبێت![نیگەرانم،ئەم پەرەگرافەم بۆ نوسیویت].

هـاوڕێم،تۆ تەماشـا ئەو بـزوتنەوەیەی کە مـن و تـۆی هـاوڵاتی مەدەنـی ئومێـدمان لەسـەر هەڵچنیبوو،توشی چ نەبەکامیەک بووە! زوڵمێکی زۆر تۆتالیتاریزمانە لەتۆ دەکرێت[دەبوو ئەم بزوتنەوە،عەرشی ستەمگەرەکانی تۆی بهێنایەتە لەرزین]کەچی وەک ڕوداوێکی ئاسایی لێـی دەڕوانێت! هەنـدێک هەل پەرسـتی ناویشـی نـاو بەنـاو کەلانەی پێـوە دەخـوات! لەگەڵ ئەوەشدا، شوکری زەینەدین تیرۆر دەکرێت، ئێستا هەر ژوریـک لە گردی زەرگەتە خۆی لە خاوەندارێتی کردن لەو دۆسیە لا دەدات! لە بەرامبەر ئەمەدا هەر کارەکتەرە سیاسیەکانی ناو

ئەم بزوتنەوەیە بە شاڵینە پرسە نامەی [موجامەلە، خۆنزیک کردنەوە، گرنگی پێدان....هتد] ڕەوانەی ئەو هێزە دەکەن کە ئەو زوڵمەی دەرهەق بە تۆ ئەنجام دا!

هاوڕێم،لێگەڕێ با چەند پرژێک لە کەفی دڵمت بۆ بخەمە سەر کاغەز! ڕەنگە خۆشت ئەوە بزانیت لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی نوخبەیەک لەکارەکتەرەسیاسیەگەنجەکان لە ناو بزوتنەوەکەدا بۆ فشار دروستکردن لە سەرانی بڕیار بەدەستی بزوتنەوەکە بۆ کشانەوەی یەکجاری بزوتنەوەیگۆڕان لە حکومەت و بوونەوە بە ئۆپۆزسیۆن بونێکی کارا و پڕ شانازی،منی دڵ خۆش کرد!کەچی وا لە ئێستادا ئەم ڕەفتارە ناقۆڵا سیاسیەی زۆرێک لەم نوخبە گەنجە سیاسیە بۆ هەڵپە کردن بۆ موجامەلەی سیاسی نەیارترین هێزیان لە ئێستادا توشی بێ هودەییەکی وام دەکات کە دەبمە ڕابەری "عەبەسیەت"لە کوردستاندا! کە من وای بۆ دەچم لە میانە ململانێی کارەکتەرە ترادسیۆن و کلاسیکەکاندا، ئەم نوخبە گەنجەش وەک پەرچە کردارێک بۆ ڕەفتارەکانی ئەوان ئەم ڕەفتارە نا قۆڵا سیاسیەیان نواندبێت!بەمەش هەردولایان بزوتنەوەکەیان کردە قوربانی!

هاوڕێم، دڵخۆش دەبم ئەم دۆخەی کە بەسەر تۆ هات ببێتە زەمینەیەک بۆ ئەزمونێکی چڕ کە سود بە نەوە لە دوای نەوەت بگەیەنێت!

هاوڕێی غەدر لێکراوم! لە قوڵایی ئەم ڕوداوانەدە کە چواردەوریان بە نەفرەت و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ تەنراوە، ئەمەوێت پێت بڵێم: کە هەرگیز نەهێڵیت ئەو زوڵمەی لێت کرا، بکرێتە کاڵای شەترەنجێک کە هەمیشە دۆڕاندن تیایدا تۆ خاوەنی بیت!

هاوڕێم، پێم خۆشە ئەم نامە کراوەیە بە کراوەیی جێ بهێڵم هەر خوێنەرێک کە دەیخوێنێتەوە ئەگەر هەر سەرنج و تێبینی و پێشنیارێکی بۆ تۆی بەڕێز هەبوو لە کۆمێنت بۆت بنوسێت!

لەگەڵ ڕێزی هاوڕێی خۆت:"درەو مهدی"-هەڵەبجە. ٢٠١٧/٣/١

# کاتێ سوکایەتی بە کەسێک دەبێتە سوکایەتی بە دەزگایەک و ئازاردانی کۆمەڵ بە گشتی

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**م. ابوبکر علی**

لە یەکێ لە شەڕەکاندا فەرماندەی لەشکری ئیسلامی وەك سزادان سەری موجاهیدێکی تاشی .ئەویش بە سوکایەتی زانی و لای عومەری کوڕی خەتتاب خەلیفەی دووەم سکاڵای لێکرد.

عمر لە وەڵامی سکاڵاکە و بۆ فەرماندەکە وتی: گەر هەموو سەربازەکان تێدابچوونایە بەلامەوە خۆشتر بوو لەوەی سوکایەتی بە موسڵمانێك بکرێت. بۆیە مەسەلەی هێمن بنەسلاوەیی و هاوڕێنەکانی و ئەو سزایانەی سوکایەتی و بێ ڕێزی تێدایە پێویستی بە لەسەر وەستان و بەدواداچوون و لێپێچینەوەیە.

ئەو سوکایەتیە هەر دەزگایەك کردبێتی ئەگەر ئیدانەکردن و بەدواداچوونی دەزگا پەیوەندیدارە فەرمیەکانی بە دوادا نەیەت، بمانەوێت و نەمانەوێت دەبێتە سوکایەتی بەکۆی دەزگاکە، ئازاردانی هێزی پێشمەرگە و شاری هەولێر و سەرەنجام کۆمەڵگە.

هەروەها دەبێتە سەرچاوەی نائومێدی و ڕق و قینی زیاتر. بۆیە ناکرێت بە ئاسانی ئەم جۆرە شتانە بەسەرماندا تێپەڕن.

is with Kawa Mamand Faraj and Adnan Kakarash.
·September 29, 2016

Younis Sidiq
January 11, 2017 ·

# لە نێوان مەلەفی گەندەڵی و مەلەفی خیانەتی پارتیدا

*********************************************

ڕوون و ئاشکرایە کە دەسەلاتی یەکەم لە کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە و خۆیشی بە خاوەنی کوردستان دەزانێت و هەموو جومگە کایە سیاسییەکانی بەدەستەوەیە، وە دیارە کە چەند حیزب و لایەنێک لێرە و لەوێ دەستباری هەڵە و دزی و سیناریۆ ئاشکراکانی دەکەن یان داپۆشەری لایەنە شاراوەکانی ئەو پارتەن کە لە هەگبەیدایە، سەرەڕای دەسەلاتی یەکەمی لە کوردستان ئەم پارتە ئەوانی تریش بە نۆکەر و خزمەتکاری خۆی دەزانێت و هەوڵی تەواوی ئەوە بووە کە بەهەرجۆرێک بێت ئەوانیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، وە حیزب یان بەشێک لە حیزبیان ڕازی کردووە کە وەک ئەو بیربکەنەوە و بیروبۆچوونەکانی ئەو پەسەند بکەن واتە خەبات و تێکۆشانی ڕابردووی حیزبەکانی تری خشستووەتە شاڕێی خزمەت بەو ڕێبازە خیانەتخوازە، مێژووی ئەو حیزبە پڕە لە چەندین هەڵوێستی نەشیاو و دوور لە بەهای کوردایەتی و دژی دۆزی کوردی بووە وە بگرە ماوە ماوە مێژووی خیانەتبازی خۆی دەنوسێتەوە و دووبارەی دەکاتەوە، واتە ماوە ماوە بەرد لەسەر بەرد دەخاتە سەر یەک بۆ تەواوکردنی چەند بەرگێکی خیانەتکاری لە تەواوی مێژووی ئەو حیزبەدا.
لەمێژە ڕوونە کە گرنگترین کێشەی پارتی ئەوەیە هەڵەکانی لا دەبێت بە عورف و مۆدێل و خوویان پێوەدەگرێت، بڕواننە مێژوویی حزبەکە و هەڵەکانی و دووبارەکردنەوەیان، هەڵە یەک لەدوایەکەکانی ئەم دواییە کە کردوویەتی وەک ڕێگری کردن لە سەرۆکی شەرعی پەرلەمانی کوردستان و چەند پۆلە پەرلەمانتارێک و کۆسرەت ڕەسوڵ و چەند وەزیرێک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سوکایەتی کردن بە (هێمن) بنەسلاوەیی و لە کۆتا هەوڵی تازەی ناشیریندا ڕێگری کردن لە دوو پەرلەمانتاری بوێر و چاونەترسی وەک (سۆران عومەر و عەلی حەمەصالح) کە دوو پۆلای قایمی دژی شا دەماری گەندەڵین لە کاتێکدا ئەو دوو پەرلەمانتارە خێزان و ماڵ و منداڵی خۆیان پێ بووە و ویستوویانە بچنەوە ماڵی خۆیان، ڕێگریکردن لەو دوو پەرلەمانتارە ڕێگری کردنە لە تەواوی گەلی کوردستان و سوکایەتی کردنە بەو ئەزموونەی کە هەیەتی و دژایەتی ئازادیخوازان و حەقبێژانە، ڕێگرییە لە کۆی ئەو دەنگە پاکانەی کە ئەو دوو پەرلەمانتارە بە پاکی و پوختەیی بەدەستیان هێنابوو، ئەو ڕێگرییانە پەیامی ڕووی ڕاستی پارتییە بۆ ئەوانەی کە ڕێچکەی ئەو دوو پەرلەمانتارەیان هەڵگرتووە، دیارە ئەو پارتە چاوی بەو ڕاستییە هەڵنایەت کە ئەو دوو پەرلەمانتارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی جەماوەرییان زیاد دەکات و تاکە هیوایەک کە گەلی هۆشیار پێی هەبێت ئەو دوو

پەرلەمانتارە ڕاست بێژەیە.ڕێگری هەر وەک چەتە ئاسا، بە هێزی میلیشایی و جل و بەرگی ڕەسمییەوە، مافیا ئاسا و خێڵەکی ئاسا و بەعس ئاسا، هێزی جاش و خاک فرۆشان، بەهێزی نۆکەرانی بێگانە و دوژمنی ناوخۆ، هێزی خۆ خۆری و مشەخۆری، ئەو پارتە بەئاشکرا و بە بەرچاو ڕاگەیاندنەکانەوە هەردوو بازگەی (دێگەڵە و پردێ)ی کردووەتە (سێگۆشەی بەرمۆدە) لە دژی نەیارانی، لە دژی ئازادیخوازان و ڕاست بێژان، لە دژی دژە گەندەڵکار و گەندەڵچییەکان. ئەو پارتە بۆیە ڕێگری دەکات لەو دوو پەرلەمانتارە و هاوشێوەی ئەوان چونکە هەر بە بینینیان مشەوەش دەبن، قەڵس و بێتاقەت دەبن، چونکە هەر ئەمانن مەلەفی گەندەڵی دەجوڵێنن بە تایبەت ئەو مەلەفانەی کە پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە وەک چاودێریکردنی یاسای بودجە و موچەی پێشمەرگە و سامانە سروشتییەکان و بەهەدەردانی سامانی گشتی و دزی و فێڵەکانیان ئاشکرا دەکەن، بۆندە تەزویرەکان و پڕۆژە وەهمییەکان دەخەنە ڕوو، هەر ئەوانن دەست دەبەن بۆ دەرخستنی ئەو پیلانانەی کە ئەو پارتە بە نیازی جێبەجێکردنیەتی لە خزمەتی ئاغای تورکیدا، ئەو دوو پەرلەمانتارە نە جاشن و نە قەڵەم فرۆش نە جاسوس و خۆفرۆش نە میتن وخاک فرۆش.ئەو ڕێگرییە ئەو پارتە گرتوویەتیە بەر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەو پارتە هیچ ڕاست ناکات لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دۆخە و کێشەکانی کوردستان و وە بگرە بە ویست و خواستی خۆی قوڵترییان دەکاتەوە، وە دەبێت سەرانی ئەو پارتە باش بزانن کە هەتا سنورە خۆکردەکانی وەک (دێگەڵە و پردێ) نەسڕێتەوە و تا (یوسف و سۆران و عەلی)یەکان بە ئازادی لێی بسوڕێنەوە ئەوا قەت ناتوانێت ئەو سنورانە بسڕێتەوە کە بەسەریدا فەرزکراوە لە لایەن ئاغاکانیانەوە. لە کۆتاییدا ئەو ڕاستیە دێتە دی کە ئەو بێدەنگییەی حیزبی شەریکە دز هەر وا بە ئاسانی بەسەریان دا ناڕوات و ڕۆژێک دێت جێگرەکەی حکومەت لە (دێگەڵە یان پردێ)وە بەشێوەیەکی سوکایەتی و ناشیرین ڕەوانەی زۆنگی سەوزی بکاتەوە.

ئالان صدیق

# کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی نوێیە

*********************************************************************

موحەمەد سەلمان

Thursday, 10. 13. 2016, 05: 05 PM
بینراوە 1931

لەکوردستان گەلەحیزب وڕێکخراوێکی زۆر هەیە کەهەریەکەیان لەژێرناو دروشمێکدا و بەدرۆ کەخۆیان پێی دەڵێن سیاسەت خەریکی گەوجاندنی میلەتێکی شەکەت و ماندوون .

لەسەرەتای ڕاپەرینەوە پارتی ویەکیتی بونە میکرۆب بۆگیانی ئەوخەڵکە ئەوا بیست وشەش ساڵە درێژە بەقومارە کانیان ئەدەن لەسەر حسابی خەڵکی برسی ورەش و روت لەوەتەی دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە جگە لەنەهامەتی و دەردی سەری هیچ خێروبێرێکیان بۆ ئەو میلەتە نەبووە .

هەمیشە لەهەوڵی دزینی سامانی میلەتدا بوون و لەخەمی کورسی وپێگەودەسەلاتی خۆیاندا بوون و هەرگیزرێگاشیان نەداوە هیچ حیزب وڕێکخراوێک ببێتە خەتەر بۆسەر بەرژەوەندیەکانیان ،
لەساڵی 2009 دا و ئەوکاتەی نەوشیراون مستەفا بزوتنەوەی گۆرانی دروست کرد خەڵکی کورستان ئومێدێکی زۆریان بەنەوشیروان مستەفا هەبوو کە بتوانێت بەرەکە لەژێرپارتی و یەکێتیدا دەربهێنێت

وەلێ ئەوکاتیش من هەرگیزباوەرم بەوەنەبووە کەلەکوردستان هیچ رابەر و حیزبێک بتوانێت بەئاشتی و دیموکراسی ولەرێگای سندوقی دەنگدانەوە کۆتایی بەو پاشاگەردانیە بهێنێت چونکە لەکوردستان ئەوەی هەیە دەسەلاتی حیزب وبنەماڵەیە حکوم دەکات نەوەک و یاساو

دادگا. چونکە لەهەروڵات و ناوچەیەکدا دامەزراوە و یاسا بوونی نەبێت هیچ خەباتێکی سپی تیایدا دەستەبەر نابێت .

بەڵام ئێستا زۆربەی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش هەڵسوراو هەوادارانی گۆڕان ئەوئومێدەیان لەلا کاڵبۆتەوە و متمانەیان بەخەباتی مەدەنی ودیموکراسی نەماوە تەنها ئەوانە نەبێت کەئیمتیازو پلەو موچەی باشیان هەیە لەناوبزوتنەوەکەدا .

ئەوا ساڵێک تێدەپەرێت بەسەرداخستنی دەرگای پەرلەماندا . پارتی بەلەکارخستنی پەرلەمان و دروست کردنی قەیرانی دارای بۆخەڵکی کوردستان کێشەی پۆستەکەی مەسعودبارزانی لەهزری خەڵکی کوردستانداسریوەتەوە و کەس باسی ماوەی بەسەرچونی مەسعودی لەبیر نەماوە
ئەوەی ئێستا نارونە سیاسەتی حیزبەکانی کوردستانە کەهەمویان دەستەمۆی بنەماڵەی بارزانی بوون هیچ هەڵوێستێکی راست ودروستیان نیە پارتی ساڵێکە پەرلەمانی پەکخستوە و وەزیرەکانی گۆرانی ناردۆتەماڵەوە موچەی زۆربەی توێژەکانی کەمکردۆتەوە بۆچارەکە موچەو نیوموچە کاروکاسەبەتی خەڵکی کوردستان پەکی کەوتووە .

پاراستن وئاسایشی پارتی بەرۆژی روناک و بەبەرچاوی هاوڵاتیانەوە ویداد حسێن ی رۆژانەمووس دەفرێن و پاش شکاندنی پەنجەکانی و لەژێرئازارو‌ئەشکەنجەدا تیرۆری دەکەن . بەبەرچاوی هەمووسیاسیەکان و خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەکوتنە سەرماڵی هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرگە وهەڵسوراوی گۆران دەی فرێنن پاش ئەوەی سەروبرۆی دەتاشن خۆی ومنداڵەکانی لەهەولێرشاربەدەری دەکەن . بنەماڵەی بارزانی بە ئاشکرا کەوتونەتە شاکاندنی شکۆی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگاو خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان بەڵام حیزبەکان و بەناوسیاسیەکانی کوردستان ورتەیان لێوەنایات وەک و ئەوەی هیچی خراپ رووی نەدابێت .

دوای ئەوهەمووسوکایەتی ئەتکردنەی کۆمەڵگا زۆربەی سیاسیەکان دوای مەسعودبارزانی کەوتوون بۆ بەغداد هەتا رووی مەسعود سپی بکەنەوە لای عەبادی بزوتنەوەی گۆڕان وکۆمەڵی ایسلامی یش بێ خەم پاڵیان لێداوەتەوە چاوەرێن خودا بەزەی بخاتە ناودڵی مەسعودەوە هەتارازیبێت پەرلەمانیان بۆ کارابکاتەوە وسەرۆکی پەرلەمان وەزیرەکانی گۆران بخاتەوە سەرکارەکانیان .

ئەوەی روون وئاشکرایە ئەوەیە کەپارتی باوەری بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات نیە و کورسی سەرۆکی هەرێم چۆڵ ناکات ئەوەی ناوی دەنگدان ودیموکراسیە لەکوردستا تەنها درۆیەکی گەورەیەو هیچی تر .

بۆیە دوای دروست بوونی بزوتنەوەی گۆران و بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکات و حکومەتی بنکەفراوانی ئێستا دەرکەوت کەخەباتی مەدەنی بۆ گۆرینی سیستەمی سیەسی لەکوردستان هیچ بەهاوئەرزشێکی نیە .

لەئێستا بەدواوە خەڵکی کوردستان چاوەرێی دروست بوونی رێکخراوێکی نوێن تاوەک و ببێتە بەدیلێک بۆحیزبە بێ دەنگ و بێهەڵوێستەکان رێکخراوێک کەبە راستی تێبکوشێت بۆ وەدەرهێنانی رەگ ریشەی حکومی بنەماڵەکان لەکوردستاندا .

ئەوەی ئێستا لەخەڵکی نارازی و ئازادی خوازدا بەدی دەکرێت ئامادەیی تەواوە بۆ هەڵگیرساندنی شۆرشێکی نوێ بەڵام پێشەوایەکی بەئەزموون و رستگۆی دەوێت تاوەکورابەرایەتیان بکات وئەوئەرکەبگرێتە ئەستۆ کەبتوانێت ماف وئازادی بگەرێنێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان .

http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=81996




# ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع لەسەر هێمن بنەسڵاوەیی دێنە دەنگ

هەردو نوسەری ناوداری کورد، ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع لەسەر هێمن بنەسڵاوەیی، ئەو پێشمەرگەیەی لەلایەن پارتییەوە سەر و بڕۆی تاشرا، دێنە دەنگ و رایدەگەیەنن"

**ئاوێنە** :لەدو نوسیندا هەردو نوسەری ناوداری کورد، ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع ئاماژە بەو هەڵسوکەوتە ناشرینەی هێزەکانی پارتی دەکەن، کەلەسەر کۆمێنتێکی فەیسبوك، هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرگەی کوردستان ئەتك کرا و سەر و برۆیان بەشێوەیەکی نامرۆڤانە تاشی.

## دەقی نوسینەکەی مەریوان وریا قانع:

لەهەر شوێنێکی دونیادا کەرامەتی مرۆڤێك بشکێت، وەك ئەوە وایە هەمومان کەرامەتمان شکابێت، یەکەمجارە لەژیانمدا هەستبکەم بەم ئەندازەیە لەکەسێك نزیکم...کاك هێمنی ئازیز، سەری تۆش سەری ئێمەیە، سەری هەمو مرۆڤێکە کەمەکێك ڕێزی خۆی و ڕێزی ژیان و

ڕێزی بیر و بۆچونەکانی بگرێت..ئەوەی پارتی بەئێوەی کردوە، نیشاندەری ئەو عەقڵیەت و خەیاڵە بۆگەنەیە کە ئەم هێزە هەڵیگرتوە..خۆشەویستی زۆرم بۆت.

## دەقـــــــــــــی نوســـــــــــــینەکەی ئـــــــــــــاراس فەتـــــــــــاح:

ئەو هەڵسوکەوتە بەربەڕییەی لەشاری هەولێر بەرامبەر کاکە (هێمن بنەسڵاوەیی) کرا، تەنها کردەیەکی تەعەسوفی کارمەندێك یان چەند کارمەندێکی ئاسایشی پارتی نییە، بەڵکو بەرجەستەکەری ئەو عەقلییەتە سیاسییەیە کە کولتوری حیزب بەگشتیی و سوڵتانیزمی پارتی بەتایبەت لەدونیای سیاسەتدا پیادەیدەکات، سیاسەتی تەماشاکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا وەکو ڕەعیەتێك کە خاك و هەواو و جەستە و روحی ئەو جوگرافیایە موڵکی ڕەهای پادشایە. عەقلییەتێك کە ئامادەیە تا ئەوپەڕی سنووری توندوتیژیی، گاڵتە بەکەرامەتی ئینسانی ئێمە بکات و داهێنان لەفەنتازیای ئەشکەنجەدانی دەرونیی و جەستەییدا بکات. لەراستیدا ئەو بێڕێزییە گەورەیەی کە لەروی ئینسانییەوە بەرامبەر بەکاکە هێمن و هاوژین و کوڕەکەی کرا، هیچی کەمتر نییە لەو بێڕێزییەی کە لەروی سیاسییەوە بەرامبەر بەسەرۆکی پەرلەمان و بەهای دەزگای پەرلەمان کرا. ئەمانە هەمو زینجیرەیەکی نەپساوەن و تەواوکەری ئەو کولتوری بێڕێزییە بەردەوامەیە کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان و میدیا و بیروڕای ئازاد دەکرێت.

ئەم هەتککردنە نائینسانییە بەتەنها پیادەکردنی سروتێکی (تەقس) عەشایەرعەقڵییەت نییە، بەڵکو مانا رەمزییەکەی مەسجێکە بۆ هەمو ئەوانەی کە خاوەن سەری خۆیانن و لەناو سنوورەکانی ئەودا دەژین. ئەم کردەیەی ئاساییشی پارتی کە بەبێ کۆمێنتی نارەزایی یان دڵگرانیی تاکە یەك سیاسیی و یەك رۆشنبیر و یەك دادوەری ئەو دەڤەرە و زۆرینەی نوخبەی سیاسیی دەڤەری سلێمانیش، مانای ئەوەیە کە پارتی سەروەرە بەسەر جەستەی هەمو تاکێکی ئەو ناوچەیە و وەك وەحشە لیڤیاتانییەکەی هۆبزی لێهاتوە کە ترسەکەی گەیشتۆتە جوگرافیای جەستەیی و رۆحیی هەمو تاکەکان. تیرۆرکردنی دەرونی ئینسانێکی وڵاتی ئێمە بەم سادییەتە، تەنها هەتککردنی کەرامەتی نەیارەکانی حیزب نییە، بەڵکو هەمان ئەو گەمەکردنەی دەسەڵاتە کە پشیلە لەنماییشی گەمەی مەرگ لەگەڵ مشکدا دەیکات، پێشئەوەی بیخوات. ئەممەش دوا لوتکەی چێژ بینینە لەئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەرونی قوربانییەك کە جگە لەجەستەیەکی روت لەبەر دەست جەلادەکەی، هیچی تری نییە بەرگریی لێبکات. دەزگا ئەمنییەکانی پارتیش پاش ئەوەی لەم گەمەی مەرگە لەگەڵ قوربانییەکانیان تەواودەبن، جەستە هەتککراوەکانیان فڕێدەدەنە دەرەوەی سنوورە پاکژە سیاسییەکەی خۆیان.من پێش چەند ساڵێك لە شوێنێکی تردا نووسیومە ,,دیکتاتۆرەکانی دوێنێ لەنەیارەکانیان دەترسان، دەیانگرتن و دەیانکوشتن، لەمڕۆشدا فەرامۆشیان دەکەن، گاڵتەیان پێدەکەن، لەناو نائومێدیدا دەیانخنکێنن و لە روداوی نادیاردا لێیاندەدەن و لە روداوی ناکاویشدا دەیانکوژن‘‘.دیکتاتۆرەکانی دوێنێ سنورەکانیان دادەخست نەبا کەسێکی نەیار بەدزییەوە بێتە ژورێ یان کەسێکی ناپاك بەدزییەوە وڵات بەجێبهێڵێت،

لەمڕۆشدا دەرگاکانی سنوریان واڵاکردوە بۆئەوەی یەك نەیار لەوڵاتدا نەمێنێت“.ئەم هێزە سیاسییە ناشرینانە، ئینتیمای ئینسانی ئێمەیان بۆ نیشتیمان بەڕادەیەك وێرانکردوە کە ئاسایی بێت بۆ هەمو تاکێکی بەویژدان، تف لەو وڵات و مێژوە بکات کە ئەوان شانازی پێوەدەکەن.

http://www.awene.com/2016/09/28/25786




"بەبەڵگە وەڵامی ئاسایشی هەولێر دەداتەوە"

# هێمن بنەسڵاوەیی: پارتی خۆی فێرە سیناریۆ دروست بکات



**پاش ئەوەی ئەمڕۆ (پێنجشەممە) بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕەتیکردەوە کە هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرگە بێتو ڕوداوەکەی وەك سیناریۆ لەقەڵەمدا، هێمن بنەسڵاوەیی بەبەڵگە وەڵامی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر دەداتەوە .**

ئاوێنە: ئەمڕۆ (پێنجشەممە) تارق گەردی بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێر بەدەنگی ئەمریکای راگەیاند"هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرگە نییەو نەسەر و برۆی تاشراوە و نەماڵ و منداڵیشی

رەوانە کراوە بەڵکو ئەمە فلیمێکە و دروستکراوە و هەر خوشی ماڵەکەی بردۆتە سلێمانی.”

بەرامبەر ئەو لێدوانانەی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، هێمن بنەسلاوەیی بەبەڵگە دەیسەلمێنێت کە پێشمەرگەیەو ناسنامەی پێشمەرگایەتی خۆی بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکات.

هێمن لەبارەی لێدوانەکانی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر وتی”پارتی خۆی فێرە سیناریۆ دروست بکات و ئەوەش لای خەڵکی کوردستان ڕونە، بۆیە خۆشیان هەمو شتێك بە سیناریۆ دەزانن و ناودەبەن.”

ماوەیەك لەمەوبەر لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا وێنەی گەنجێك بەناوی (هێمن بنەسلاوەیی) بڵاوکرایەوە کە سەرو بڕۆی تاشرابوو سوکایەتی پێکرابوو لەبارەی روداوەکەش ئەو گەنجە رایگەیاندبو کە “لەلایەن ژمارەیەك چەکداری پارتییەوە ئیهانەو سوکایەتی پێکراوە” ئەمەش بوە هۆی نارەزایەتی زۆرێك لەناوەندەکانو وەك پشتیوانیکردنێك لەو گەنجە چەند هاوڵاتیەك بەشێك لەسەری خۆیان تاشی.






# بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر:

# هێمن بنەسلاوەیی نە پێشمەرگەیە و نەئاسایش سەرو بڕۆی ئەو کەسەی تاشیوە




سەبارەت بە هێمن بنەسلاوەیی ئەو کەسەی کە وەك خوی بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند دوای ئەوەی کە هێزێکی ئاسایش هێرشیان کردە سەری و سەر و برویان تاشي و پاشان ڕەوانەی ئەو دیوی پردێیان کرد و پاشان چووەتە شاری سلێمانی دەڵێ ماڵ و منداڵیشیان دەرکردووە و ڕەوانە کراون و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژین، هێمن بنەسلاوەیی پەنجەی تومەت بۆ ئاسایشی هەولێر درێژ دەکات و دەڵێت ئاسایش وایان لێ کردووم.

لەمبارەیەوە تارق گەردی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند نە سەر و برۆی ئەو کەسە تاشراوە و نە ماڵ و منداڵیشی ڕەوانە کراوە بەڵکو ئەمە فلیمێکە و درۆستکراوە و هەر خۆشی ماڵەکەی بردووە.

سەبارەت بەوەی کە ئەو کەسەی ئێستا لە سلێمانی دەژیت بە ناوی هێمن بنەسلاوەیی کە پێشمەرگەیە ئایا هیچ هەماهەنگیتان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کردووەکە ئەمە

پێشمەرگەیە دەبێت لێکولینەوەی ورد لەمبارەیەوە بکرێت کە ئەگەر خوی ئەم سیناریۆیەی درۆستکردبێت.

بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێر بۆ دەنگی ئەمەریکا ددەڵێت "نەخێر ئەمە پێشمەرگە نیە و نەمزانیوە کە ئەمە پێشمەرگە بێت."

وا بڵاوکراوەتەوە کەپێشمەرگەیە و ئایا وەزارەتی پێشمەرگە هیچ هەڵویستێکە نەبووە لەمبارەیەوە بە پێی زانیاری ئێوە چونکە پەنجەی تومەت بۆ ئاسایش درێژ دەکات.

تارق گەردی هەروەها لەمبارەیەوە زیاتر دەڵێت "نەمزانیوە پێشمەرگە بێت بەس ئەوە رۆژانە قسە دەکات نە ئاسایش نە کەس گرتوویەتی نە کەس دەری کردووە ئەو رۆژە ئاسایش گووتویەتی ئەو کەسە دەیەوێ ماڵی خوی ببات ئێمە گوتمان لێگەڕێن ئازادە ماڵی بۆ کوێ دەبات."

http://lapere.net/2016/10/%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DB%8E%D9%88%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%89-%D8%A6%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%8A%D8%B4%D9%89-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%84%DB%8E%D8%B1-%D9%87%DB%8E%D9%85/




# کەیسی هێمن بنەسڵاوەیی دەبرێتە پەرلەمانی عێراق



**ئەندامێكی پەرلەمانی عێراق لەسەر پشكی بزوتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنێت "كەیسی هێمن بنەسڵاوەیی دەگەیەننە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق."**

**ئاوێنە**: مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری گۆڕان لەپەرلەمانی عێراق لەهەژماری خۆی لەفەیسبوك بڵاویكردۆتەوە و نوسیویەتی" كەیسی هێمن بنەسڵاوەیی دەبەینە پەرلەمانی عێراق، شكاندنی شكۆی مرۆڤ لەسەر دەربڕینی بیروڕا مایەی قبولكردن نییە، ماندێلا دەڵێت; هەركەسێك هەست بە ئیهانەكردنی كەسێك نەكات ئازادی خۆی لەدەستداوە."

حەیدەر باسی لەوەشکردوە ‘‘لەبەر ئەوەی لەهەرێمی کوردستان پەرلەمان پەکخراوە، کەیسی هێمن دەبەینە ناو پەرلەمانی عێراق و داوا لەلیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی عێراق دەکەین هەڵوێست وەربگرێت لەسەر ئەم کارە قێزەوەنە.’’

هێمن بنەسلاوەیی ئەندامی بزوتنەوەی گۆڕان و پێشمەرگەی کوردستان، بەهۆی ئەوەی لەفەیسبوك پۆستێکی فەیسبوك رەخنەی لەبێ موچەیی و حکومەت گرتبو پاش ئەوەی رفێنرا، بۆ سوکایەتیپێکردنی قژ و برۆیان تاشی و پاشان لە بازگەی پردێ بەجێیان هێشت.

http://www.awene.com/2016/09/28/25807




# خێزانی پێشمەرگە سەروبرۆ تاشراوەکە لەهەولێر دەرکرا و گەیشتە سلێمانی

هێمن بنەسڵاوەیی، کە لەماوەی ڕابردوودا سەرو برۆی تاشراو لەبازگەی پردێ لەهەولێر دەرکرا، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ١١ی تشرینی یەکەم، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبازگەی تاسلۆجەی شاری سلێمانی ڕایگەیاند: بڕیاریانداوە بەیەکجاری لەسلێمانی نیشتەجێ بن، چونکە خێزانەکەی کە هاوسەرو دوو منداڵن لەهەولێر دەکراون.وتیشی:" لەئێستاداو لەبەرامبەر ئەو سوکایەتییەی پێم کرا، لەئەنجومەنی نوێنەران و دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم سکاڵام تۆمارکردووەو لەچەند ڕۆژی داهاتووشدا هەم لەنوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان و هەمیش لەدادگای سلێمانی، سکاڵا لەسەر ئاسایشی پارتی و مەسعود بارزانی تۆماردەکەم.





http://snnc.co/Breaking.aspx?id=117&MapID=1

# هێمن بنەسڵاوەیی: ئەو هێزەی هاتن بۆ من با غیرەتیان هەبوایە کاتژمێرێک شەڕیان بکردایە




2017-10-21 15:23:25

ڕۆژنیوز - دانا عومەر

ئەو پێشمەرگەیەی کە لەلایەن ئاسایشی بنەسڵاوەوە سوکایەتی پێکرا و لە بنەسڵاوە دەرکرا، دەڵێت:"ئەو هێزانەی کە هاتنە سەر من با غیرەتیان هەبوایە و یەک کاتژمێر شەڕیان بکردایە لە بەرامبەر حەشدی شەعبیدا".

لە ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە چەکدارانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، هێرشیان کردە سەر شاری کەرکوک، لەپاش بەرگرییەکی کەم بە فەرمانی فەرماندەییەکانیان پێشمەرگە لەو شارە کشایەوە، پاشان فەرمانی کشانەوە درایە هێزەکانی پێشمەرگە لەسەرجەم ناوچەکانی سنوری مادەی ١٤٠ی دەستور.-ی عێراق و هێزی عێراق تیایاندا جێگیربوو.

هێمن بنەسڵاوەیی، ئەو پێشمەرگەیەی کە لەپاش تاشینی قژ و برۆی لە شارەدێی بنەسڵاوەی هەولێر دەرکرا، لەبارەی کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بە ڕۆژنیوزی وت:"من وەک پێشمەرگەیەک تەنها لەسەر ئەوەی لە فەیسبووک ڕەخنەیەکم گرت، هێزێکی زۆری

مەسعود بارزانی هاتنە سەرماڵەکەم و منیان لەماڵەوە هێنایە دەرەوە و سەر و بڕۆیان تاشیم و سوکایەتییان پێکردم، لە خێزان و منداڵەکەمیان دا، با ئازا بوونایە و تۆزێک غیرەتیان هەبوایە و یەک کاتژمێر شەڕیان بکردایە لە بەرامبەر حەشدی شەعبیدا".

هێمن بنەسڵاوەیی، ڕووی دەمی کردە پارتی و وتی:"ئەمانە لەوەتەی هەبوون هەمیشە خیانەتیان کردووە، ئەگەر ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییە نەبوایە کەساڵی 1992 و دەرچوو، کە هێڵی 36 ی بۆ کورد دیاریی کرد ئێستا ئەمانەهەولێر و سلێمانی و دهۆک- یان دەفرۆشت، ئەمانە جاشی تورکیا و ئێران،-ن من پێم وایە ئەگەر دوژمنانیش بێن دەوڵەتمان بۆ دروست بکەن به هەموو توانایانەوە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی تێکی بدەن، نەک خۆیان دروستی بکەن".

هێمن بنەسڵاوەیی، کە کادری بزوتنەوەی گۆڕانە و پێشمەرگەش بوو، شەوی ٢٦ی مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ لەکاتێکدا لەمەکۆی هەولێر دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە لەگەڵ منداڵەکەیدا ڕفێندراوە و دوای ئازاردانی دەروونی و جەستەیی بۆ سوکایەتیپێکردنی قژ و بڕۆیان تاشی و پاشان لە بازگەی پردێ فڕێیاندا و دواتر بە ناچاریی ماڵەکەی بردە شاری سلێمانی.

http://www.rojnews.org/haber/21106/.html

# دۆسیەکەی هێمن بنەسڵاوەیی گەیەندرایە بەغداد



PM:07:04---17-12-2016

ئەم بابەتە 5720 جار خوێنراوەتەوە

**پەرلەمانتارێکی کورد رایدەگەیەنێت: ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دۆسیەی ئەو پێشمەرگەیەی برۆ و لایەکی سەری تاشرا دەخاتە کارنامەی دانیشتنەکانیەوە.**

ئەمین بەکر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە نەوای راگەیاندوە"پێشێلکارییەکان لەهەرێمی کوردستان یەك جۆر نین، بەهۆی ئەوەی لەدادگاکان وەك پێویست بەدواداچون ناکەن بۆ ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر مافی مرۆڤ دەکرێن و پەرلەمانی کوردستانیش پەکخراوە، بۆیە واژۆمان کۆکردۆتەوە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دۆسیەی هێمن بنەسڵاوەیی بخرێتە کارنامەی دانیشتنەکانەوە".

ئەمین بەکر وتیشی"بێ مافی و سوکایەتی بەپێشمەرگەو رێگرتن لەدەربڕینی ماف لەهەرێمی کوردستان درێژەی هەیە، نمونەش دۆسیەی ئەو پێشمەرگەیەیە کە لەلایەن چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان برۆ و سەری تاشرا، بۆیە دۆسیەکەمان بردۆتە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانەوە".
لەچەند مانگی رابردودا پێشمەرگەیەکی لایەنگری بزوتنەوەی گۆڕان لەشاری هەولێر بەناوی هێمن بنەسڵاوەیی، لەلایەن ژمارەیەك چەکدارەوە رفێنراو دوای ئەوەی سوکایەتیان پێکرد لایەکی قژو برۆیان تاشی، لەنیوەشەویشدا لەبازگەی پردێ ئازادیان کرد.

http://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?Jmare=52157&Jor=1

# قایمقامی چەمچەماڵ بۆ پشتگیری لە پێشمەرگەکە کە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە سەری تاشرا، سەری خۆی تاشی و ڕایگەیاند هاوسۆزی پیشمەرگەکەن.






ئامانج محەممەد، قایمقامی چەمچەماڵ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەند وێنەیەکی خۆی بە سەرتاشراوی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند" هیوادارم وەزیری پێشمەرگەی ئێستا لێکۆڵینەوە لەو بابەتەوە بکات."

ئامانج محەممەد، ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەو کارەی وەک خۆی کردووە نەک وەک قایمقامی چەمچەماڵ.

قایمقامی چەمچەماڵ ئەوەشی ئاشکراکردووە کە لە سێ قۆناغدا سەری تاشراوە، یەکەم لەسەردەمی بەعسدا و دووەم لە خولی ئەفسەرانی ئاسایش و سێیەم جار لەپێناو هێمن بنەسڵاوەی پێشمەرگە.

شەوی ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١٦، هێمن بنەسڵاوەیی لە هەژماری خۆی لە فەیسبوک وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە سەر و برۆی تاشرابوو، وەک خۆی ئاماژەی پێکردبوو، لەبەر ئەوە وایان لێکردووە کە ویستوویەتی بەشداری خۆپیشاندان بکات لەشاری هەولێر، بەڵام دواتر لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا لەماڵەکەی خۆی لەبنەسڵاوە فرێندران، و پاشان سەرو برۆی تاشراوەو بەرەو شاری کەرکوك ڕەوانەیان کردووە.

http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=50198&fb_comment_id=1220513747988158_1220563541316512

# وەک پاڵپشتییەک بۆ هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان"، چەند هاووڵاتییەک سەر و برۆیان دەتاشن

28/09/2016

جار خوێندراوەتەوە 46549

**چەند هاووڵاتییەک سەر و برۆیان دەتاشن و وەک خۆیان دەڵێن وەک پاڵشتییەک بۆ هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان ئەو کارە دەکەن کە لەلایەن چەند کەسێکەوە سەر و برۆی تاشرا.**

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، چەند هاووڵاتییەک وێنەی هێمن بنەسڵاوەیی هەڵسوڕاوی گۆڕانیان وەک پاڵپشتییەک خستووەتە سەر پرۆفایلەکەیان و هاوکات ژمارەیەک وێنە و ڤیدیۆ بڵاوکراونەتەوە کە تیایاندا چەند هاووڵاتییەک سەر و برۆی خۆیان دەتاشن، بە وتەی خۆیان وەک ئیدانەیەک بۆ ئەو کارەی بەرامبەر هێمن بنەسڵاوەیی ئەنجامدرا وایان کردووە.



شەوی ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١٦، هێمن بنەسڵاوەیی لە هەژماری خۆی لە فەیسبوک وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە سەر و برۆی تاشرابوو، وەک خۆی ئاماژەی پێکرد، لەبەر ئەوە وایان لێکردووە کە ویستوویەتی بەشداری خۆپیشاندان بکات لەشاری هەولێر، بەڵام دواتر لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا لەماڵەکەی خۆی لەبنەسڵاوە فرێندران، و پاشان سەرو برۆی تاشراوەو بەرەو شاری کەرکوك ڕەوانەیان کردووە.



ئەوەش کاردانەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا و سۆران عومەر سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند "ئەوەی ئاسایشی پارتی کردویەتی بەرامبەر ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان لوتکەی بێ ڕەوشتیە."

http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=50183

# لە سلێمانی سکاڵا لەسەر مەسعود بارزانی و مەسرور بارزانی تۆمار کرا



وێستگە نیوز –

هێمن بنەسڵاوەیی ئەو پێشمەرگەیەی لە ماوەی رابردوودا رایگەیاند کە لە هەولێر دەرکراوە و لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە سەری تاشرا، سکاڵای لەسەر مەسعود بارزانی و مەسرور بارزانی و وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی گشتی تۆمارکرد.

ئەمڕۆ هێمن بنەسڵاوەیی سەردانی دادگای گشتی سلێمانی کرد و سکاڵای لەسەر چەندین کەس تۆمارکرد و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵاکانی ئاشکراکرد.هێمن بنەسڵاوەیی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی:"ئەمڕۆ سەردانی دادگام کرد و سکاڵام دژی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و مەسرور بارزانی سەرۆکی دەزگای پاراستنی پارتی تۆمارکرد."

وتیشی: "بە هۆکاری ئەوەی بەبێ ئاگاداری دادگا ئۆتۆمبێلی وەزارەتی ناوخۆیان بۆ رفاندنەکەم بەکارهێناوە، سکاڵام لەسەر وەزیری ناوخۆ و ئەو کارمەندانەی ئەو ئیشەیان ئەنجامداوە تۆمارکرد."

هێمن بنەسڵاوەیی، ئەوەشی خستەڕوو کە "هەروەها سکاڵام دژی ئاسایشی گشتی تۆمار کردووە بۆ ئەو بوختانە گەورەی بۆ منی کرد کە وتی من پێشمەرگە نیم و ئەو شتانە سیناریۆیە."ئاماژەشی بەوەدا کە "من سکاڵام تۆمارکردووە و ئەو کەسانەی کە ناویان هەیە بابێنە دادگا، زۆرجار مەسعود بارزانی دەڵێت هیچ کەسێك لەسەرووی یاساوە نییە، ئەوا من رێگەیەکی مەدەنیم گرتۆتەبەر با بێنە بەردەم دادگا ئەگەر وایە." ئەو پێشمەرگەیە راشیگەیاند کە "سکاڵا تۆمارکردنی من چەند هۆکارێکی هەبوو، یەکەم

لەسەر ئەو ناوزڕاندن و بوختانەبوو کە پێیان کردم، دووەم، لەسەر دەرکردنم بوو لە هەولێرو لە شاری

خۆم دەرکرام، سێیەم، لە خانەوادەکەشم درا و پارەیان دزی."
بەوتەی خۆی، شەوی 26/9/2016 هێمن بنەسڵاوەیی کە پێشمەرگە و کادیری بزووتنەوەی گۆڕانە لەکاتێکدا لەمەکۆی هەولێر گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە لەگەڵ منداڵەکەیدا رفێندراوە و دوای ئازاردانی دەروونی و جەستەیی بۆ سوکایەتیپێکردنی قژ و برۆیان تاشیوە و پاشان لە بازگەی پردێ فڕێیانداوە، پاش چەن رۆژێکیش هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکەی و ئازاری خێزانەکەیان داوە و خێزانەکەشیان لە شاری هەولێر دەرکردووە.

PM:05:05:21/11/2016







http://westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=29235&jor=1

# بەشی چوارەم

## وتارو نووسینی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەسەر دۆسیەی هێمن بنەسڵاوەیی

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
Follow · October 10, 2016

نوسینگەی مافی مرۆڤ لەسلێمانی سکاڵای (هێمن بنەسڵاوەیی ) وەردەگرێت.
*****************************************************
ئەمڕۆ 2شەممە بەرواری 2016/10/10 نوسینگەی مافی مرۆڤ لەسلێمانی لەلایەن بەڕێوبەری نوسینگە سابیر عبداللە پێشوازی لەهاوڵاتی هێمن عبدالخالق کرد کەهاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستانەو پێشتر دانیشتووی شاری هەولێر بوو بەڵام لەئێستادا لەسلێمانیە.
ئەو هاوڵاتیە سکاڵای ئاراستەی نوسینگەی مافی مرۆڤ لەسلێمانی کردو ناوەرۆکی سکاڵاکەو وتەی خۆی بریتیەو "لەوەی لە2016/9/26 لەلایەن هێزێکی ئاسایش لەشاری هەولێر چوونەتە سەر ماڵی‌و بەبێ بوونی هیچ داوایەکی یاسایی‌و بڕیاری دادوەرو هیچ تاوانێك بەڵێدان‌و ئەشکەنجەدان‌و پاڵنان بەمخێزان‌و منداڵەکانی بردویانە بۆە بازگەی شێراو".
سکاڵاکار لەدرێژەی سکاڵاکەی باس لەوەدەکات (لەناو بازگەکە لەلایەن ئەفسەرێکی باڵاوە بەشێوەیەکی نامرۆڤانە سەرو بڕۆی چاککراوەو رەوانەی ئەودیو بازگەکە کراوە.)
بەڕێوەبەری نوسینگەی بەسکاڵاکارەکەی ڕاگەیاند سکاڵاکەی رەوانەی سەرۆکایەتی دەستە دەکەن‌و بەدواداچوونی بۆ ئەنجامدەدەن.
هەر لەدرێژەی ناوەرۆکی سکاڵاکەدا هاتووە ئەم جۆرە مامەڵەیە لەچوارچێوەی نوسین‌و بڵاوکردنەوەی بۆچونی خۆی لەبارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان.



**Paikar Osman**
September 27, 2016

لە دیکتاتۆریەتا یەک سەر هەیە، سەرەکانی تر ئەبێ نەبن، خۆ ئەگەر بیانەوێ هەبن، ئیتر مەسوگەر بەر شتێک ئەکەون، شت لەبابەتی بەرد دار مووس فیشەک..
دیکتاتۆر کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ سەرا هەیە، چونکە سەر شتێکی تیایە ئەگەر ئیش بکا، ئەو لە کار ئەکەوێ.






سەباح مەرگەیی

October 12, 2016 ·

## خێزانــی پێشــمەرگــە ســەروبــرۆ تاشــراوەکــەی هــەولێــر شــاربەدەرکــرا

خێزانـەکـەی هێمن بنـەسـڵاوەیـی شـاربەدەر دەکـرێن و روو لـە سلێمانی دەکـەن، سکاڵای دیکەش لەسەر ئەو حزب و کەسانە تۆمار دەکات کە زیانیان پێگەیاندووە.

هێمن عەبدولخالق کە لەلایەن ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرۆ برۆی تاشرا و شاربەدەرکرا، سکاڵایەکی دیکەش تۆمار دەکات بە هۆی مردنی منداڵێکییەوە و ئازاردانی هاوسەرەکەیەوە.

لـەو بـارەیـەوە PUKmedia پـەیـوەنـدی کـرد بـە هـێمن عـەبـدولخالق ناسـراو بـە هـێمن بنەسڵاوەیی و لە لێدوانێکی تایبەتدا رایگەیاند: دوای ئەو رووداوەی کە 26ی مانگی رابردو کە ئاسایشی پارتی سەرو برۆی تاشیم و سوکایەتیان پێکردم و لە شاری هەولێر دەریان کردم، هەر ئەو کاتەش ئەو دەست و دائیرەیە ئاگاداریان کردمەوەو هەڕەشەیان لێکردم کە دەبێت شاری هەولێر بەجێ بهێڵم و نابێت ماڵەکەم لە هەولێر بمێنێت.

راشیگەیاند: دوای ئـەوە لە خێزانـەکـەمیان دابوو کـە دوو گیـان بـوو بـەهۆی ئـەو لێدانـەوە، منداڵـەکـەی لـەدەستدا، نـەشتەرگـەریی بۆکرابوو دەرفـەتـەم نـەبوو ماڵـەکـەم بگوازمـەوەو منداڵەکانم دەربازبکەم، بۆیە ئەمڕۆ بۆم گونجا کە منداڵـەکانم و کـەل و پـەلی نـاو ماڵـەکـەم باربکەم و هەولێر بەجێبهێڵم.

هێمن وتیشی: لەسەر ئەو سوکایەتییە تائێستا لە پەرلەمانی عیراق و دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤی هەرێم داوام لـەسـەر ئـەو لایـەن و کـەسـانە تۆمارکردوە کە ئـەو سوکایەتییان پێکردم، راشیگەیاند: کە بەنیازە لە داهاتوویـەکـی نزیکدا سکاڵایـەکـی دیکـەش تۆمار بکـات، چونکە ئازاری هاوسەرەکەی دراوە کە دوو گیان بووەو منداڵەکەی ناوسکی مردووە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە هێمن عەبدولخالق ئەو پێشمەرگەیەبوو کە لـەلایـەن ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لـە 2016/9/26، لـە شـاری هـەولێر بـەهۆی دەربڕینـی رای ئـازاد، سەروبرۆی تاشراو لێیدراو ئیهانەکرا.

تایبەت PUKmedia




Mustafa Shekh Muhmmed **updated his status.**

October 12, 2016 ·

جەوم سفرە ...
ئاخر جەو کو هەبی؟
مەملەکەت...!
هێمن بنەسڵاوەیی و ئەتکرد بەس نەبوو شار بەدەرکردنەکە مانایی چیە.
ویداد حسێن تیرۆرکرا، هەرەشەی سەر براکەی بۆچی؟
(بەرکە)گیرفان بەتاڵە، موچە نیە ئیش نیە،
ئەرردوگان ئەڵێتە عەبادی لە ئاستی من نی ئەشەدەن راستەکات ئاخر عەبادی هەرچەند یەك قیچ کورتە باڵایە بەڵام لە ئەردوغانی بەشەرفترە.
کوری خەڵکی زۆر ئەکاسب و پیاون، ئینەمەش نەفتێ بەزەرارا فرۆشن و پارەش لە قوماریٚ دۆرینن.
خەڵکەکی زۆرئەوساڵ تەماتە و ئارو(خەیار) شتیان کردبوو، هەر هەموان زەررا کردیە.
ئەو کابرایەش ناوی نزانم نامەکی ئەهەندیا لۆ ناردیمە ئاڵێ وەرە پارەی وەرگرە،
لۆ Dildar نارد ئاڵێم ئەوە چیە ئاڵێ فشەیە هیچ لە گۆریٚ نیە ؟
جەو کو سفر نەبی، پارتی و پارت نیە، یەکێتیە و یەکێتیش نیە، گۆرانە و نەگۆرایە،
یەکگرتووە و وەشنیە، کۆمەڵە و کۆمەڵیش نینە، زەحمەتکێشە و هەونیە، شوعیە و سوعبەت چیە.
لە بیریشن نەچی نەمانی دەنگو باسی دەوڵەتی کوردی هەندیدی جەوەکەیا تێکدایە .
چوبوومە داربرینێ لۆ سۆتاندنێ جەماعەتێ خواردنیش دەگە مەغریبێ پێوەرەکرد
بەردەکیشت وێنادەن سەری خۆ پێ بشکینی و تێریش قسێ قۆرەکەن و تەواو.
جەمالی براش بەتەواوەتی خۆیا لە خەت دایە، ئاخیری خێربی.




نامـــــەیـــــەک بــــۆ هــــێمن بنـــەســــڵاوەیـــی.
بـــەڵـــێ ... شـــەڕی مـــــرۆڤ شـــەڕی کـــەرامـــەتــــە !
سوکایەتی کردن بە شکۆمەندی هاوڵاتی و هاونیشتمانیانی کوردستان ؛ ڕەگی قوڵی هەیە لـــە نـــاو کلتـــووری سیاســـی دەســـەڵاتـــدارانی حـــوکمڕان لـــە کوردســـتان.
هەموومان لەڕیزەکەداین ، ئەم بارودۆخە سیاسی یە بەم جۆرە ئێستا بەردەوام بێت
هەموومان سەرە دێتە سەرمان و یەکی لایەکی سەرو برۆیەکمان دەتاشن!
بەعس سەرەتا ئەگەر گۆرەوی سپیت لە پێبکردایە ، سوکایەتیان پێدەکردیت!
ئـــەگـــەر ڕیشـــت بهێشـــتایەتـــەوە ، لـــەســـەرجـــادەکـــان بۆیـــان دەســـوتاندیت!
ئـــەگـــەر لاجانـــگ و پرچـــت هـــەبوایـــە بۆیـــان هـــەڵـــدەپاچیـــت!
هەتککردن گەیشتە ئاستێک ئەگەر نەچویتایە بۆ قادسیەی سەدام یان نەبویتایە بە ( جیش الشـــعبی ) ئـــەوە گۆچکـــەیـــەکیـــان لـــێ دەکردیتـــەوە!!
بـــەڵـــێ ئێســـتا هـــەوری بـــەعـــس لـــەســـەر ئاســـمانی کوردســـتانە!
بەڵێ ئێستا وەک کەڵە نووسەری مەغریبی ( المهدی المجرة ) دەڵێت هەموومان لە سەرەدمی ( الذلقراطیة ) دا نەک ( دیموقراطیە ) دا دەژین.



# Karox Osman

September 27, 2016

حوكمی حەرام زادە حوكمی خۆماڵی كوردی ئەوە كردارو ئەتوارەكانیەتی، بۆیە ڕەنگە ببین بەدەوڵەت، بەو دەوڵەتەی كوڕەكەی بارزانی ئەیەوێ، ئەیەوێ لە تەپۆڵكەی سەری ڕەشەوە گێڕ بەدەستی حەرام زادەكانی كوردستان بێت و هەرچی كاری قێزەون و چەوت و چەپەڵە ئەمر بەكردنیان بكات. مرۆڤێك بۆ مافەكانی چوار دێڕ بنوسێ حەرام زادەكانی بارزانی ئەتكی بكەن ئاخۆ بوون بەدەوڵەت چ لەززەتێكی ئەبێت؟ داوەشێین، شەڕەف تكاوە خۆ فرۆشەكانی بنەماڵەی سوڵتە، خۆ هەموو كەس ئەزانێ كە مەسعودو كوڕو نەوەو برازاكانی بەدەستی خۆیان ئەم كارانە ناكەن، بەڵكو ئەیسپێرن بە بێ كەرامەت و غیرەت نزم و عیززەت سفرەكان.
بۆ چوار ئافەرین و دەست لەملدانێكی گەووادی هەڵئەكوتنە سەر مرۆڤی داخوازكاری مافەكان. هێمن بنەسڵاوەیی مرۆڤە خاوەن ئیرادە نەبەزو دلێرو بوێرەكەی چەقیو لەبەردەم كردارە قێزەونەكانی سوڵتە پۆخڵەكەی هەرێم بەم ڕووداوە قین ئەستورتر ئەبێت، خوێن گەرمتر ئەبێت لەپێناو گەڕانەوەی مافە دزراوەكانی ئەم میللەتە.
شەڕەفی دەستەڵاتدارێتی كوردی هەرئەوەندەبێت نیشتمانیانی والێبكات كاتێ داوای حەقی ڕەوا ئەكەن چ ئومێدێك ئەمێنێتەوە بۆ خودموختاری؟
سوڵتە بۆگەن بووەكەی هەرێم لەم كردارە بێزراوانە زیاتر هیچیتری لێ چاوەڕوان ناكرێت، ئیتر ئێمە بۆچی و تاكەی لەچاوەڕوانیدابین؟
كاك هێمن بنەسڵاوەیی، برای ئەزیزم بڕوات هەبێت بنەماڵە حوكم پیسەكانی هەرێم هێندە ترسنۆكن ناوێرن سەیری ناوچەوانت بكەن، بۆیە زۆڵ و حەرام زادەكان بەپارەی دزراوی ئەم گەلە وەكو كەری دابەستە بەخێویان ئەكەن، تەنانەت لەمەوادی هۆشبەریش پەكیان ناخەن، بۆ پێ سپێاردنی ئەم كردارانە. ئەگینا ئەوان لەئاست ناڕەزایی پەككەوتەیەكیش ئەژنۆیان دێتە ئەرز.

كارۆخ عوسمان



[تەوژمی گۆڕان]

[Like This Page] · May 11, 2017 ·

سەرۆکی شەرعی پەڕلەمان و کاک هێمن بنەسڵاوەیی پێشمەرکە..



درەو مهدی

September 29, 2016 ·

*سەر لەبەیانی ئەمڕۆ: 2016/9/29
لە باخی گشتی هەڵەبجە.
گردبونەوەیەکی نارەزایمان بۆئیدانە و شەرمەزارکردنی سوکایەتیکردن بە "هێمن بنەسڵاوەیی"سازکرد.

* بۆ بەرپرسانی چوار حیزبەکە لە هەڵەبجە.
دەبوو هەموتان لێرە ئامادەبونایە. بەڵام بەداخەوە ئەگەر
ئەوە دابەشکردنی پۆست بوایە ئێستا باخی گشتی جمەی دەهات لە ئێوەی قات لەبەردا!

شانزە جار ئەم گردبونەوەتان دوبارە دەکردەوە کە باسی پۆست دابەشکردنی هەڵەبجەی تێدابوایە!



Faik Fares

· Uppsala, Sweden · September 27, 2016

(وەك وەفایەك بۆ كاكە هێمن بنەسڵاوەیی)
ڕەنج بەرزنجی وەك گەنجێك سەری خۆی وەك كاك هێمن لێكرد و پەیامێكی دا بە دەسەڵاتی مافیای پارتی و ڕێبازە قێزەونەكەی بارزانی كە هێمن بە تەنها نیەو قێزەونترین و بەدڕەوشتترین كاری نامرۆڤانەی لەگەڵ كراوە.دیارە دەسەڵاتی دز و مافیاش هەر ئەوەیان لێچاوەڕوان ئەكرێ.سڵاو ئەنێرم بۆ وەفاو دڵسۆزی ئەم گەنجە لەهەر كوێیەكە.پێویستە بزوتنەوەی گۆڕان بێدەنگ نەبێ لەم هەموو تاوانە..






ڕایەڵەی کاسبکاران رانیە **is with Aram Ranya and Hewa Mam Ali.**

October 13, 2016 ·

هێمن بنەسڵاوەیی، وەڵامی تۆمەتەکانی ئاسایشی هەولێر دەداتەوە و لەگەڵ خستنەڕوی بەڵگەکان و ناسنامەی وەزارەتی پێشمەرگە و سەرجەم فەرمانە وزارییەکانی، دەڵێت:"من پێشمەرگەم".

دوای ئەوەی لەلایەن ژمارەیەک چەکداری پارتیەوە هەراسان کرا و سوکایەتی پێکرا، هێمن عەبدولخالق ناسراو بە (هێمن بنەسڵاوەیی) ماڵەکەی گواستەوە بۆ سلێمانی.، ئاسایشی هەولێر، باسی لەوە کردبو کە پێشمەرگە نییە و ناوی پێشمەرگەی وەك سیناریۆ بەکار هێناوە، هێمن ڕایگەیاند؛ سەرجەم ئەو بەڵگە و فەرمانە وەزاریانە دەخاتەڕو کە دەیسەلمێنن پێشمەرگەیە لە وەزارەتی پێشمەرگە.

ئەو لەبارەی "تۆمەتەکە"ی ئاسایشی هەولێرەوە "پارتی خۆی فێرە سیناریۆ دروست بکات و ئەوەش لای خەڵکی کوردستان رونە، بۆیە خۆشیان هەمو شتێك بە سیناریۆ دەزانن و ناودەبن، بەڵام من بە بەڵگە دەیسەلمێنم پێشمەرگەم".



**Abubakr Haladny**

**September 29, 2016**

.




هێمن بنەسلاوەییشی هاتە سەر!
هێشتا خەمی کاوە بەری نەداوین هەرچەند ئامەد پێشی گرتبێ ،جەستە ی بەخوێن شەلاڵ بوی سەردەشت هەر لەبەرچاومانە،سۆرانی مامە لەگەڵ هەر ژمارەیەکی لڤیندا ناخمان دەهەژێنێ..گەردوێنێ تیرۆری نارەوای ویدادناخی هەڵقرچاندبین ،ئەوائەمرۆ هێمن بنەسلاوەییش بەوەی لەگەڵیدا کرا ڕووی ڕاستەقینەی ئەودەسەڵاتەی زیاتر بۆ هەڵماڵین.
لەکوێی دونیادا بوە خەڵك بۆمووچە بڕژێتە سەرشەقام،بۆداوای نانیش سەری بتاشرێ وەک هێمایەک بۆسوکایەتی وبێدەنگ کردن.
کاک هێمن بنەسلاوەیی دواقوربانی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە نابێت ونەبوە،سەرە بەرزەکەی هێمن و دەنگ وهاواری خەڵکی نارازی وخوێنەئاڵەکەی ڕۆژ نامەنوسە تیرۆرکراوەکان ونرکەونەعرەتەی لاوە خوێن گەرمەکانی وولاتەکەم ونزای بەکوڵی دایکە بێنازوباوکە هەناسە ساردەکانی گەلەکەم لەگەڵ گریانی منداڵە برسیەکانی میللەتەکەم دەبنە ڕەشەبای تەفروتوناکردنی دەواری ستەمکاری وقوڵینگی هەڵتەکاندنی بتی گەندەڵی ودزی ودرۆ وچەخماخەی وەرچەرخانێکی نوێ.
ئەوانەی دەست بۆکەرامەتی مرۆڤەکان دەبەن زوو یان درەنگ جگە لەنەفرەتی خوا ومرۆڤەناخە زیندوەکان وزبڵدانی مێژوو چیدیان بۆ نامێنێتەوە .

ئەبوبەکر هەڵەدنی...ئەیلولی ٢٠١٦






## The people of Khanaqin

**· September 28, 2016**

"هێمن بنەسڵاوەیی" شاب من سكنة مدينة "هەولێر" وهو من مناصري حركة التغيير "گۆڕان" حاول التظاهر في مدينة "هەولێر" قبل ان تعتقله قوات الامن التابعة للحزب الديمقراطي "پارتی" من منزله برفقة ابنه وابعادهما الى مدينة كركوك بعد ان قاموا بحلق راسه وحواجبه !!وتضامنا معه قام بعض المواطنين في اقليم كوردستان بحلق رؤوسهم وحواجبهم، مااعرف شكول بصراحة ورغم انو اني ماتابع لاي حزب او حركة واشوف انو كل الاطراف السياسية شركاء بالفساد وهدر المال العام بس هاي الممارسات القمعية مرفوضة من اي طرف كان وضد اي شخص كان وخاصة لما يكون هدف هذا الشخص هو التظاهر السلمي المكفول لكل مواطن يعيش في ظل سلطة هاي الحكومة الديمقراطية النزيهة الشريفة العفيفة الطاهرة والي راح تظل طاهرة "ويا أم المطاهر ، رشي الملح ، سبع مرات ،، سبع مرات"... الى آخر كلمات المقولة الشهيرة للزعيمة الروحية الراحلة حنان الطويل !! زين سؤال يطرح نفسه : لو ذولي الاحزاب عدهم السلطة والنفوذ الي كان عند صدام شجان سوو بالمعارضين الهم؟!

#صقر_خانقين






**Abubakr Ali (Abubakr Karwani)**

**September 28, 2016 ·**

کاتێ سوکایەتی بە کەسێك دەبێتە سوکایەتی بە دەزگایەك و ئازاردانی کۆمەڵ بە گشتی.

لە یەکێ لە شەڕەکاندا فەرماندەی لەشکری ئیسلامی وەك سزادان سەری موجاهیدێکی تاشی . ئەویش بە سوکایەتی زانی و لای عومەری کوڕی خەتتاب خەلیفەی دووەم سکاڵای لێکرد.

عمر لە وەڵامی سکاڵاکە و بۆ فەرماندەکە وتی: گەر هەموو سەربازەکان تێدابچوونایە بەلامەوە خۆشتر بوو لەوەی سوکایەتی بە موسڵمانێك بکرێت. بۆیە مەسەلەی هێمن بنەسڵاوەیی و هاوڕێنەکانی و ئەو سزایانەی سوکایەتی و بێ ڕێزی تێدایە پێویستی بە لەسەر وەستان و بەدواداچوون و لێپێچینەوەیە.

ئەو سوکایەتیە هەر دەزگایەك کردبێتی ئەگەر ئیدانەکردن و بەدواداچوونی دەزگا پەیوەندیدارە فەرمیەکانی بە دوادا نەیەت، بمانەوێت و نەمانەوێت دەبێتە سوکایەتی بەکۆی دەزگاکە، ئازاردانی هێزی پێشمەرگە و شاری هەولێر و سەرەنجام کۆمەڵگە.

هەروەها دەبێتە سەرچاوەی نائومێدی و رق و قینی زیاتر. بۆیە ناکرێت بە ئاسانی ئەم جۆرە شتانە بەسەرماندا تێپەڕن.




**Hamad Hamza Mahamad** is with **چاوڕەش شارا** and **5 others.**
September 27, 2016 ·

ده سه ڵاتی کوردی به سپۆنسه ری به عس
دەرکردنی بیشمەرگەیەك لە هەولێر بە ناوی هێمن بنەسڵاوەیی سەر و برۆیان تاشیوە لە
پردێوە ڕەوانەی کەرکوکیان کردووەتەوە...!!
سوکایەتیە بو بیشمەرکە پلە بالایانەی کە یای
بەشعوری ماموستایان ئەکەن کەووتویانە لەمعاشی ئیمە هەلکرن بۆ ماموستایان بەداخەوە !
ئه وديمه نه وێنه ی مرۆڤێکی ئازادی خوازو گیان فیدایه که له گه ڵ ئه وه ی پێشمه رگه
یه و به گیانی خۆی نیشتمان ئه پارێزێت،
له هه مان کاتدا له به ره ی خه ڵک دایه و ناڕازی یه له و ده سه ڵاته دزو گه نده ڵه که
ڕووی به عس یان سپی کردۆته وه چ له ڕووی ڕێگری و کپکردنی ده نگه ئازاده کان وه
یان نانبڕین و قۆرغ کردنی ده سه ڵات،
که دیاره هیچ کات به عس بژێوی ژیانی خه ڵکی وه ک چه کێکی دژ به ئامانج و
داواکاری یه کانی خه ڵک به کار نه هێناوه،
که دیاره له جێ ی خۆیدایه تی بڵێین به عس ڕه فتاره کانی نێو ده سه ڵاتی کوردی ئه بێت
وه ک خائین و نیشتمان فرۆشان دادگای بکرێن،
له هه مان کاتیشدا داواکارم گه نجه بوێره کانی نیشتمان بۆ زیاتر ڕیسواکردنی ئه م ده سه
ڵاته گه نده ڵه، هه مان شێواز سه ریان بتاشن.تەنها لە بەر ئەوەی لە فەیسبوك بابەتێکی
داگرتووه باس لە نەهامەتی و نەداری و بێ موچەیی خۆی دەکات

Fathulla is with **Araz Chwar Baxy** and **5 others** at **Stortinget.**
September 30, 2016 · Oslo, Norway ·

ئێستا گردبونەوەیەکی ١٠ کەسی (بە وێنەگرەکەوە )
لە بەردەم پەرلەمانی نەرویژ

هەمیشە ئەوانەی کە بوێر و خاوەن هەڵوێستن بە ژمارە کەمترن لەوانەی کە لە ماڵەوە پاڵیان داوەتەوە و باسی ئازادی و کوردایەتی و مرۆڤایەتی ئەکەن
بۆ پشتگیری لە کاک هێمن بنەسڵاوەیی و دەنگ و رای ئازاد لە هەولێری پایتەخت . وەک هەڵسوراوانی گۆڕان لە نەرویژ لەبەردەم پەرلەمانی نەرویژ کۆبوینەوە ...
دیارە بە ژمارە زۆر نین بەڵام دەنگی نارازی زۆرە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان
. هەندێک کەس بە شێوازی تر دەنگی نارازی خۆی دەرئەبڕێ و خۆی ئاشکرا ناکات
هەر ڕۆژی ستەم کۆتایی هات لە پایتەخت و زۆردار و مافیا و گەندەڵ گیریان کرد لە بەندیخانەکان وە دیمۆکراتی و دادپەروەری و ئازادی ڕاستەقینە گەرایەوە پایتەخت ،، مرۆڤە جوانەکانی سەر شەقام دەرئەکەون
ئاسۆ کوردستانی . نەرویژ



**درەو مهدی**

September 27, 2016 ·

* پارتی لە هەولێر خەڵک ئاوا لێدەکات و هەندێک
گۆرانخوازیش کەوتونەتە تۆمەت دروستکردنی بێ بنەما بۆ "هێمن بنەسڵاوەیی"!.
داوەشێن، بەخۆشیان دەڵێن گۆڕانخواز.
* ئەم گەنجەش لەسەر پۆستێکی لەسەر هەڵوسڕاوەکەی گۆڕان لە هەولێر کە دوێنێ سەریان تاشی، ئەمشەو ئاوا فەلاقەکرا.



**Omer Badanaey;عمربادانەیی**

**Like This Page** · September 29, 2016 ·

سەرتاشین؛
بۆپشتیوانی هێمن بنەسڵاوەیی،
بۆپشتیوانی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان،
دژی برسی کردن و قوتبڕینی خەڵکی کوردستان ،
دژی ناتەبایی هێزە سیاسیەکان،
دژی دزین و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی میللەت،
دژی بێدەنگی پارتەسیاسیەکان.
عمربادانەیی



بانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە is with **Luqman Hawrami** and **8 others.**

· September 29, 2016

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ: 2016/9/29
لە باخی گشتی هەڵەبجە.
گردبونەوەیەکی نارەزایمان بۆئیدانە کردنو سوکایەتیکردن
بە هێمن بنەسڵاوەیی



فهمي مهندس

September 28, 2016 ·

سەرو برۆ تاشینی پێشمەرگە گەنجەکە کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە
مەریوان وریا قانع :ئەوەی پارتی کردویەتی نیشانەی عەقڵی بۆگەنی ئەو هێزەیە"
2016-09-27

نوسەر و رۆشنبیری دیاری کوردسان مەریوان وریا قانع وەك پشتگیریەك لە ئەتکردن و سەرتاشنی پێشمەرگە گەنجەکەی هەولێر لەلایەن پارتیەوە وێنەی پرۆفایلی فەیسبوکەکەی گۆڕی بۆ وێنەی هێمن بنەسڵاوەیی و نوسیویەتی " من هێمنم شانازی بەسەرتاشینمەوە دەکەم" هەر لەو بارەیەوە مەریوان نوسیویەتی" لە هەر شوێنێکی دونیادا کەرامەتی مرۆڤێک بشکێت، وەک ئەوە وایە هەمووومان کەرامەتمان شکابێت...یەکەمجارە لە ژیانمدا هەستبکەم بەم ئەندازەیە لە کەسێک نزیکم...کاک هێمنی ئازیز، سەری تۆش سەری ئێمەیە، سەری هەموو مرۆڤێکە کەسێک ڕێزی خۆی و ڕێزی ژیان و ڕێزی بیر و بۆچونەکانی بگرێت..ئەوەی پارتی بە ئێوەی کردوە، نیشاندەری ئەو عەقڵیەت و خەیاڵە بۆگەنەیە کە ئەم هێزە هەڵیگرتوە."
مەریوان وریا قانع :ئەوەی پارتی کردویەتی نیشانەی عەقڵی بۆگەنی ئەو هێزەیە"






عەبدولرەحمان عەلی رەزا

Like This Page · September 27, 2016 ·

پەیوەندیمکرد بە هێمن بنەسڵاوەیی ، چی پێ ووتم ؟

کەمێک پێش ئێستا تێلێکم بۆ هێمن بنەسڵاوەیی کرد بەمەبەستی ئاگاداربوون لێی ، هێمن ووتی ؛
کاتێک کە لەهەولێر خۆم وکوڕەکەمیان دەستگرکرد ، دوای لێدان وسوکایەتیکردن پێمان لەهەولێرەوە هێنایینیان بۆ بازگەی شێراوەی نزیک پردی ، لەوێش زۆر سوکایەتیان پێکردین وئازارییاندایین ، بەوەشەوە نەوەستان قژوبرۆیان بڕیم و وتیان تۆ نابێت لەهەولێر بیت ، تەنانەت وتیشی بڕی ٨٩ هەزار دینارم پێ بوو لێیان ستاندم و وتیان با بە سەیارەش نەڕۆیت و بێ پارەبیت ، هێمن وتیشی لەهەمووی سەیرتر پێشیان وتوم دەبێت لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا هەولێر چۆڵ بکەیت وماڵیشت باربکەی ولەهەولێر نەمێنیت ، ئەمە لەکاتێکدایە نەک هێمن هەرخۆی باوکیشی هەولێرین ونفوسیشیان سەیداوای هەولێرە .
هێمن وەک ناوەکەی خۆی پێشمەرگەیەکی هێمن بوو تەنها تاوانی هێمن لای دەسەڵاتداران ئەوەیە کە قسەی هەق دەکات و قسەی هەقیش لای دەسەڵات دیارە ڕەقە .
ئێستا هێمن لەشارەکەی خۆی سنورداش کراوەوشار بەدەرکراوە.
بۆیە ئەمەی لەم مەملەکەتە دەگوزەرێت هیچ پێناسەیەک هەڵناگرێت ودەرکەوت ئەمە ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمەیە .

ـ عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا




**Rawa Saleem**

September 27, 2016 ·

سەر شۆڕی و ڕسوایەتی و شکانی سومعەی کورد بۆ سەدەیەک بەدەستی سەرانی زاڵم و کورسی پەرستی ئێستاو بنەماڵەی بارزانی ڕودەدات،ئەم کارە قێزەونەی پارتی کردووەیەتی بە دەستی کۆیلەکانیان بەرامبەر هەڵسوڕاوێکی گۆڕان،هەموو سنورێکی ئەلاقیان بەزاند،من بە کاکە هێمن بنەسلاوەیی ئەڵێم کۆشکی زوڵمی ئەو زاڵمانە هاتۆتە لەرزین بە ئیرادە بەرزەکەی تۆ بەیە خۆیان ناوێرن ئەو کارە بەرامبەر بەڕێزت بکەن بەڵکو بە دەستی کۆیلەکانیان بۆ ئەیکەن لەپای دەست لەپشت دانێکی گەوادی،من ئەڵێم واز لە موچەو قوت بهێنن با سومعەو کەرامەتمان کۆکەینەوە لە دەرەوەی وڵات کە بەدەستی ئەم بێشەرەفانە لەکەدار بووە و کەباسی کورد و حوکمی کورد ئەکەین بیانیەکان تفمان لێ ڕۆدەکەن،سەدام و ڕێژێمە زاڵمەکانی عێراق نەیتوانی کەرامەتی کورد بشکێنێ ئەم بێشەرەفانە کردیان،بەردەوام ئەبین سەرکەوتنی بەرەی گەل زۆر نزیکە...






Shazad Jamal

· September 29, 2016

((مووی سەر و برۆ ئەگەر بتاشرێت هەر ماوەیەکە و دێتەوە، بەلام عەقڵیەتی مرۆڤ (ئەگەر قەناعەتی بۆ دروست نەکرێت)، (هەرگیز) بەزۆر ناگۆڕێت)) هێمن بنەسڵاوەیی- بە زیادکردنی ناو کەوانەکان -



**Awder Halonai**

September 28, 2016 · City of Bradford, United Kingdom ·

پاش ئەوەی قائیمقامی چەمچەماڵ لە پەیامێکدا داوای کرد هەموکەسێك سەر و برۆی بتاشێت
بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگەیە دڵی نەرەنجێت ئەمڕۆ بۆخۆشی ئەو کارەی ئەنجام دا.
ئاوێنە: ئامانج کەساس جەباری قائیمقامی چەمچەماڵ چەند وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە
تێیدا بەشێکی سەری خۆی تاشیەوە ئەمەش پاش ئەوەی داوای لە خەڵکی کردبوو هەمان کار
بکەن.
قائیمقامی چەمچەماڵ رایگەیاندوە کە لە سێ قۆناغی ژیانیدا سەری تاشراوە کە یەکێکیان لە
لایەن بەعسەوە بووەو ئەوی دیکەیان لە خولی ئەفسەرانی ئاسایش و سێیەمین جاریش لە
پێناو کاك هێمن دا بووە”
ئەمەش پاش ئەوە دێت کە لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە، لەسەر کۆمێنتێك سەر و برۆی هێمن
بنەسڵاوەیی وەك ئەتك کردنێك تاشرا.




**Mohammed Qadir**

September 28, 2016 ·

هێمن بنەسڵاوەیی نمونەی شکۆی نەتەوەك لەهەر بۆنەو دانیشتنکدا ئەوەی سەرۆك خێڵ و سەرۆکی ماڤیای پارتی پێمان دەفرۆشێتەوەو گوێی هەموومانی کاس کردووە شانازیکردنە بە پێشمەرگەو قارەمانیەتی پێشمەرگەیە کە هەموو ڕۆژێك ژیانی خۆیان دەکەن بە قوربانی لە پێناو پاراستنی کەرامەتی انسانی کورد کەچی زۆر بێشەرمانە چەتەکانی حیزبە خێڵەکیەکەی بارزانی دەیانەوێت شکۆی پێشمەرگەیەکی هەژاری وەك کاکە هێمن بنەسڵاوەیی بشکێنن بێئاگا لەوەی نەك نەیان توانی شکۆی بشکێنن و ویژدانی بکڕن بەڵکو ئەوانە شکۆی خۆیان و سەرۆکەکەیان شکاند و ڕووی ڕاستەقینەیان بۆ ئەوانەش دەرخست کە نەیان دەزانی باسکردن و پیا هەڵدانی سەرۆکی پارتی بە پێشمەرگە جگە لە خەڵەتاندن و درۆیەکی گەورە هیچی تر نییە وە کاکە هێمنیش دەبێتە ڕەمزی سەربەرزی و نمونەی خۆڕاگری و شکۆی ئینسانی کورد٠ بۆیە گرنگ نییە کاکە هێمن لایەنگری چ حیزبێکی سیاسیەو انتماو بیرو باوەڕو ئاینی چییە بەڵکو ئەرکی هەر مرۆڤێکی بە ویژدانی ئەم وڵاتەیە ئەرکی هەموو ئەو لایەنانەیە کە باس لە ئازادی و مافی مرۆڤ دەکەن چیتر لە بەرامبەر ئەو بێڕێزیانەی بەرامبەر کاکە هێمن کراون ڕۆژان پارتی بەرامبەر کەرامەتی ئینسانی کورد دەیان کات بێدەنگ نەبن چونکە هەر ئەم بێدەنگیە بوو وایکرد پارتی کوردستان بەم ڕۆژە بگەیەنێت هەر ئەم بێدەنگیەشە پارسەنگی بۆ پارتی ڕاگرتووەو ئەو هەموو نەهامەتیەیان بەسەر ئەم میللەتە هێناوە٠

[Standard Kurd](#)

September 28, 2016 ·




قایمقامی چەمچەماڵ بۆ پشتگیری (هێمن بنەصڵاوەیی) سەری خۆی تاشی

قایمقامی چەمچەماڵ بۆ پشتگیری لە پێشمەرگەکە کە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە سەری تاشرا، سەری خۆی تاشی و ڕایگەیاند هاوسۆزی پێشمەرگەکەن.

ئامانج محەممەد، قایمقامی چەمچەماڵ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەند وێنەیەکی خۆی بە سەرتاشراوی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند" هیوادارم وەزیری پێشمەرگەی ئێستا لێکۆڵینەوە لەو بابەتەوە بکات".

ئامانج محەممەد، ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەو کارەی وەک خۆی کردووە نەک وەک قایمقامی چەمچەماڵ.

قایمقامی چەمچەماڵ ئەوەشی ئاشکراکردووە کە لە سێ قۆناغدا سەری تاشراوە، یەکەم لەسەردەمی بەعسدا و دووەم لە خولی ئەفسەرانی ئاسایش و سێیەم جار لەپێناو هێمن بنەسڵاوەی پێشمەرگە.

شەوی ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١٦، هێمن بنەسڵاوەیی لە هەژماری خۆی لە فەیسبوک وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە سەر و بڕۆی تاشرابوو، وەک خۆی ئاماژەی پێکردبوو، لەبەر ئەوە وایان لێکردووە کە ویستوویەتی بەشداری خۆپیشاندان بکات لەشاری هەولێر، بەڵام دواتر لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا لەماڵەکەی خۆی لەبنەسڵاوە فرێندران، و پاشان سەرو بڕۆی تاشراوەو بەرەو شاری کەرکوك ڕەوانەیان کردووە.



ڕوداوەکان و هەڵوێستەکان
September 27, 2016 ·
Like Page

پارتی خەڵکی ئەتک کرد یان خۆی ئەتک کرد
هێمن بنەسڵاوەی لەلایەن بەڵتەجیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دوای ئەوەی دەیفرێنن دواتر برۆو سەریان ئەتک کرد . رەنگە هێمن بنەسڵاوەیی نیگەران بێت لەم کردەوەی پارتی ، بەڵام دەمێت هیچ نیگەران نەمێت و بگرە لای ئاسایی بێت کە کەوتۆتە دەست کۆمەڵێک شەلاتی و تفەنگچی بێ رەوشتەوە کە بەنیازن بەم جۆرە ئەتکی بکەن سەرو قژی . من دڵنیام هێمن بنەسڵاوەیی ئەتک نەکراوە بەڵکو پارتی خۆی بەدەستی خۆی ئەتک کردوە و خۆی ریسواو شەرمەزار کردوە چونکە کردەوەکانی لەبەرامبەر نەیارانی سیاسی خۆیدا بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات . ئەم کردەوەی بەڵتەجیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندەی دیکەی ئەو حیزبە بەعس ئاسایە ریسوا کرد . هێمن عەبدول خالق ناسراو بە هێمن بنەسڵاوەیی کەسێکی نازاری بە دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەفەری پارتی نارازی بوو بۆیە پارتی بەعس ئاسا پەلاماری داو بەم کردەوەیشی خۆی ریسواو شەرمەزار کردو هێمن بنەسڵاوەییش سەربەرزرو خۆشەویستە لای خەڵک و پارتی ریسواو شەرمەزاری لای خەڵکە ...

رۆژ عەزیز



Close



Timeline Photos

Options

Send in Messenger

**Like**Show more reactions

**CommentShare**






لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی لە راپەرین

Like This Page · September 27, 2016 ·

پارتی خەڵکی ئەتک کرد یان خۆی ئەتک کرد
هێمن بنەسڵاوەی لەلایەن بەڵتەجیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دوای ئەوەی دەیفرێنن دواتر بڕۆو سەریان ئەتک کرد . رەنگە هێمن بنەسڵاوەیی نیگەران بێت لەم کردەوەی پارتی ، بەڵام دەبێت هیچ نیگەران نەبێت و بگرە لای ئاسایی بێت کە کەوتۆتە دەست کۆمەڵێک شەلاتی و تفەنگچی بێ رەوشتەوە کە بەنیازن بەم جۆرە ئەتکی بکەن سەرو قژی . من دڵنیام هێمن بنەسڵاوەیی ئەتک نەکراوە بەڵکو پارتی خۆی بەدەستی خۆی ئەتک کردوە و خۆی ریسواو شەرمەزار کردوە جونکە کردەوەکانی لەبەرمابەر نەیارانی سیاسی خۆیدا بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات . ئەم کردەوەی بەڵتەچیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندەی دیکەی ئەو حیزبە بەعس ئاسایە ریسوا کرد . هێمن عەبدول خالق ناسراو بە هێمن بنەسڵاوەیی کەسێکی نازاری بە دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری پارتی نارازی بوو بۆیە پارتی بەعس ئاسا پەلاماری داو بەم کردەوەیەشی خۆی ریسواو شەرمەزار کردو هێمن بنەسڵاوەییش سەربەزرو خۆشەویستە لای خەلک و پارتی ریسواو شەرمەزاری لای خەڵکە ...

رۆژ عەزیز




**Ibrahim Shekh Sharafi**

September 29, 2016 ·

هێمن بنەسلاوەیی گاڵتەی بە سەر و برۆتاشینەکەی دێت و بە بزەو خەندەوە دەڵێ؛
"ئەی عەقڵی ئەو ئازادیخوازانەی هەولێر چی لێ دەکەن؟"

فشە پێهاتنی بەو حەرەکەتە کە ئەنجامدەرانی وەک "ئەتککردن و سووکایەتی پێکردن" پەنایان بۆ بردووە...خاڵێکی بێ ئەندازە گرینگ و سەرنجڕاکێشە و نیشاندەری ئیـرادە و گۆڕانکاریەکی یەکجار جددییە.

لە هەولێر خۆپێشاندان نەکرا و منـدار و پاریش دەزانن قەمع و داپڵۆسین ڕێگر بوون. لێ بێگومان درەنگ یان زوو، ڕۆژێک دادێ ئەو تورەی و بێزارییەی پەنگی خواردۆتەوە دەتەقێتەوە بە ڕووی ئەوانەی دەهۆڵی کوردایەتی و سەربەخۆیی لێدەدەن و ڕێک لە هەمان کاتیشدا دەکەونە وێزە و لێدان و ( بە بیری پیس و گەمژانەی خۆیان) "سوکایەتی پێکردنی" ؛ پێشمـــەرگەیەکی بـــێ معاش
کە بە ئەگەری زۆر شەری داعشیش دەکا...

ئەو هەڵوێستەی هێمن خۆی بە تەنیا "خۆپێشاندانێک" بوو!!



**Hardy Ahmad**




ئەمڕۆ ٢/١٠/٢٠١٦ وەك گروپێك لە ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی سلێمانی سەردانی کاك (هێمن عبدالخالق)مان کرد لە نوسینگەی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی ، لەلایەن (د.تاڤگە سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی لە پەرلەمانی عێراق پێشوازی کراین ،

مەبەستی سەردانەکە ئیدانەکردنی ئەو کارە نامرۆڤانەیە بوو کە دەرهەق بە هێمن کرابوو لەهەمان کاتیشدا پشتیوانی کردن لە کەیسەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەڕێگەی یاداشتێکەوە ،

گومان لەوەدا نیە کە کاك هێمن یەکەمین قوربانی نیە کە ئەو کارە قێزەونەی بەرامبەر کرابێت بەڵام دەتوانرێت دوا کەس و کۆتا بێت لەوەی گوشاری جدی بخرێتە سەر ناوەندە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان لە دوبارە نەبونەوەی ئەو جۆرە کردەوانە ،

گرنگترین داواکاری کاك هێمن ئەوەبوو کەیسەکەی بە حیزبی نەکرێت.

— with Hazha Salar and 7 others.





**Tree Muhamad**

٢٦ كانون الثاني ·

حەزەکەم **#حاڵی_دڵم** بەتۆ بڵێم
لەبارەی دڵەوە هەواڵێکم گوێ لێبێت

**#حافزی_شیرازی**

ئەکیڤمان خراپە





**Aso Fathulla** مع **هيمن بنسلاوه** و**7 آخرين** في **Storting building**.

٢٩ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٣:٢٥ • أوسلو •

بۆ شەرمەزارکردنی ئەو کردەوە قێزەونەی بەرامبەر بە هێمن بنەسڵاوەیی کرا وەک سوکایەتیی پێکردنێک سەری تاشرا و پاشان لە هەولێر دەریان کرد

رەوەندی کوردی لە نەرویژ گردبوونەوەیەک ساز دەکات بۆ ئیدانەکردنی ئەو کردەوەیە و شەرمەزارکردنی سوکایەتیکردن بەتاکی کوردی و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان

ڕۆژی هەینی 30/09/2016 کات 18.00

شوێن بەردەم پەرلەمانی نەرویژ ـ ئۆسڵۆ

بەشداری هەموان نیشانەی دڵسۆزیتانە بە تاکی کورد و پێشمەرگە





**هێمن سێکانی** مع **هیمن بنسلاوه**.

٢٩ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٩:١٣ •

له زێدو خاکی خۆم بۆ کوێ
بۆچی برۆ و قژمه تاشن !!!

من پێشمەرگەی گەل وخاکم
ئێوه زۆڵه کوردو کۆنه جاشن !!!

له ئاست بێگانه بوو ده ڵه و
له ئاست خۆمان زۆر هه راشن !!!

ڕیمید کۆنترۆڵی ده ستی
السعود و مام قارداشن !!!

حوکم و یاسای دارستانه
به ره و دواوه په نته ڕناشن !!!

هیمن سیکانی ٢٠١٦/٩/٢٩



اكتب تعليقًا...

GIF

**به ختيار راستى ◀ هيمن بنسلاوه**

٣٠ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١١:٢٥ •

ئەو بیست وچوار کاتژمیرەی سلیمانی
کە بە خۆپیشاندان هەژا
هەولیر بە رۆلەکەی ( هیمن بنەسلاوەیی) و
بە چنگی تاوانی دەسەلات
دلی گشت کوردیکی
ئەم کوردستانەی پی هەژا !
سلیمانی و هەولیر
دوو خرۆکەی سوورو سپین
لەناو خوینی دلی یەک و
جەستەی خاکدا
بی یەکتر هەرگیز هەرگیز
سلیمانی و هەولیر
دیجلەو فوراتی ئەم ولاتەن
پیکەوە
ژیان مانا دەکەن .....
((((بەختیار راستی ))))



اكتب تعليقًا... GIF

**Ragaz K. Hama Ali** مع **هيمن بنسلاوه**.

٢ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:٤١ •

ماڵپەری ١٧ی شوبات، راپۆرتی ڕێکخراوی CPT بەزمانی کوردی بلاودەکاتەوە کەلەرۆژی هەینی ٣٠ سێپتێمبەر، ڕێکخراوی سی پی تی چاوپێککەوتن دەکات لەگەڵ هێمن عبدالخا... متابعة القراءة





**Ayhan Saeed** مع هيمن بنسلاوه.

٩ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٦:٥٠ •

مة بةحس لاوازيا رولي بةرلةمانتاران كر.
روينشتنةك دكةل دكتور ئةمين بةكر بةرلةمانتاري عيراقي و كاك هيمن بنسلاوة بيشمةركةيي هةولير و كاك محمد توركماني.



Kaka Nawa Sarkrdai Xaki مع هيمن بنسلاوه.

١١ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٣:٤٥ •

برای ئازیز هەڵسوڕاوی دیار و پێشمەرگەی قارەمان و قوربانی دەستی مەلا مستەفا و نەوەکانی کاک هێمن بنەسڵاوە بۆ یەکجاری لە شاری سلێمانی دەمێنێتەوە... هاوڕێیان هەموتان بەخێرهاتنی لێ بکەن، بەخێر بێیت بۆ شاری سلیمانی کاکە هیمن گیان...





کان **Nechir Lattif** مع **هيمن بنسلاوه.** •••
١٢ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٠:١٤ •

کاک هێمـن بنەسڵاوەی..
باوەڕبکە لەیەکەم ڕۆژەوە کە ئەو کارە نەگریسیەیان بەرامبەر جەنابت ئەنجامدا، نەمتوانی ووشەیەکش بنوسم ، یانی هێندە خۆم بە پڕ ئەبینی نەمئەتوانی بۆ چرکەیەک دەری بڕم چونکە ئەوەی جەلادە و کورد کوژ و هێزە نانیشتیمانیەکەی هەولێر بەتۆیان کرد تەعدا بوو لە شکۆی پێشمەرگە لە کەرامەتی کورد لە کوشتنی ئازادی و ڕای جیاواز

بەداخم ئەمڕۆ کە بینیم پایتەختی داگیرکراو بۆ دووم جار لەتۆ داگیرکراوە و ماڵت هێنایە سلێمانی هێندەی ئاوکاتە شومە پڕبوومەوە هەست ئەکەم ئەوەی پیرۆزیمانە لە ژێر پۆستاڵی تیرۆریستێکە هەست ئەکەم خوێنی شەهیدەکانمان لەناو پێکی جالادێکە هەست ئەکەم بێحورمەتیەکە کە تا ئەبەد نابێ لەبیری بکەین .. نەخێر نابێت لەبیری بکەین پێشمەرگەیەک ئەتوانێت بچێتە بەغداد و بژی نەتوانێت بچێتە هەولێری قەڵاو مەنارە..!

ئەبێت چیتر گوو بکەینە خەباتی درۆینەی ئەو داگیرکەرە قورمیشیانەی کە لای هەر سێ پارچەکەی کوردستان شەرەف و حەیای ئێمەیان برد ، وایانلێکردین نەفرەت بکەین لەو ڕاپەڕینەی کرا نەفرەت بکەین لەو ڕۆژانەی بە درۆی جەلاد و دز باوەڕمانکرد .

**Karwan Ali Mhamad** مع **هيمن بنسلاوه.**

١٢ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ٠١:١١ • السليمانية •

تكا له خه‌ڵكی سلێمانی ده كه م كه به‌هه موو جورێک
یارمه‌تی كاكة هیمن بنة سلاوة   بده ن و ئاگاتان لێی بێت
چونكه كاكه هێمن له هه‌ولێر خاوه‌ن كه سایه‌تی یه‌كی به
هێزو دڵسۆزو بوێر بوو ئێوه ش چاک ده زانن كه سانی ئه
وها له هه‌ولێر جێگایان نابێته وه ته‌نها ماستاو چی و كۆیله
نه بێت له گه‌ڵ رێزم بۆخه ڵكی سلێمانی ئێوه جێگای شانازی
ئێمه‌ن .......... كاكة هیمن ئةو بیشمةركَة قارةمانة بوو كة
بارتی لة هةولیر سوكایةتی بیكارة  .. نةفرةت لة دكتاتور
نةفرةت لة مافیا



**Farman Rashad**

١٢ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٢:٤٣ •

هەقە ئەو وێنەیەی ماڵی **هیمن بنسلاوە** بکرێتە وێنەی ساڵ، دوای ئەوەی خۆیان بردە ئەو دیو پردێ ئێستا مەڵەکەشیان پێ گواستەوە. ئەوە بەسە لۆ ئەوەی تێبگەی لە هەولێر چ دەگوزەرێ.

زۆر جار ئەو قسەیە بەئێمەش دەگوترێ کە ئەگەر ڕازی نین دەتوانن بچنە سلێمانی، وەک ئەوەی ئەوان خاوەن ماڵ بن ئێمەش میوان.

هەولێر کە ماڵی خەڵکی بێ نەوایە و شاری غەریبانە، کەچی ئێستا تەنگ بەخەڵکی شارەکەش هەڵدەچنن.

ڕۆژ نیە سەد جار بەو کارە قێزەونانەی دەسەڵات هەست بەئیهانە و سوکایەتی نەکەم.



**Kamaran Hamawandi** مع **هيمن بنسلاوه.**

١٣ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:١٩ •

هيمن بنسلاوه ى وته ى ئاسايشي هه ولير به درۆ ده خاته وه كه كوايه هيمن نه بيشمه ركه يه و نه سه رو برۆيشى تاشراوه ده سه لات داران هه ميشه ده يانه ويت به سيناريۆ ميلله ت فريوبده ن به لام هيمن به به لكه وه وه لامى ئاسايشي هه وليرى دايه وه .حه قه وينه ى ماله كه ى هيمن بنسلاوه ى له له سه ربه رتوكى كتيبه كانى خويندن جاب بكريت بۆ ئه وه ى منداله كانمان بزانن ده سه لات جى كردووه به رامبه ر به هاولاتيانى ولاته كه ى .





**Goran Omar** مع **هيمن بنسلاوه**.

١٤ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٨:٥٣ •

به ريوه به ری ئاسايشی هه و لير بؤ ده نكی ئه مريكا   هيمن بنه سلاوه يی بيشمه ركه نی يه و  سه رو برؤيشی نه تاشراوه

تؤبليی  كاك هيمن نوينه ری نياز باكی بارتی نه بيت بؤبيكه وه زيانی ئاشتيانه له سليمانی   ئيمه نه مان زانيبيت   هه ی يه خنيش جه نابی به ريوة به ر



**سەرچل أنور صالح** مع **هيمن بنسلاوه** و **Alediya Sarchl**.

٢٠ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٠:٣٣ • السليمانية •

له گه ل هاوريى زور خوشه ويست كاك هيمن بنسلاوه له گرده كه



**Halo Karem** مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٠ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٤:١٢ •

بەڕێزان کاک فەرامۆش و کاک هێمن



تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة **Hallkawt Garmyane** — مع **هيمن بنسلاوه**.

١٠ ديسمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:٣٥ •

کی سوکایه تی به بیشمه رگه کرد ؟ سروه یان ئیوه



**هيمن بنسلاوه**

٢٥ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٠:١٥ •

لەگەل کاک ئامانج قایمقامی چەمچەمالی خۆشەویست له پیشوازی ئیمه له بازگەی تاسلوجه سوپاسی هەلویستی بەریزی دەکەم



١٬١٦٧ ٢٠٢ تعليق • ١٠ مشاركة

**Aram Jalal** مع **هيمن بنسلاوه.**

٢٩ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ١٦:٣٥ •

پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بوێر وویستی خەواڵوەکانی دوبەی بەئاگا بێنێتەوە لەو خەوە قوڵەی تێیدا دەژین داوای سەرەتایی ترین مافی خۆی و ئەوانەی ئەکرد لەسوڕی مت بوندا دەژین بەو شێوەیان لێکرد کەبینیمان دواتر شار بەدەریان کرد .

بەڵام جەنابی شێخ تادوێنێ بوو هەڕەشەی ئەکردو پشتگیری خۆی و خێڵەکەی بۆ داعش دوبات ئەکردەوە ئێستا لە دوبەی نیشتەجێ یە .





**Esa San Knn** مع **هيمن بنسلاوه**.

٣١ أكتوبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:١٣ •

امرؤ كردى بيرؤز لةكةل كاك هيمن بنةسلاوةيى
31/10/2016 سوباس بؤ كاك مؤفق بؤجركاندنى وينةكةى



**Salar Saber** مع هيمن بنسلاوه.

١٧ نوفمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:٥٣ •

زۆر دڵخۆشبووم بە بینینی کاکە هێمن بنەسلاوە. ئەمرۆ لە سلێمانی



**Rabar Akoiy** مع هيمن بنسلاوه.

٨ ديسمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:٢٠ •

ئەو پێشمەرگەیەی ئاسایشی پارتی سەرو برۆی تاشی
ئەمە سوکایەتی کردن نیە بە پیشمەرگە !!



**Halo Karem** مع هيمن بنسلاوه.

١١ ديسمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٨:٤٩ •

کاتیک کەبەڕاستی سوکایەتی بەپێشمەرگەکرا
کەسەروو برۆی تاشرا ، بۆکەس خۆپیشاندانی نەکرد
خێرەئێستاکۆمەڵێ کۆیلەی هیچ و پوچ دێن دژی قسەیەکی
حەقی خاتوسرەوە وەک سەگ دەوەڕن ،



**Awat Muhamad Karim** مع **هيمن بنسلاوه**.

١٤ ديسمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٥:٢٢ • السليمانية •

برام ئەو ڕۆژە شکۆی پێشمەرگە شکا کە ئەو زوڵمەیان لە تۆ کرد بەڵام ئێستا تۆ سەربەرز و ئەوانەی وایان لە تۆ کرد سەرشۆڕ



تمت إضافة 4 صور جديدة بواسطة **Hawre Kurdy** — مع **هيمن بنسلاوه** و**2 آخرين**.

١٧ ديسمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:٥٣ •

ئه مرۆی شاری هه ولیر
له کۆنفرانسی بته و کردنی ئازادی راده ربرین .که له لایان ریکخراوی ئاشتی و ئازادی ریکخراو بوو .تیایدا رابۆرتیك سه باره ت به دۆخی رۆزنامه نووسانوو. کاری ریکخراوی وه ئه و ئاسته نکیانه ی که دیته به رده م جالاکوانی کۆمه لکای مه ده نی .وه که یسی تیرۆر کردنی رۆزنامه نووسان . له که ل به شیك له هاوریانی خۆشه ویست ...



**هیمن بنسلاوه**

١٣ فبراير، ٢٠١٧، الساعة ١٨:٤٧ •

خۆشحاڵ بوم بە سەردانی کردنی بەریزان Rezhiar Fakhir Latif Hars Julie Brown le CPT بەئامادەبونی کاکە دانا ٢٠١٧/٢/١٣ ریکخراویکی نیودەولەتیە لە بواری مافەکانی مرۆڤ کار دەکەن لە زۆربەی ولاتان



**Karwan Ahmad Salh** مع **هيمن بنسلاوه.**

٢٦ فبراير، ٢٠١٧، الساعة ١٢:١٥ •

من منالم کوژرا دەربە دەر کرام لە ژن و منالم درا کەسیک
نەبوو لە بەرپرسانی بالای هەمو حیزبەکان بەیانناmەیەک
دەربکات ئیستا بۆ پارتیەک هەمویان مجامەلەی پارتی دەکەن
و بەیاننامە دەردەکەن هەرچەندە هەمومان مرۆڤین کوژرانی
هەر مرۆڤیکی بی دەسەلات غەمبارم دەکات بەلام
مجامەلەکردن هیچ ئومیدیک ناهیلیت کە بتوانن رابەرایەتی
خەلک بکەن مەبەستم بەرپرسانی بالای حیزبەکانە
هێمن بنەسڵاوەیی





**Halgurd Mahmood** مع **هيمن بنسلاوه.**

٢٦ فبراير، ٢٠١٧، الساعة ١٤:١١ •

هيمن بنه سلاوه يى ده ليت..
من منالم كوژرا دەربه دەر كرام له ژن و منالم درا كەسيك نەبوو له بەرپرسانى بالاى هەمو حيزبەكان بەياننامەيەك دەربكات ئيستا بۆ پارتيەك هەمويان مجامەلەى پارتى دەكەن
و بەياننامه دەردەكەن هەرچەنده هەمومان مرۆڤين كوژرانى
هەر مرۆڤيكى بى دەسەلات غەمبارم دەكات بەلام مجامەلەكردن هيچ ئوميديك ناهيليت كه بتوانن رابەرايەتى
خەلك بكەن مەبەستم بەرپرسانى بالاى حيزبەكانه





تمت إضافة 3 صور جديدة بواسطة **Kamaran Hamawandi** — مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٦ فبراير، ٢٠١٧، الساعة ١٩:٠٣ •

کــاتیک هـیمن بنـه سڵاوه ی و سـه ریان تـاشی و خـۆی و ماڵ و منداڵی شــاربه ده رکران .
کــاتیـک پـاریـزه ر Soran Mohamad Ghareeb مه له فـی کـه نده ڵـی هـه ڵدایــه وه خــرایــه زیـندانـه وه .
کاتیـک شــوکر زه یـنـه دین .خـاوه نـی 9منداڵ بــوتـیرۆریـان کـردو دواتــر سیناریـوی درۆیان خـسته کـار وتـیان بـه راز قـه پـی پـیاکردووه.ئـه وه بــۆ یـه کیـک نـه بـوو بـه یـاننامـه یـه کـی هـاوخـه مـیان بـوده ربـبڕیـت ئــیستا هـه مـووتان هـه رخـه ریکـی بـه یـاننـامه ن ئـه م خـۆ بـه کـه مـزانینـه تـان لـه چیـه ؟





**یادگار گوڵانی**

٦ مايو، ٢٠١٧، الساعة ١٧:٣١ •

پاش نیوەڕۆی 6/5/2017 لە ماڵی برای بەڕێزم کاک( **هیمن بنسلاوە** ) لەشاری سلێمانی .



**Yousif Anwar** مع **هيمن بنسلاوه.**

١٦ أغسطس، ٢٠١٧، الساعة ١١:٠٧ •

ئێستا لەشاری سلیمانی لەگردەکە سەردانی هاوڕیی خۆشەویستم کاک **هیمن بنسلاوە**م کرد



**Hemn Karim** مع **هيمن بنسلاوه.** •••

١٥ مارس، الساعة ١٥:٣٢ •

ئاخر کورد هەر خەریخی خۆ خۆرین ئەم پێشمەرگەیە چی کردبوو لە هەولێر دەریان کردوسەرو قژیان بۆ سەقەت کرد ئاخر تاکێک پێڵاوی ئەم پێشمەرگەیەهەموو ئەم پولیسە عرەبانە ناهێنێت





**Bahman Ahmed** مع هيمن بنسلاوه.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٣:٣٥ •

با پارتییەکانی سلێمانی وەڵامی ئەم کردەوەیەی حزبەکەیان بدەنەوە!!! ، دەپرسم ئێستا تێگەشتن هیچ شتێك لای پارتی پیرۆزنییە، تەنانەت پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان و پەرلەمان و خاك و نیشتیمانیش؟؟؟؟؟؟

ئەم پێشمەرگەیە لەلایەن هێزێکی پارتییەوە رفێنراوە و سوکایەتی پێکراوە، تەنها لەبەرئەوەی چەند پۆستێکی لە فەیسبوك کردووە و بەدڵی ئەو حزبە نەبووە!!



أعجبني تعليق مشاركة

**مام بێستون** مع **هيمن بنسلاوه**.
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٩:١٧ •

ئەوەش وێنەی ئەو پێشمەرگە یە بە ناوی
هێمن بنە سڵاوەیی کەلەهەولێر سوکایە تیان

پێکرا سە رو بڕۆی تاشرا لە بەرچی وبەهۆی
چیەوە ؟؟؟لەبەرەوەلە فە یسبوکە کەی خۆی

ناڕەزایی ؟لەبەر بێمو چە یی وئەوقیرانانە
دەر بڕ یوە ئەوە هکارە کەیە تی ؟؟؟

بە ڕاستی عە یبە یە دیفاع کردن
لە بە ر پرسو حیزب شە ر مەزار یە !!!

بۆ برای خۆشەویستم کاك هیمن زۆر بە دا خە وە م برات مام
بیستونی گردە کە



تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة **Halo Karem** — مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٩ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠١:٠٠ •

وەک ڕێزێک بۆکاک هێمن بنەسڵاوەی .
کاک هەرێم کاکەی سەری خۆی وەک سەری کاک هیمن لێکرد بەڕاستی ئەم هەڵوێستەی کاک هەرێم بەرزدەنرخێنم دست خۆشی لێدەکەم




٦٩١

١٧ تعليقًا • ٧٠ مشاركات

أعجبني تعليق مشاركة

اكتب تعليقًا...

**Karwan Ahmad Salh** مع **هيمن بنسلاوه.**

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:٥٨ •

مەریوان وریا قانع دەڵێت:
لە هەر شوێنێکی دونیادا کەرامەتی مرۆڤێک بشکێت، وەک ئەوە وایە هەموومان کەرامەتمان شکابێت...یەکەمجارە لە ژیانمدا هەستبکەم بەم ئەندازەیە لە کەسێک نزیکم...کاک هێمنی ئازیز، سەری تۆش سەری ئێمەیە، سەری هەموو مرۆڤێکە کەمەکێک ڕێزی خۆی و ڕێزی ژیان و ڕێزی بیر و بۆچونەکانی بگرێت..ئەوەی پارتی بە ئێوەی کردوە، نیشاندەری ئەو عەقلیەت و خەیاڵە بۆگەنەیە کە ئەم هێزە هەڵیگرتوە...خۆشەویستی زۆرم بۆت.!!




تمت إضافة 4 صور جديدة بواسطة
Halgurd Qasim Kurdi — مع هيمن بنسلاوه.
٢٩ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٣:٥٠
هه مووتان به سه رهاتي ئه م ستايله نؤيه ده زانن بويه
پيويست ناكات باسي له سه ر بكه م
ئه وه يي پيويسته باس بكري ئه وه يه !!!!!!
ده سه لاتيك شكست خواردو... متابعة القراءة
Halo Goran



**مجيد داود** مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٣ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٨:٣٨ •

بۆ جاری دووهەمە ،،،کاک هیمن سزای سیاسی بەدریٚ،،بەدوور خستنەوەی لەدیوانی وەزارەتی پیشمەرگە،،،بۆ خانەقین ئەم برادەرە پیشمە رگەیەکی کورد پەروەرە ونیشتمان پەروەرە بەس تاوانی ئەم برا پیشمەرگەیە ئەوەبو؛؛؛دژی گەندەڵیو ناعەدالەتیبو بویە پارتی سە لماندی کە کەندەڵە وەناعەدالەتیشە بۆیە ئەم برادەیشی سزاداوە؛؛؛؛ ئەم پارتە 60 ساڵە بۆ ئەوەبوە کەبە ئارەزوی خۆیی ناعەدالەتی وەیاساشکێنی؛؛؛؛؛بەس بۆی نارواتە سەر





تمت إضافة 4 صور جديدة بواسطة Shex Ali — مع هيمن بنسلاوه.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٦:٢٩ •

هه مومان هيمنين

هيمن بنه سلاوه ئه و پيشمه رگه يه يه كه خۆپيشاندان و گربونه وه له پيناوماف و بژيوي ژيان و ده سته به ري ئازادي دا به واجبيكي سه رشاني... متابعة القراءة


تمت إضافة 4 صور جديدة بواسطة Komalae Ranjdaran — مع هيمن بنسلاوه.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٣:٣٣ •

ڕەنــج گــۆڕان..
هــەمـومان هيمنين دەسبەرداری ئازادی نابين.
سلاولەگەنجانی ئازادی خوازی گەل،دەسخۆش بۆئەوکارە جوانە،سەرشۆری بۆبنەماڵەی بارزانی وجاشەکانی



**دابان محمد حاجی عارف** مع **هیمن بنسلاوه.**

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٦:٢٧ •

هاوڕێ هێمنی سەربڵند تۆ تەنها سەرت تاشراوە بەڵام ئەوان داماڵراون لە هەموو ئەخلاقێکی مرۆڤایەتی وهەموو کەلتورێکی جوان .....





**Halmat Akram** مع **هیمن بنسلاوه**.

٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٣:٥٢ •

به عەسکەرتاریکردنی هەولێر،
هێماییە ، بۆ ترسنۆکی و بێغیرەتیتان.
کردار و ڕەفتارەکانتان بەرامبەر هێمن،
نیشآنەی ،ئەوپەڕی بێ ڕەوشتی و بێ ئەخلاقیتانە ..!؟



تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة **Hangaw Hashm** — مع **هيمن بنسلاوه**. •••

٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١١:٢٧ •

هاوڵاتیانی بەڕێز
ئازادی خوازانی خۆشەویست
پاش لیکۆلینەوەو ئامادەکاری تەواو لەسەر کەیسی ( هیمن عبدالخالق ) ی پێشمەرگە وئازادی خواز
لە پاش نیوەڕۆوە میدیای گۆڕان بەگشتی و KNN یەتایبەتی قسەی خۆی لەسەر ئەو کەیسە دەکات و ئاراستەی عەرشی دەسەڵاتی دەکات.
خەمخۆری و پشتیوانی ئێوە بۆ ئەم کەیسە جێگەی ڕێزە.



أعجبني      تعليق      مشاركة



**Mezin Selah** مع **هيمن بنسلاوه.**

٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٢:٠٨ •

ستایلی " HEMiN" لۆ نارەزایی وەرزی پاییزی ٢٠١٦



**Shwan Khalil** مع **هيمن بنسلاوه**.
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٩:٣٥ •

تەنها پیلاوەکانی کاك **هیمن بنسلاوه** هەمووی مافیاکان ئەهینیت

سەربەرزی بۆ هاوریی خۆشەویستم بۆ کاك هیمن بەلام جیگەی قبول کردن نیه

تمت إضافة 4 صور جديدة بواسطة **Sara Ali** — مع **هيمن بنسلاوه**.
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٥:١٤ •

وەزارەتی پیشمەرگە و هیزەکانی ٧٠و ٨٠ چ هەلویستیکیان هەیة بو کاك هیمن وەکو پیشمەرگة ؟چونکة ئەوان بەرامبەر ماموستا و مووچەی ماموستا قسەی خویانیان کرد !



**Hakim Hamad** مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٦:٠٩ •

کارێکی دڕندانە و نامرۆڤانەیە, تەنیا لەیاسای دارستان جێگەی دەبێتەوە
ئەوەی لە سنوری هەولێر بەرامبەر هێمن عەبدولخالق کرا, کارێکی ئەو پەری نامرڤانەیە وسوکایەتی بەکۆی مرۆڤایەتی ,ئەم رەفتارانە تەنیا لە یاسای دارستان جێگەی دەبێتەوە.
ئەگەر سیتەمەکە جەنگەلستان نەبوایە دەبوایا ئەوانەی دادگای بکرێن کە ئەو کارە دڕندانەیان ئەنجام داوە .
نەفرەت لەکاری نامرۆڤایەتی ,سەربەرزی بۆکاك هێمن



**Ibrahim Omer** مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٩:١٨ •

پیشمه رگه یه ك.. هاولاتیی یه ك.. پاش ئه وه ی داوای مافی ره وای کرد...
به م شیوه یه ریز له داواو مافه کانی گیرا...!!!
سوکایه تی به سمبولیکی بیروزی ئه م نیشتمانه...ئاماژه یه بو به د ئه خلاقی ئیوه...!
ئه و ده ستانه تان به برین چیت زوله کوردی خاك فروشی میللّه ت کوژ...!!



**Mahdi Abubakir** مع هيمن بنسلاوه. ...
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٤:١٦ •

هاوڕێ گیان؛ خەم مەخۆ دڵنیابە؛ سەری ئاغاکانی سەری رەش
بە تاشراوی دەبینیت



**Kurdo K Ahmed** مع هيمن بنسلاوه. ...
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠١:٢١ •

بە داخەوە ئەوەیە دیموکراسی
کاک هێمن بەهۆی هەڵوێستەکانی بۆ داکۆکی کردن لە مافی
موچەخۆران..بە سەر تاشین پاداشت دەکرێتەوە
زۆر بەداخەوەم بۆ ئەم دەسەڵاتە

**Jabar Muhammad Khrwatani**

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٩:٥٠ •

كوا ئه و كه سه ي ده يكوت خوم به بيشمه ركه ده زانم.....
بيشمه ركه ت له لايه ن حيزبه كه ت ئه تك ده كرئ و تؤش
بئ ده نكي...... بؤ من جياوازي نيه كاك **هيمن بنسلاوه** يي
سه ر به ج حزبيكه كرنك ئه وه يه كورده بيشمه ركه يه.... شه
رمه زاري بؤ ئه نجامده راني ئه و كاره



**Harem Ardalany** مع **هيمن بنسلاوه**. ...

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:١٩ •

برادەرێک ئەیوت منیش پێشمەرگەم ،،،، ئێستا شکۆی ئەم پێشمەرگەیەشکاوە ئایا ئێستا ئەویش هەست ئەکات کەشکۆی خۆی و ئەو ئارامی یەی کەڕیکلامی بۆئەکات شکاوە ؟؟؟؟

لە دیواری هاوریم / یادگار گوڵانی یە وە

**Abdullah Khalid** مع **هيمن بنسلاوه**. ...

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١١:٠٩ •

نیشتمانێك کە کەرامەتی هاوڵاتیانی پارێزراو نەبێت ،هەرگیز نابێت بە نیشتمان!



٨٣

٥ تعليقات • ٥ مشاركات



**Ashraf Jamal**

٥ دقائق تم التعديل

کاکەهێمن بنەسڵاوەییە؟؟
یاخەڵکی یەکێک ! لەکۆریا کانە
ئەوپێشمەرگە قارەمانەیە کەلەکاتی دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان وەک
هەرکەسێکی بەهەڵوێست بۆگەیاندنی ئەو پەیامە
پڕسەربەرزیە کەوتەخۆ وەک هەریەک لەوخەمخۆرانەی کەهەڵگری
پەیامی چاکسازیو دەژەگەندەڵیبون بۆدروست کردنی ژیانێکی باشتر
بۆئەوگەلەخێرلەخۆنەدیوەی کەلەپاش ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ لەدەسەڵاتی
خۆماڵیش نەحەسایەوە.بۆیە سزای سیاسی دەدرێتو لەئەرکی پ .م
دەردەکرێت وە قوتی
ماڵومنداڵی دەبڕێت پاش چەندساڵێک بەهەوڵی بزوتنەوەی گۆڕان
دەگەڕێتەوە سەرکارەکەی بەڵام زۆربەداخەوە دەسەڵاتی کوردی بزێویو
چالاکیوهەڵوێستی مەردانەی ئەم کوڕەهەڵکوتوەی شاری قەڵاومنارەی پێ
ئەزمناکرێ بۆیەهەڵدەکوتنەسەریودەستگیری دەکەن لەپاش ئیهانەیەکی
زۆر قژوبرۆی دەتاشنو لەسنوری دێگەڵە دەری دەکەنو ڕەوانەی سلێمانی
دەکەن لەکاتێکدا هەمووتاکێکی کورد خەون بەدەوڵەتی
یەکپارچەوگەورەی کوردیەوە دەبینێ پاش هەوهەمو ماڵوێرانیەی
بەسەرئەم گەلەداهەتوە تازەبەتازە دەچینەوە (تراکی کۆریای
باکورو،کۆریای باشور).





**Heyrsh Abdulrahman** مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٠:٤٤ •

پارتی بەس بە زمانی خۆی ئەبێت قسەی لەگەڵ بکرێت

ئەمشەو ئاسایشی بنەسڵاوەی پارتی "هێمن عبدالخالق" دەرفێنن لەگەڵ کوڕەکەی، پاش ئەوە ئاسایشی پارتی برۆی دەتاشن و مەکینەیەکی سفر دەدەن لەسەری بۆ ئیهانەو دەیانهێنن لەودیو بازگەی پردێ فڕێیان دەدەن.ناوبراو پێشمەرگە بووە لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە پاش ئەوەی پۆستێك لەسەر موچە دەکات دەیگوازنەوەو پاشان فەسڵی دەکەن، ئەمشەویش ئەو کارە قێزەونەی بەرامبەر ئەنجام دەدەن....



**Hawar Shaswar** مع **هيمن بنسلاوه.** ...

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:٥٥ •

شەرمە بودەستەلاتیک کەداوای سەربەخوی بکات لەسەر
حسابی خوینی بیشمەرگە و ئەوە وەفاکەی بیت بو بیشمەرگە
هەر لەبەر ئەوەی لایەنگری گورانە



**Zhino Muhammad**
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٠:٣٥ •

ڕفاندن لەسەر دەستی بنەماڵە بەردەوامە!!!!!
کاکە هێمن پێشمەرگەیە ماوەیەک بەرلە ئێستادا بۆ جاری دووەم سزای سیاسی درا لەسەر ووتنی ڕاستی و وەستانی لەبەرامبەر ناعەدالەتی و لە دیوانی وەزارەتەوە گوازرایەوە بۆ خانەقین.
بەوەشەوە نەوەستان، ئێوارەی ئەمڕۆ کاکە هێمن لەلایەن مافیاکانەوە لەگەڵ کورەکەی دەڕفێنرێت و بەو شێوەیەی لێدەکەن کەلەوێنەکەدا دیارە!!!!
ئێستا زانیتان بۆ پارتی لە ٢٧/٩ دەترسێت.




تمت إضافة 3 صور جديدة بواسطة **پیشرەو بابەشیخ** — مع **هيمن بنسلاوه**.
٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:٢٨
بۆ دەستور پاریزەکان
هیمن بنەسلاوەیی عیراقیە کەواتە سبەی لە میوانەکەتان پرسیار بکەن و لەو هاولاتیە عیراقیەتان بە جوابوەرن من دلنیام جولەکە بوایە ئیسرائ... متابعة القراءة



تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة **Kaka Nawa Sarkrdai Xaki** — مع **هيمن بنسلاوه.** •••

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٢:١٤ •

هاونیشتیمانیک لە شاری لەندەن، وڵاتی بەریتانیا وەکو ڕێزێک لە پێشمەرگە و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەولێر کاک هیمن بنەسڵاوە، هەستا بە تاشینی سەری بە هەمان شێوەی ئەوەی منالەکانی مەلا مستەفا بەو پێشمەرگەیەیان کرد لەسەر بیر و بۆچونی جیاواز...



أعجبني تعليق مشاركة


Farhang Khalid
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٣:٤٩ • السليمانية •
Paikar Osman
لە دیکتاتۆریەتا یەك سەر هەیە، سەرەکانی تر ئەبێ نەبن، خۆ ئەگەر
بیانەوێ هەبن، ئیتر مسۆگەر بەر شتێك هەر ئەکەون.
ئەمە بەردە، ئەمە دارە، ئەمە مووسە، ئەمە فیشەکە..
دیکتاتۆر کیشەیەکی گەورەی لەگەڵ سەرا هەیە!
چونکە سەر شتێکی تیایە ئەگەر ئیش بکا، دیکتاتۆر لە کار ئەکەوێ.
أعجبني
تعليق
مشاركة

تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة **Hallo Kurdo** — مع **هيمن بنسلاوه**.
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٠:٤١ •

دةبيت بزوتنةوةى كؤران هةلويستى هةبيت بةرامةبةر ئةتك كردنى بيشمةركةيةكى ديرين و هةلسوراويكى ديرينى بزوتنةوى كؤران لةهةولير بابةووردى بةدواداجونى بؤبكا بةبيدةنكى تينةبةرئ دةنا ئيمة وةك بةشيك لة بازنةو رايةلة هةلويستمان دةبيت بةرامبةر بزووتنةوةكةمان (هيمن عبدالخالق)بةشيكى ئيمةية.



أعجبني — تعليق — مشاركة

**Aso Jamali Mukhtar** مع **هيمن بنسلاوه** و**داريوش بوست**.

٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١١:٣٩ •

ئێستا گردی زه رگه ته لەگه ڵ کاک هێمن
که دوێنێ شه و له هه ولێر سه ریان تاشی و ئازاریان
دابوو



تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة **Rabar Akoiy** — مع **هيمن بنسلاوه** في **چوارقورنه**.

٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٠٠:٥٥ ·

لوتکەی بێ ڕەوشتی
له  هەولێر هەڵسوڕاوێکی گۆڕان فرێندراوه
کاک هێمن بنەسڵاوەیی، دوای ئەوەی ئەم ئێوارە لە مەکۆی گۆڕان لەگەڵ کوڕەکەیدا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەلایەن هێزێکی ئاسایشی بنەسڵاوەی پارتی  دەڕفێنرێت و لەو دیو پردێ فڕێدەدرێت. بڕۆو سەریان تاشیوە و ئازاریان داوە.
Ali hama salih



أعجبني · تعليق · مشاركة



تمت إضافة 5 صور جديدة بواسطة **Omed Jalaly Jalalym** — مع **هيمن بنسلاوه**.

٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:٣٩ •

ئافەرین ده وڵه تی کوردی
ده ست خوشي له قايمقامي شاره خوشه ويسته كه م شا
ري جه مجه مال به ڕێزكاك ئامانج محمد و كاكه ره نج كوران
دلسوزي هاوخه مي برا... متابعة القراءة



تمت إضافة 2 صورتين جديدتين بواسطة
**Hama Shera** — مع **هيمن بنسلاوه**.
٢٧ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ٢٠:٥٦ •

روره شي بو او ده سه لاته ي اوا بادا شت بيشمه كه اداته وه
بس له به ر اوه ي  سه ر به حيزبي بنه ما له نه بو



لوتکەی بێ ڕەوشتی لەپێشێلکاری بەرامبەر هەڵسوڕاوێکی گۆڕان ئەنجام
ئەمشەو ئاسایشی بنەسڵاوەی پارتی "هێمن عبدالخالق" دەڕفێنن لەگەڵ
کوڕەکەی، پاش ئەوە ئاسایشی پارتی بڕۆی دەتاشن و مەکینەیەکی سفر
لەسەری بۆ ئیهانەو دەیانهێنن لەودیو بازگەی پردێ فڕێیان دەدەن.
ئاوبراو پێشمەرگە بووە لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە پاش ئەوەی پۆس
لەسەر موچە دەکات دەیگوازنەوەو پاشان فەسڵی دەکەن، ئەمشەویش ئ
قێزەونەی بەرامبەر ئەنجام دەدەن.

وبراو پێشمەرگە بووە لەدیوانی وەزارەتی پێشمەرگە
ش ئەوەی پۆستێك لەسەر موچە دەكات
ێیگوازنەوەو پاشان فەسڵی دەکەن، "لەمشەویش ئەو
رە قێزەونەی بەرامبەر ئەنجام دەدەن" ئەوەش
قسەی پەرلەمانتارەکە.



تمت إضافة 3 صور جديدة بواسطة **Zhino Muhammad**.

٢٨ سبتمبر، ٢٠١٦، الساعة ١٠:١٢ •

هەڵوێستێکی جوان...

ئەوەی دەیبینن لە وێنەکەدا، مۆدێل نییە، کۆیلایەتی نییە، بۆ پارەو پلە و پۆست نییە.

ئەوە؛ وەفایە، ڕێزە، هەڵوێستە.

هەڵوێستی چەند گەنجێکە بڕیاریاندا وەک کاکە هێمن سەری خۆیان سفر بکەن، وەڵامێکە بۆ پارتی و بکەرانی ئەو کارە، بۆ ئەوەی پێیان بڵێن هێمنەکان تەنیا نین.

ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ئەو هەڵوێستە جوانەتان.

سەرشۆڕی و ڕووڕەشی بۆ بکةرانی ئةو کارە.



ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە: حەقی خۆیەتی

## ئەو پێشمەرگەیەی لە هەولێر قژ و برۆی تاشرا شکات لە بارزانی دەکات

ئاژانس

**هێمن بنەسلاوەیی، ئەو پێشمەرگەیەی لە هەولێر سەر و برۆی تاشرا، سکاڵا لەسەر مەسعود بارزانی و مەسروور بارزانی و وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی هەولێر تۆمار دەکات، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت: "حەقی خۆیەتی".**

هێمن بنەسلاوەیی، پێشمەرگە لە فەوجی بەرگریی وەزارەتی پێشمەرگە دووشەممەی ڕابردوو ١١/٢١ لە دادگای سلێمانی، سکاڵای لەسەر هەریەکە لە مەسعود بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی پارتی و مەسروور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش و کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی هەولێر تۆمار کردووە، ئەوەش لە پاش ئەوەی ٩/٢٦ لە هەولێر دەستگیر دەکرێت و دوای تاشینی قژ و برۆی لەو شارە دەرکرا.

هێمن بنەسلاوەیی بە "ئاژانس"ی وت: "لەو کاتەوەی ئەوەی بەسەر من هاتووە وەزارەتی پێشمەرگە و هیچ لایەنێکی ڕەسمی پەیوەندییان پێوە نەکردووم و بەڵگە و ناوی بەشێک لە تۆمەتبارەکانم کۆ کردووەتەوە و داومەتە دادگا".

پێشتر وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو ڕووداوە پێک هێنا بەڵام تا ئێستا دەرەنجامەکەی ئاشکرا نەکراوە.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، بە "ئاژانس"ی ڕاگەیاند: "هیچ شتێک لەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەبەر دەستی مندا نییە و هەواڵگریی وەزارەتمان ڕاسپاردووە تا بزانین هۆکارەکەی چییە نەچووەتە دەوام و ئەوەی بەسەردا هاتووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەچێتە بەردەم وەزیر و با شکاتیش بکات حەقی خۆیەتی".

---

ئاژانس

٢ ڕاپۆرتەهەواڵ

ژمارە ٣٠

## ئەو پێشمەرگەیەی لە هەولێر قژ و برۆی تاشرا فەسڵیش کرا

ئاژانس - ئارا ئیبراهیم

**ئەو پێشمەرگەیەی لە بازگەیەکی هەولێر قژ و برۆی تاشرا لە خزمەتی پێشمەرگایەتی فەسل کرا و لە مانگی یانزەی ساڵی پارەوە مووچەکەی ڕاگیراوە، وەزارەتی پێشمەرگەش ڕایدەگەیەنێت بە پێی یاسای وەزارەت هەر پێشمەرگەیەک ١٥ ڕۆژ دەوام نەکات فەسل دەکرێت، لە ئێستاشدا دۆسیەی ئەو پێشمەرگەیە بۆ پەرلەمانی عێراق بەرز کراوەتەوە و داوای ڕوونکردنەوە لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم کراوە.**

هێمن عەبدولخالق، پێشمەرگەیەکی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، ٢٠١٦/٧/٢٦ لە لایەن چەند کەسێکەوە لە بازگەی پردیی هەولێر قژ و برۆی تاشرا و دواتر ماڵەکەی گواستەوە شاری سلێمانی و وەزارەتی پێشمەرگەش ڕاژەکەی بۆ لیوای ٥ی پێشمەرگە لە خانەقین گواستەوە، بەڵام ناوبراو نەچووە بۆ دەوام و وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت هەر پێشمەرگەیەک ١٥ ڕۆژ دەوام نەکات فەسل دەکرێت و لە مانگی ١١ی ساڵی پارەوە مووچەکەی ڕاگیراوە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر لە وەزارەتی پێشمەرگە لیژنە لەسەر ئەو پێشمەرگەیە پێک هێنرا، بەڵام تا ئێستا ئەو لیژنەیە هیچ دەرئەنجامێکیان ڕانەگەیاندووە.



هێمن عەبدولخالق، ئەو پێشمەرگەیەی لە بازگەی پردێی هەولێر قژ و برۆی تاشرا

هێمن عەبدولخالق، بە "ئاژانس"ی ڕاگەیاند، سکاڵای لەسەر مەسعود بارزانی و مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر و کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆ لە دادگای سلێمانی تۆمار کردووە.

ئەو وتی: "لە مانگی یانزەوە مووچەم وەرنەگرتووە، ویستیان بمنێرن بۆ خانەقین و ترسم هەبووە زیانم پێ بگەیەنن، منیش نەچووم، ئێستا دۆسیەکەم بۆ پەرلەمانی عێراق بەرز کردووەتەوە".

دەربارەی ئەنجامی ئەو لیژنەیەی لە وەزارەت لەسەری پێک هێنراوە سەبارەت بە کەیسی تاشینی قژ و برۆی، هێمن ئاشکرای کرد کاری لیژنەکە وەستاوە و هیچ بەرەوپێشچوونێک نەبووە.

بە پێی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، هەر پێشمەرگەیەک ماوەی ١٥ ڕۆژ دەوام نەکات فەسل دەکرێت، لەبەر ئەوەی هێمن عەبدولخالقیش دەوامی نەکردووە مووچەکەی ڕاگیراوە و لە مانگی ١١ەوە وەری نەگرتووە و فەسل کراوە.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە "ئاژانس"ی وت: "لە ڕووی یاساییەوە و بە پێی دیسپلینی وەزارەت ئەو کەسەی لە وەحدەیەک بۆ وەحدەیەکی تر گوازراییەتەوە و نەچۆبێت بە پێی یاسای پێشمەرگایەتی ١٥ ڕۆژ دەوام نەکات فەسل دەکرێت".

باسی لەوەش کرد با ئەو پێشمەرگەیە بچێت سکاڵا بکات لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە. ئەم لێدوانەی جەبار یاوەر لە کاتێکدایە پێشتر یاوەر بە "ئاژانس"ی ڕاگەیاندبوو کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ئەو پێشمەرگەیە لە وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێندراوە.

دۆسیەی ئەو پێشمەرگەیە ئێستا گەیشتووەتە پەرلەمانی عێراق و لیژنەی مافی مرۆڤی ناو پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوەیان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم کردووە.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، بە "ئاژانس"ی ڕاگەیاند، دۆسیەی ئەو پێشمەرگەیە لای لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی عێراقە و نووسراویان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم کردووە و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان لێ کردوون.

---

ـەسەرد: باڵانس لە نێوان پارتی و گۆڕاندا ڕاگیراوە

...ی دە... ...مەتی هەرێم

# لیژنە لەسەر تاشینی قژ و برۆی پێشمەرگەکە پێک دێت



ئاژانس

**وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پێشمەرگەیە پێک دەهێنێت کە لە بازگەیەکی هەولێر "قژ و برۆ"ی تاشرا، بەڵام ئەو پێشمەرگەیە دەڵێت: "لیژنە بوونی نییە و تەنها بۆ ڕازیکردنی ڕاگەیاندنەکانە".**

هێمن عەبدولخالق، پێشمەرگە لە فەوجی بەرگریی وەزارەتی پێشمەرگە، شەوی ٢٦ی مانگی ئەیلوولی ڕابردوو لە لایەن هێزێکەوە لە هەولێر دەستگیر دەکرێت و دوای تاشینی قژ و برۆی و لێدانی، لە بازگەی پردی ئازادی دەکەن.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، بە "ئاژانس"ی وت: "لە لایەن هەواڵگریی وەزارەتەوە لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی کاک هێمن دروست کراوە و لە ئێستادا لێکۆڵینەوە دەکەن".

وتیشی: "لیژنە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن و تا ئێستا هیچ ئەنجامێکیان پێشکەشی وەزارەت نەکردووە".

هێمن ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنجامدانی ئەو هەڵسوکەوتە لەگەڵیدا لە پاش ئەوە بووە کە پۆستێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کردووە و بە نیاز بووە لە شاری هەولێر خۆپیشاندان بکات.

